سەرچاوە
Serchawe



# بەشێک لە بابەت و دیمانەکانی

# هاوڕێ هەمزە ئاگوشی

-------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

**دیمانەکان ...................... لاپەڕەی ...................... ٥**

**ئەوانەی مێژوویان دروست کرد و تەمەنی خۆیان لە پێناو ئازادیی**


١- عەبدولقادر فەتحیان، ناسراو بە مامە قالە شۆڕش...

٢- چەند ساتێک لەگەڵ دوێنێی حەلیمە ئیسماعیلی پێشمەرگەی دێرین...

٤- دڵۆپێک لە دەریای ژیانی پێشمەرگانەی عەوڵای مام ئاغا...

٥- ئاوڕێک لە ژیان و تێکۆشانی مام قادر مەعرووفی...

٦- ئاوڕێک لە ژیان و تێکۆشانی عوسمان ئەمینی...

٧- تاوێک لەگەڵ کەماڵ گڕوێسی و گەشتێک بەناو کوچە و کۆڵانەکان؟...

٨- ئەوانەی مێژوویان دروست کرد "برایم تارایی،" لە "هەوشینان"ەوە؟...

٩- کەماڵ چاوشینی، ئەو کوڕە کوردەی لایەکی جەستەی بە نیشتیمان بەخشی...

١٠- وچانێک لە هەوشار و پشوویەک لە کوێستانەکانی ماینبلاغ...

١١- سەید لوقمان حوسێنی و هەگبەی ژیانی پێشمەرگایەتی...

١٢- ڕەحمان قوربانی، یادگارێکی بێستوون و هەناسەیەکی کامیاران...

١٣- خالید عەبدوڵڵازادە و رازەکانی "قەندیل" و "بەربنە"...

١٤- رەزا قەباکەندی و تەمەنێک فیداکاری...

١٥- هەڤاڵ ئەحمەدی: "وەک پێشمەرگەیەک ماومەتەوە و کوێی کوردستان پێ...

١٦- (جاویدان) میوانی قەڵا و منارەیە...

١٧- حاسڵ داسە: کوردەکان لە ئێران دەیانهەوێ دان بە پێناسەی نەتەوەییان دا؟...

١٨- خالید عەزیزی: ئەم ڕاپەرینە کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و ڕەفتارەکەی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوە...

## بابەتەکان .................... لاپەڕەی .................... ١٠٢

١٩- زەنگی قوتابخانەکان و سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی...

٢٠- ئاڵا و پێشمەرگە، دووانەیەکی لێک دانەبڕاو...

٢١- هاشم کەریمی مامۆستایەک بۆ هەموو وەرزەکان...

٢٢- یەکی نوامبەر، رۆژی جیهانیی کۆبانی و میداڵێک بە سینەی مێژووەوە...

٢٣- پاڵەوانە کەچەڵ...

٢٤- شێتایەتی "لە ڕوانگەی "فۆکۆ"وە لە چیرۆکی "کەرەشێتە"دا...

٢٥- "مەڕمەڕی پتە"...

٢٦- "ژوانی خودا"...

٢٧- "تۆڵە"...

٢٨- ئەسپێ و باغەڵی پێشمەرگە"...

٢٩- بە بۆنەی کۆچی دوایی نووسەرو چیرۆکنووسی بەتوانا خاتوو "مریەم قازی"یەوە...

٣٠- "بانێک و دوو هەوا"...

٣١- "مەحموودی تایبەت"...

٣٢- "ئەحمەد ئاڵمان"...

٣٣- بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر...

٣٤- گیاندانت خۆش بێ"...

٣٥- کەرە شێتە...

٣٦- "میوانی خودا"...

٣٧- "مەلا"...

٣٨- "مام سێمان"...

٣٩- "ئایشەگوڵ"...

٤٠- "عەوڵا خەوخەو"

٤١- "کەرگێ"

٤٢- "خێڵی چەپڵە"...

٤٣- وەڵامی داواکاری ڕەحمان نەقشی سەبارەت بە چالاکییەکان...

٤٤- "بگەڕێوە کزەی جەرگم"...

٤٥- ئەفغانییەکانی گوندی مە"...

٤٦- "سوێند"...

٤٧- هەمزە ئاگوشی لە چەند دێڕێکدا...

# دیمانەکان

---------------------------------------

## ئەوانەی مێژوویان دروست کرد و تەمەنی خۆیان لە پێناو ئازادیی نەتەوەکەیان دانا



**عەبدولقادر فەتحیان، ناسراو بە مامە قالە شۆڕش**

**هەمزە ئاگوشی: دەکرێ کورتەیەک لەسەر خۆت و شوێنی لەدایکبوون و پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و لاوێتیت بۆ خوێنەرانی بەڕێز بدوێی؟**

**مامە قالە شۆڕش: ناوم عەبدولقادر فەتحیان، ناسراو بە مامە قالە شۆڕش، کوڕی سەلیم، ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی لە گوندی بەلوە-ی ناوچەی بانە و لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندیدا لە دایک بووم. گوندی بەلوە ناوچەیەکی کوێستانییە و ئەکەوێتە نزیک کێوی کەلیخان. تایفەکەمان کە بە بنەماڵەی مرادی، یان وەستاکان ناسراون و نزیک بە ٢٠ بنەماڵە بوون، بە ئەسڵ لە گوندی گوێئاغاجی ناوچەی هەوشارەوە بەرەو ناوچەی بانە هاتوون و بەشێک لە گوندی بەلوە یان لە یوونس خانی حاکمی ئەو کاتی بانە کڕیوە و لەوێ نیشتەجێ بوون و سەرقاڵی کشتوکاڵ و کاری وەرزێری بوون. بە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و شەڕ لە نێوان بنەماڵەکەمان و ئاغا و دەرەبەگەکانی ئەو گوندە لەسەر زەوی زار و پاشان کوژرانی یەکێک لە**

کوڕانی عەشیرەتەکەمان لەلایەن بنەماڵەی ئاغاکانەوە و دوای بەربەرەکانییەکی زۆر، بە ناچار بنەماڵەکەمان ڕوو لە شاری بانە و گوندەکانی دیکە ناوچەی دەکەن و لەوێ نیشتەجێ ئەبن. سەردەمی عەشایەری و پاشاگەردانی بووە و جگە لە خان و ئاغاکان هیچ دەسەڵاتێکی یاسایی و حکومەتی لە ناوچەکەدا نەبووە، هەر بۆیە باوکم کە ناو و ناوبانگێکی زۆری لە ئازایەتی و مێرخاسیدا هەبووە بۆ پاراستنی ئەندامانی عەشیرەت، لای حەمەڕەشید خانی بانە دەبێتە چەکدار.

ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لەگەڵ خاتوو فاتمە سەدری ژیانی هابەشمان پێک هێنا و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەش ٢ کچ و ٢ کوڕ بوو بە ناوەکانی زێنەب و نەزیرە و جەمال و مستەفا. پێویستە لێرەدا سپاسێکی زۆری هاوسەرەکەم فاتمە بکەم کە بە درێژایی تەمەنی ژیانی هاوبەشمان و بەهۆی ئەوەی کە من سەرقاڵی کاری سیاسیی بووم، جا چ دەورانی خەباتی نهێنی و چ سەردەمی خەباتی ئاشکرا و شاخ و تەنانەت لە ژیانی غوربەت و دووره وڵاتیشدا، باشترین و بە ئەمەگترین پشتیوان و پشتگیرم بووە و بە هۆی منەوە نەبوونی و هەژاری و چەرمەسەرییەکی زۆری چێشتووە.

**هەمزە ئاگوشی**: چۆن پێوەندیت بە حیزبی دیموکراتت کوردستانەوە گرت چۆن کاری سیاسیت دەست پێکرد؟

**مامە قالە شۆڕش**: ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی پاش ئەوەی کە ئاگری شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە سەرۆکایەتی پێشوای مەزنی گەلی کورد، پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد هەڵگیرسا، منیش بە هەستکردن بە چەوسانەوەی گەلە بەشخوراوەکەم، هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە لاوانی شاری بانە ڕوومان لە سوپای ڕزگاریخوازیی گەل لە شاری مەهاباد کرد. ئەو سەردەمە کاتی سەرهەڵدان و ڕزگاری گەلان بوو، بۆیە زۆر گرینگ بوو کە کوردیش لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی خۆیدا هەنگاوی بە کردەوە هەڵگرێ، بۆیە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و لە هەمووشی گرینگتر دامەزرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان، ئاگری ڕزگاریخوازی لە دڵی هەر تاکێکی کورددا داگیرساندبوو. هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی گەشتمان بۆ شار مەهاباد و پاش بینینی دەورەیەکی سەرەتایی چەک، لە لەشکری ئازادیخوازیی کوردستاندا سازمان دراین و پاش مانەوەی ٢ مانگ لە مەهاباد، نێردراین بۆ بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی سەردەشت و لە ژێر فەرماندەیی حەمەدی مەولوود و زێڕۆخانی هەرکی دا دەستمان بە بەرگری لە نیشتمان و کۆمارە ساواکەی کرد. هەتا ئەو کاتەی کە سەرهەنگ کلاشی کوژرا و لەشکرەکەی تەفروتوونا کرا، من لەگەڵ بەرزانییەکاندا مامەوە. بیرم دێت کە بەرپرسی ئەو قۆڵەی ئێمە کەسێک بوو بە ناوی عەلی کە کوڕی شێخ حەمە سدیق بارزانیی برای سەرکردەی مێژووی کورد، مەلا مستەفا بارزانی بوو.

بە داخەوە ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی تۆوی ناهۆمێدی لە دڵی گەلدا چاند، بەڵام ئێمە نەک لە حیزب و شۆڕش دانەبڕاین، بەڵکوو بۆ جارێکی دیکە خۆمان سازمان دایەوە و دەستمان بە تێکۆشانی نهێنی کردەوە. ساڵی ١٣٣٧ و پاش خۆ بە دەستەوەدانی سمایل قاسملوو و ئاشکرا بوونی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گیرانی

کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێیانم، بە ناچار ڕووم لە باشووری کوردستان کرد و پەیوەندیم بەو پۆلە تێکۆشەری حیزبەوە کرد کە لە باشووری کوردستان تێکۆشانی ئاشکرایان دەست پێکردبوو. چەندین ساڵ لەوێ مامەوە و پاشان بە بەڕیاری حیزب گەڕامەوە بۆ ناوشار و دیسانەوە بۆ جارێکی دیکە تەشکیلاتی حیزبمان دامەزراندەوە.

کاکە هەمزەی ئازیز ئێمە سویندنخواردووی کۆمار و حیزبی دیموکراتین و هەر بۆیەش نەک هەر من، بەڵکوو هەموو ئەو تێکۆشەر دێرینانەی کە ئەو سەردەمە تەڤلی شۆڕش بوون و بوونە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هیچ حیزب و لایەنێکی دیکە موعتەریف نەبوون و بەردەوام بوون لەسەر خەبات لەو حیزبەدا و تا دوا ساتەکانی ژیان وەفادار ماوین و دەمێنین.

**هەمزە ئاگوشی**: ئەو بەرپرسایەتییانە چی بوون کە لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگانەدا هەتبوون؟

**مامە قالە شۆڕش**: لە سەردەمی خەباتی نهێنیدا بۆ چەندین دەورە ئەندامی کومیتەی شارستانی بانە بووم. پێش ڕووخانی حەمەرەزا شا و لە کاتی خۆپیشاندان و سەرهەڵدانی گەلانی ئێراندا، یەکەمین هێزی چەکدارم لە ناو شاری بانەدا پێکهێنا کە زۆربەیان لە هاوڕێیانی کۆنی حیزبی و خزم و برا و کەسی خۆم بوون. ئەو کاتە هیچ هێزێکی چەکدار لە ناو شاری بانەدا نەبوو و هەر بۆیەش بۆ پشتیوانی سەرهەڵدانی خەڵک بەو هێزە چەکدارەوە چووینە شارەکانی سەقز و سنە و تەنانەت لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیی خۆپیشاندان لە ئێران، داوامان لێکرا کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەرتەشی شا دا بەرەو شاری تەوریز بڕۆین. دوای ڕووخانی حکومەتی حەمەرەزا شای پەهلەوی و دەستپێکی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرەتا وەک بەرپرسی ئاسایشی ناو شاری بانە دەستم بەکار کرد. هەر لەو سەردەمەدا و بە بڕیاری سەرکردایەتی حیزب، هاوڕێ لەگەڵ شەهید سەید ڕەسووڵ بابی گەورە چاوساخیی ئەو هێزەم کرد کە چووین بۆ گرتنی خائین بە گەل و شۆڕش، کوێخا شەریفی کێلەشین کە قاتڵی شەهید سمایلی شەریفزادە و هاوڕێیانی بوو لە گوندی دارێنە، کە پاش شەڕ و تێکهەڵچوونێکی زۆر، سەرئەنجام دەستبەسەرمان کرد و ڕادەستی دادگای شۆڕشمان کرد لە مەهاباد. با ئاماژە بەوەش بکەم کە لە سەردەمی حکومەتی کاتیی بازرگان و شەڕفرۆشیی مەلاکان بە گەلی کورد، بە هاوڕێیەتی کۆمەڵێک خەڵکی شۆڕشگێر خۆمان گەیاندە بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی نەغەدە و شکستمان بە سوپای داگیرکەر بە سەرۆکایەتی مەلا حەسەنی هێنا .

پاش هێرشی دڕندانەی هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و داگیرکرانی شاری بانە، لە شەڕی ناوشار و دەوری پادگانی بانەدا بەشدار بووم و برایەکم شەهید بوو و خۆشم بە هۆی دەستڕێژی هێلیکۆپتەری ڕژیمەوە بە خەستی بریندار بووم. پاش داگیرکردنی ناو شار لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە، کرامە بەرپرسی ناوچەی بلەکێ لەسەر سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاش دوو ساڵ مانەوە، بە بڕیاری حیزبی گوازرامەوە بۆ ناوچەی کیوەڕۆ و تا کاتی گیرانەوەی

ئەو ناوچەیە، پاشان پەرپێوەی ناوچەی ئالانی سەردەشت بووین. ئیتر لەوێوە هیچ بەرپرسایەتییەکی حیزبیم نەما و دوای گیرانەوەی ناوچەی ئالانیش، پەرپێوەی باشووری کوردستان بووین. لە باشووری کوردستان بە هۆی چوونە سەر تەمەن لە لایەن حیزبەوە خانەنشین کرام.

دیارە پێم خۆشە لێرەوە ئاماژە بەوە بکەم کە چ لە ناوچەی ئالان و چ لە باشووری کوردستان، هەموو کات لە خزمەت حیزب و شۆڕشدا بووم و بۆ تاکە ساتێکیش لە حیزب دانەبڕام. پاش ئەوەشی کە خۆم توانای پێشمەرگایەتیم نەما، کوڕەکانم نەیانهێشت سەنگەرەکەم چۆڵ بێت و هەموو کات لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بوون. لە باشووری کوردستانیش بەهۆی سووربوونم لەسەر خەبات و پشتیوانیی هێزی شۆڕشگێڕی کورد لە باشوور، دوو جار ماڵەکەمان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی ڕژیمی بەعسی فاشیت و بە تەواوی تاڵان کراین، بەڵام سەرەڕای نەبوونی و هەژاریشمان، بۆ تاکە ساتێک لە و ویست و داوای ڕەوای خۆم کە ڕزگاری و سەربەستی گەل و وڵاتەکەم بووە، پاشگەز نەبوومەتەوە.

**هەمزە ئاگوشی**: خۆشترین و ناخۆشترین بیرەوەری ڕۆژانی پێشمەرگایەتیت دەبێ چی بێ؟

**مامە قالە شۆڕش**: کاکە هەمزە ژیانی پێشمەرگە زۆر خۆشی و ناخۆشی تێدایە، بەڵام ڕەنگە ناخۆشییەکانی زێدەتر بێت تا خۆشییەکانی. شەهیدبوونی برا و کەسوکار و هاوڕێ نزیکەکانم، دەربەدەری و ماڵوێرانی و دووره وڵاتی، هەوراز و نشێوی ڕێگەی خەبات و کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکانی هەموو دەکرێ وەک خاڵی ناخۆش ناودێر بکرێن، بەلام لە بەر ئەوەی کە ئیمانم بە خەت و ڕێبازی حێزبەکەم و ڕەوایی تێکۆشان لە پێناو ئازادی گەل و وڵاتەکەمدا هەبوو، هەموو ئەو ناخۆشییانە لام شایی و هەڵپەڕکێ بووە.

**هەمزە ئاگوشی**: دوای ئەو هەموو تەمەنە لە شۆڕشدا، ئێستا چ هەستێکت هەیە و چەندە بە داهاتوو و سەرکەوتن خۆشبینی؟

**مامە قالە شۆڕش**: مژدە ئەدەم بە کاک هەمزەی ئازیزم و هەموو گەلی کوردی قارەمان، زۆر گەشبینم و ئاسۆی کورد ڕوونە. هەوری ئاسمانی کوردەواری ڕەویوەتەوە و ئاواتەخوازم کە خوێنی شەهیدان و خەباتی بێوچان و نەپساوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەفیڕۆ نەچێت و بە زووترین کات شاهیدی ڕووخانی حکومەتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەربەخۆیی کوردستان بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## چەند ساتێک لەگەڵ دوێنێی حەلیمە ئیسماعیلی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**هەمزە ئاگوشی**: دەکرێ خۆت بە خوێنەران بناسێنی و باسێک لە سەردەمی منداڵی و تازەلاوێت بکەی؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: من ناوم حەلیمە ئیسماعیلی،یە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گۆندی خەڵیفەی سەر بە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی بەڕاستی دەستکورت لە دایک بووم. کە دەڵێم دەستکورت ئێمە لە ماڵدا تەنیا داهاتی بنەماڵەمان لەسەر شان و پیلی بابم بوو کە ئەویش کرێکارێکی وەرزی بوو و هەرچی بە دەمی پێمەڕە و مەڵەغان پەیدای نەکردبا نەمان بوو، لە دێ دەژیان و ئەویش بە قەول ڕەشایی بووین و خاوەنی هیچ زەوی و زارێک نە بووین. هەتا پۆلی چوارمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەکەمان دەرسم خوێند و پاشان بۆ دەرێژەدانی خوێندەن چوومەتە شاری مهاباد و تا پۆلی دووهەمی ناوەندی واتە ڕاهنمایی خویندوومە و ئیتر بەهۆی ئەوەیکە بابم ٩ منداڵی هەبوو و هەموویان چووکە بوون و منداڵی گەورەیان من بووم، نەمتوانی دەرێژە بە خوێندەن بدەم، ئەویش وەک لە سەرەوە باسم کرد، دەستکورتی بنەماڵەکەمان ڕێگر بوو لەسەر درێژەدان بە خوێندن، دەنا قوتابییەکی زۆر سەرکەوتووو بووم.

**هەمزە ئاگوشی**: چۆن تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووی و چۆن بوو بڕیارت دا وەک ژنێک بێیە مەیدانی خەباتەوە؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: وردە وردە شۆڕشی گەلانی ئێران سەری هەڵدا و ئێمەش وەک هەموو خەڵکی کوردستان بێبەش نەبووین لەو چالاکییانەی کە لە ناو شار و دێهاتەکاندا سەری هەڵدابوو، بەتایبەتی کە من زۆر منداڵ بووم مامم بە ناوی شەهید حەسەن ئیبراهیمی زیندانیی سیاسی بوو و لە چاڵە ڕەشەکانی ساواک و شای گۆڕ بە گۆڕدا زۆری شکەنجە کرابوو. دوای

ئازادبوونیشی هەر لەگەڵ حیزب و پێشمەرگەکاندا بە نهێنی کاریان دەکرد و بە دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری رژێمی ئاخوندی ماڵمان هەر وەک مەقەڕ وابوو. مامم بەردەوام لەگەڵ رێکخستنەکانی حیزبیدا کاری دەکرد و بۆ خۆشی خوێندەواری نەبوو و منداڵی گەورەی ماڵ و تاکە خوێندەواری ماڵ من بووم، بۆیە مامم منی بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵ خۆی دەبرد و بە قەول میرزا بنووسی مامم بووم. وردە وردە چاو و رووم کرایەوە و بە گەڕان و گوێدان و خوێندنەوە زانیم لە دەوروبەری من چی روو دەدا و لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو کە شۆڕش و کوردایەتی لەمێژ بوو ڕیشەی لە ناو بنەماڵەی ئێمەدا داکوتابوو. زۆر جار گوێم لێ دەبوو کە باب و مامەکانم و دەوروبەرم باسی ئەوەیان دەکرد لە زمانی ئاغا و رەعییەتیدا قەت لە کەسیان قبول نەکردووە هەموو کات هەوڵیان داوە سەربەخۆ بژین و بەگژ ستەمکاراندا بێنەوە. زۆر جار شەهید دوکتور قاسملوو هاوڕێیانی دەهاتنەوە ئاوایی خەلیفە و ماڵی ئێمە هەر وەک مەقەڕ وابوو و کۆڕ و کۆبوونەوەیان لێ دەکرد و دەحەسانەوە. بۆ راستیی قسەکانی من بە خۆشییەوە زۆر لەو کەسانە ماوەن کە لەگەڵ کاک دوکتور قاسملوو یا بە تەنیا لەگەڵ پێشمەرگەکاندا لە ماڵی ئێمە دەمانەوە. بۆ نموونە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاک جەلیل گادانی، کاک حوسێن مەدەنی و زۆرێک لە بەرپرسانی باڵای حیزبی. پاش گیرانەوەی شارو گوندەکانی کوردستان لە لایان رژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندییەوە، گوندەکەی ئێمەش یەکێک لەو گوندانە بوو کە کەوتە بەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دوای شەڕێکی قارەمانانە مامم لەگەڵ ١٢ پێشمەرگەی هێزی سمکۆی ئەوکات کە بۆ مەئمورییەتی حیزبی لەو ناوچەیە بوون، شەهید کران و گوندەکەشمان لەگەڵ خاک یەکسان کرا. لە بیرمە مامە حەسەنم واتا شەهید حەسەن ئیبراهیمی لەگەڵ شەهید بابەلەی مینەپور بەیەکەوە هەر بە پشتێنی خۆیان لە ترسی ئەوەیکە نەکەونە دەست جاش و پاستارەکان لە قەبریکدا بە خاک ئەسپیردران.

**هەمزە ئاگوشی**: وەک ژنێک چۆن تێکەڵ بە ژیانی شاخ بووی و لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چالاکییەکانت دەست پێکرد، ئایا هیچ کات هەستت بە جیاوازی کردووە لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانی دیکەت کە زۆربەیان پیاو بوون؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: ئەو رووداوانە لەسەرەوە باسم کردن، بۆ من زۆر ناخۆش بوون، ئەگەر بۆم کرابا خۆم دەکرد بە ئاگر بۆ سووتان و نەمانی دوژمنان، بەتایبەت جاشەکان کە دەستێکی باڵایان هەبوو لەو جینایەتانە و چاوساغی دوژمن بوون بۆ ویرانکردن و قەتلوعامی شار و گوندەکانی کوردستان، ئەوە بوو ئێمەش وەک هەموو خەڵکی ئاوایی ئاوارەی شار و گوندەکانی دەوروبەر بووین و ماڵمان چوو بۆ شاری مهاباد و لەوێ پەیوەندیم بە یەکیەتیی لاوانەوە کرد کە ئەوکات کاک عەزیم ئەفسەر بەرپرسی لاوان بوو لەو شارە. دەستم کرد بە کار و تێکۆشان هەتا ساڵی ٦٣ی هەتاوی کە دوو برا و پێنج ئامۆزا و خاڵم شەهید قادر ئیبراهیمی ناسراو بە قادری شەمێ، لە هێزی ئەفشینی ئەوکاتدا پێشمەرگە بوون، منیش بە رسمی چووم بۆ هێزی ئەفشین و کۆمیتەی نەغەدە کە ئەوکات کاک حەسەن رەستگار بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە

بوو و بووم بە پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە من تازە لاقم عەمەل کرابوو و توانای ریگا رۆیشتنم نەبوو و ئەوکاتیش گوشاری رژیم بۆسەر ئەو ناوچە ئازادکراوانە یەکجار زۆر بوو و دەبوایە ٢٤ سەعاتی شەو رۆژ ئامادە باش بان، بۆ من کە بەهۆی کەوتنەخوارەوەوە هەر دوو لەگەنم لە جێی خۆیان ترازابوون و تازە عەمەل کرابوون، زۆر سەخت بوو، هەر بۆیە لەسەر بڕیاری کۆمیتەی شارستانی نەغەدە ناردرامەوە بۆ مهاباد، بەلام خۆم ئاشکرا نەکرد و هەر لە یەکیەتیی لاوانی مهابادا کار و چالاکییەکانی خۆم دەرێژە پێدا، بەڵام ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە رحیم هەستی پێ کردم و بە ناچار رووم لە ماڵی خزم و کەسان دەکرد و ماوەیەکیش لە ورمێ مامەوە و بۆ ئەوەیکە نەکەومە دەستی رژیم، پاییزی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی دیسان شارم بەجێهێشت و خۆم گەیاندەوە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا ئیتر ئەو جار بە رەسمی بووم بە پێشمەرگە و قەتیش لێی پەشیمان نیم و تەنیا شانازی من لە دنیایەدا ئەوەیە کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بووم و لەو حیزبەدا خزمەتی نەتەوەی خۆمم کردەوە.

**هەمزە ئاگوشی**: دابونەریتەکانی کۆمەڵگا هیچ بەربەستیان بۆ دروست نەدەکردی؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: زۆر جار هەبووە بە هۆی دابونەریتی کۆنەپەرستانەوە تەنگوچەڵەمەمان بۆ دروست بووە، بەڵام من وەک خۆم قەت گوێم پێ نەداوە، چونکە من هەموو کات پێم وابووە ژن دەبێ دوو خەبات بکات، هەم بۆ رزگاریی نەتەوەکەی و هەم بۆ رزگاری خۆی لە دەست دابونەریت و کۆنەپەرستی و چەوسانەوە و بۆ گەیشتن بە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان. من و هەموو ئەو کچانەی کە دەبوون بە پێشمەرگە، لە ناو حیزبدا زۆر کیشەمان بۆ دروست دەبوو چونکە حیزبی دیموکرات هەڵقولاوی ئەو خەڵکە بوو کە زۆر بەستراوە بەو دابونەریت و فەرهەنگە بوون، دەبوو کاری زۆری بۆ بکرێ تا خەڵکەکە حاڵی بکرێن ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە یا ئەویکە ژنیش دەتوانی وەک پیاو سەربەخۆ بێ.

من بۆ خۆم زۆرم باوەڕ بە خۆم هەبوو، هەر بۆیە گوێم بەوە نەدەدا بەوەی کە ژنێکم و لە ریزی شۆڕشدام و زۆر جاریش هەبووە کە ململانیم کردووە بۆ ئەویکە بیسەلمینم ئەگەر ژنان لە پیاوان زۆرتر نەبن، بە دڵنیاییەوە کمتر نین!

**هەمزە ئاگوشی**: دەکرێ باسی چۆنیەتی ئاشنا بوونت لەگەڵ هاوسەری شەهیدت حەسەن پوور خزری بکەی؟

حەسەن هاوڕێ و دۆستی نزیکی براکانم بوو و دوای هاتن بۆ پێشمەرگایەتی بۆ یەکەمجار لە ماڵی ئەبووبەکری برام چاوم پێی کەوت کە ئەوکات ماڵی ئەبووبەکر لە فێرگر بوو و حەسەنیش بە سەردان هاتبووە فێرگە و شوێنی کاری ئەویش لە کوڕی هونەری بوو لە دەوروبەری دەفتەری سیاسی. دو رۆژ لە لای کادرەکانی فێرگەی مایەوە پاشان گەڕایەوە بنکەی

دەفـتەری سیاسـی. منـیش دوای سـە ڕۆژ پـاش گەڕانەوەی حەسـەن بەڕێ کـرام بـۆ دەفـتەری سیاسـی و لەوێ لە مەرکەزی تەلەفۆنی ئۆرگانەکـانی دەفتەری سیاسی لەگەڵ هـاوڕێیەکی دیکەم بە نـاوی ئەویـن دەستمان بە کـار کرد. پەیوەندییـەکی پتەوی خۆشەویستی لە نێوانماندا دروست بوو و دوای کمتر لە ساڵێک واتە ١٣٦٥،٧،١٥ زەماوەنـدمان کرد و بە زەماوەند لە گەڵ حەسەن بەڕاستی هەستم دەکرد خۆشبەختترین ژن بووم. حەسەن کەسێکی زۆر تـایبەت بوو، زۆر تـایبەتمەندی هەبوو کـە وە هیی کـەس نـەدەچوو. هونەرمەنـدێکی زۆر لێهـاتوو و دەنگخۆشێکی لەبـەر دلان و پێشمەرگەیەکی زۆر دڵسۆز بـوو. زۆر لە هاوڕێیانی من و حەسەن شاهیدن بـۆ ئەم قسەیەی من، بـۆ نموونە مامۆستا پـەیمان، کـاک مستەفا ئەمیری، کـاک محەمەد حەریری و هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە من و حەسـەنیان دەناسی. ئەو تـایبەتمەندییانـەی کە لەودا هەبـوو لە هیچ پیاوێکدا تـا ئیستاشی لەگەڵ بێت هەرگیز نەمدیوە. لە نەخۆشیمدا نەخۆش بوو و لە شادیمدا شـاد بـوو! ئەگەر لە جێگـایەک باسێک لە هەر بوارێکدا کرابا، حەتمەن کاریکی دەکرد من بەرێتە نـاو قسە و باسەکانی خۆیـان. زۆر جـار دەیگـوت حەلـیم کاتێک کە تۆ دەبینم شانبەشانی من دانیشتووی قسە دەکەی، گەز گەز بـاڵا دەکەم. هانی دەدام بـۆ هەمـوو چـالاکییەک، قەت نەبوو من جارێک وا بیر بکەمەوە کە ئەوە میردی منە، چونکە هەر وەک هاوڕێیـەک بـووین بەیەکەوە. بـاوەڕ بکەن ئەگەر بە سەدان لاپەڕە بنووسم لەسەر شەهید حەسەن قەترەیەکە لە دەریایەک. سەمەری ژیانی من لەگەڵ حەسـەن ئـاکـام بـوو، واتـە کوڕێکمان بوو بە نـاوی ئـاکام. کاتێک شەوانە هەڵدەستام شیری پێ بدەم، حەسەنیش لەگەڵم هەڵدەستاوە، پـێم دەگـوت تـۆ بۆ هەستاوی؟ دەیگوت هەق نییە من بنووم و تۆ بە تەنیا دانیشی، ئاخر ئەوە هیی هەردووکمانە! زۆر شتی حەسـەنیم زۆر بە لاوە سەیر بوو، هەر بۆیە دەترسام، وامدەزانی ئەمـانەتە و کـاتییە لە لای من، لەوە دەترسـام لە دەستی بـدەم، هەر واش بوو بەداخەوە هەمووی ژیانی من و حەسەن ١٤ مـانگی کیشـا، واتـە لە ١٥. ٧ .٦٥ دا زەماوەنـدمان کرد و لە ١٣ی بەفرانبـاری ساڵی ٦٦دا حەسەن شەهید بوو.

**هەمزە ئاگوشی**: لە چەند دێردا شەهید حەسەن پورخزری چۆن پێناسە دەکەی؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: من نازانم چۆن حەسـەن پێنـاسە بکەم، لە یەک کەلامدا دەڵـێم بەڕاستی ئەوە خەون بـوو یـا دنیـایەکی خەیـاڵی کە خۆا بە منی نیشان دا؟ چونکە بەڕاستی ئەوەی لە حەسەندا دیتم، لە دنیای راستیی پیاواندا هەرگیز نەمدیوە و ناشیبینم.

**هەمزە ئاگوشی**: شەهید حەسەن پورخزری چ کاریگەرییەکی لەسەرت هەبوو؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: کاریگەریی شەهید حەسەن لە سەر من، دەتوانم بڵێم ئەوەندەی لە ژیاندا خۆشی بە من دا، ئەووەندەی

ژیانی فێری من کرد، ئەوەندەش بە شەهیدبوونی ژیانی لی ئەستاندەم، بە مانای وشە هەموو خۆشیی دنیای منی لەگەڵ خۆیدا برد.

**هەمزە ئاگوشی**: جیا لە ژیانی پێشمەرگایەتی، لە چالاکانی بوارەکانی مافی ژنان بوویە و لە یەکیەتی ژنانی دیموکراتیشدا ئەندام و بەرپرسایەتییت هەبووە، دەکرێ هێندێک لەسەر ئەو بابەتەش بۆمان بدوێی؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: لە بواری چالاکیی ژناندا من کە پێم ناوەتە میدانی خەبات لە گەڵ کاک عەبدوڵڵای عێززەتپوور کە ئەوکات بۆ بەشی ژنان دانرابوو کارم کردووە و لەوکاتەوە تا ئیستا لەو یەکیەتییەدا کارم کردەوە چالاکیم هەبووە و ئیستا لە وڵاتی نۆروێژیش یەکێک لەو شەش کەسم کە ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانن.

**هەمزە ئاگوشی**: پێشمەرگایەتی چی پێ بەخشی و چی لێ ئەستاندی؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: پێشمەرگایەتی دەرگایەک بوو بە باوەری من بۆ چوونە ژووری دانیشگایەک کە زۆر کەس خۆی لەوییێدا دەدیتەوە. من یەکیک بووم لەو کەسانە کە زۆر شت فێر بووم. پێشمەرگایەتی فێری کردم چۆن بژیم، چۆن بدوێم. فێری ئەوەی کردین بزانین لە دنیادا و لە دەوروبەری خۆمان چە دەگوزەرێ. فێری گەلدۆستی کردین، فێری فیداکاری و قوربانیدانی کردین. من دەگەڵ ئەوەیکە لە زۆر شتی ژیانی ئاسایی بێبەش بووم و جیا لە شەهیدبوونی حەسەنی هاوسەرم و دوو برام، خانەوادەی دایک و بابم خاوەنی ۲۸ شەهیدین. قەت هەستم بە پەسیمانی نەکردووە لەوەیکە بوومەتە پێشمەرگە تەنیا شانازی من ئەو رابردووەیە کە لە حیزبی دێموکراتدا هەمبووە و تا ئیستاش ئەندام ئەو حیزبەم.

**هەمزە ئاگوشی**: خۆشترین و ناخۆشترین بیرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیت چییە؟

**حەلیمە ئیسماعیلی**: من زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆشم هەیە لە ژیانی پێشمەرگایەتیم دا. ناخۆشەکان وەک شەهیدبوونی براکانم و مام و خاڵ و ئامۆزاکانم و شەهیدبوونی رێبەرانمان بوو، بەڵام ئەوەی کە زۆری تاساندم و قەت فەرامۆشی ناکەم، هەواڵی شەهیدبوونی حەسەنی هاوسەرم بوو. بە لەدەستدانی حەسەن من دنیام لە دەست دا، خۆشییەکانی ژیانم لە دەست دا. هیچ زمانێک توانای گوتن و بەیانی ئەوەی نییە، بەڵام زۆر شتی خۆش و بیرەوەری خۆشیشم لە پێشمەرگایەتیدا هەیە کە خۆشترینیان ئەو رۆژە بوو کە بووک بووم و لە سەر کورسی دانیشتبووم، واتە رۆژی زەماوەندی من و حەسەن کە دوکتور قاسملووی شەهید هات پیرۆزبایی پی گوتین و هەر دووکمانی ماچ کرد، روحی شاد بێ!

**هەمزە ئاگوشی: دوا وتەت بۆ خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەبێ چی بێ؟**

**حەلیمە ئیسماعیلی**: من ١٣ ساڵ دوای شەهیدبوونی حەسەن، مێردم بە هاوسەنگەریکی خۆم بە ناوی یەحیا محەمەدی کردووەتەوە. یەحیا بۆ من هەر هاوسەر نەبووە، بەڕاستی بۆ ئاکامی کوڕم وەک باب وابووە و ئەگەر حەسەن خۆشی مابا هەر ئاوا چاودێری ئاکامی دەکرد، چونکە جێگای بابی بۆ ئەو پڕ کردووەتەوە. لە زۆر بواردا بابی چاک و پشتیوانی بەتواناو مانا بووە. بۆ منیش هاوڕێی رۆژە سەختەکانم بووەو هەیە، هەر بۆیە پێی دەڵێم زۆرم خۆش دەوێ و خوا قەت لەمنت نەستێنێ و هەمووکات ساغ و سلامەت بی، ئەوەیان رێزگرتنێک بوو لەو هەموو فیداکارییەی کە یەحیا بۆ ئێمەی کردووە. دواوتەم بۆ خوێنەرانی بەڕێزیش ئەوەیە وەرن یەکترمان خۆش بوێ! هەوڵ بدەین بۆ یەکڕێزی گەلەکەمان و بۆ نەمانی دووبەرەکی، چونکە تەنیا دوژمنان سوودی لێ دەبینن. لە هەمانکاتدا داوا لە حیزبەکەم حیزبی دێموکرات دەکەم هەوڵ بدات بۆ یەکگرتنەوە، چون ئاواتی هەموو شەهیدان و خەڵکی کوردستانە! یەک داواشم لە خوشکان هەیە بەس بە زیڕ و زیو و جلوبەرگ خۆیان فریو بدەن! خوشکان دەبێ لە دەوروبەری خۆیان بڕوانن و خۆیان بە زانست و زانیاری تەیار بکەن و ئەوە بزانن کە رێگای گەیستن بە بەختیاری و خۆ دەربازکردن لەو دۆخەی تێیدان خۆپێگەیاندن و فێربوونە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

-----------------------------------------------



## دڵۆپێک لە دەریای ژیانی پێشمەرگانەی عەوڵای مام ئاغا



**ئەوانەی مێژوویان دروست کرد و تەمەنی خۆیان لەپێناو ئازادیی نەتەوەکەیان دانا**

**بەکرێگیراوانی رژێم چەندین جار بابمیان خستبووە ناو بۆشکەی بەتاڵی نەوت و لەبەر گەرمای هاوین دایان نابوو یان تەقەیان لە دەوری بۆشکەکەی کردبوو**

**لە شوێنی کاری بنەماڵەکەمان نارنجۆک و مینی تەڵەییان دادەناوە کە دوو جاران بە بابمدا تەقینەوە و زۆر بە سەختی برینداریان کرد**

**هەمزە ئاگوسی**: عەوڵا مام ئاغا کێیە و لە کوێ لەدایک بووە و ژیانی مێرمنداڵی و لاوی بە چییەوە تێپەڕ کردووە؟

**عەوڵای مام ئاغا**: ناوم عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە و ناسراوم بە عەوڵای مام ئاغای، لەساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی، لە گوندی بێورانی خوارێ لە بنەماڵەیەکی جوتیار و زەحمەتکێش لەسەر دەستی مامانێکی خۆماڵی بەناوی ئامۆژنە مریەم لە دایک بووم و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا هەر لە بێوران چوومە قوتابخانە و دەستم بە خوێندن کرد و لە کاتی پشووەکانی قوتابخانەشدا بەپێی توانای خۆم لە مووچە و مەزراکاندا یارمەتی باوکم دەکرد کە تەنیا نانهێنەرەوەی بنەماڵەکەمان بوو. گیا دروین ، کەتیرەکردن و چوونە بەر مەڕو ماڵات بەشێک لەو کارانە بوون کە دەمکردن و هەر لەو گوندەی خۆمان خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد و بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ڕاهنمایی، بۆ درێژەدانی خوێندن چوومە شاری سەردەشت و

هەتا پۆلی سێیەمی ڕاهنمایی دەرسم خوێندووە.

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی بووی؟

**عەوڵای مام ئاغا**: لە کاتی دەستپێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕژیمی پادشایی لە ئێراندا، لە قوتابخانەی ڕاهنمایی کورشی کەبیری ئەو کاتی و شەهیدانی چاردەی ئازەری دوایی دەرسم دەخوێند. کە ڕاپەڕین شارو ناوچەکانی کوردستانیشی گرتووە، لەو کاتەدا کەسێک بە ناوی مەلا باقی کە هەتا سەر ئێسقان دژ بەو ڕژیمە بوو و کابرایەکی ڕەوانی بوو دەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی پشووی قوتابخانەیە، دەهاتە حەوشەی بۆ لای ئێمەی قوتابی و دەستی دەکرد بە دروشمدان بە دژی ڕژیمی گەندەڵی پەهلەوی، ئێمەش بە دووبارەکردنەوەی دروشمەکاکان بە دوایدا دەڕۆیشتن بۆ سەر شەقامەکان و هەتا دەڕۆیشتین ڕێژەی جەماوەر زیاتری دەکرد زۆر جار بە تەقەی هەوایی بڵاوەیان پێدەکردین، بەڵام لە چاردەی ئازەری پەنجاو حەوتدا قەسابخانەیەکیان ساز کرد و خەڵکێکی زۆر شەهید و بریندار بوون. بە دوای ڕووخانی ڕژیمی پادشایی و بە دەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی شارەکان لە لایەن شۆڕاکانی شارەوە، وردە وردە جموجۆڵی سیاسیش پەیدا بوون کە هەتاکو ئەو کاتی ئەمن تەنیا ناوی پێشمەرگەم بیستبوو، ئەویش نەمدەزانی کێن و بۆ پێیان دەڵێن پێشمەرگە، لە حاڵێکدا چەند کەسێک لە خەڵکی بێوران لە ریزی پێشمەرگەکانی باشووری کوردستاندا بوون ، هیچ جۆرە زانیارییەکی دیکەم لەسەر هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نە بوو. ئەوکات لە سەردەشت لە خانوویەکی چوار ژووریدا بووین کە هەر هەموومان خەڵکی بێوران بووین و لەوێ دەرسمان دەخوێند. دوو مامۆستای قوتابخانە کە پێشتریش یەکترمان دەناسی، جار جارە دەهاتنە لامان کە یەکێک لەوان ڕەوان شاد خوسرەوی مەزەفەری بوو ئەوەی دیکەش بە خۆشییەوە هەر لە ژیاندایە و لە ناو خۆی وڵاتە، ئەو دوو مامۆستایە هاتوچۆی ئێمەیان دەکرد و زۆر شەوان هەر لە لای ئێمە دەمانەوە، وردە وردە بە گوێی ئێمەیاندا چرپاند و کورد گوتەنی سەری خۆمان دەو قاڵمە قاڵ مەی ڕۆکرد کە ئێستاش دەیبێوین و لەو کاتە بەدواوە چوومە ناوی دنیای سیاسەت و کوردایەتی و قۆلم لێ هەڵمالی.

**هەمزە ئاگوسی**: پێت وایە هۆکارەکەی چی بوو کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکەکەی گوندی ئێوە واتە بێوران تێکەڵ بە حیزبی دێموکرات و ژیانی پێشمەرگایەتی و سیاسی بوون؟

**عەوڵای مام ئاغا**: بە هۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی گوندەکەمان کە هاوسنوورە دەگەڵ سنووری دەستکردی باشووری کوردستان، تێکەڵاویی خەڵکی قەڵادزێ و هێرۆ و گوندەکانی ئەو بنارە، یەکێک لە هۆکارەکان بووە. دووهەم ئەوەیە کە بێوران هەر لە زەمانی ڕەزاشاوە هەتاکو ئێستا بێ پێشمەرگە نەبووە، هەمیشە چەند کەسێک لە شاخ و ئاوارەییدا ژیانیان

بەسەر بردووە، بۆ نموونە دەتوانم ناوی جەند کەسێک بێنم کە کاتی خۆی خواردن و خەویان لە چاوی داگیرکەران لەم ناوچەیە حەرام کردووە، وەک خوا لێی خۆش بێت مام شێخ عەبدوڵڵای سلیمانی، مام ڕۆستەم محەممەد پوور، مام وەتمانی حەسەن پوور، سێمانا ئاغا و زۆر کەسی دیکەش کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لە یاد نییە. هەروەها لە زەمانی شای گۆڕکراویشدا ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی بێوران لە ریزی پێشمەرگەکانی باشووری کوردستاندا خزمەتیان دەکرد وەک شەهید حەمەدەمینی مەلا عەزیزی کە فەرماندەری کەرتێکی پێشمەرگە بوو لەوێ، ئەوانەو زۆر هۆکاری دیکە وەک باوەر بە ڕەزگاریی و دیتنی زەخت و فشارێکی زۆر لە سەر نەتەوەکەمان.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیت لە کوێوە دەست پێکرد؟

**عەولای مام ئاغا**: لە زستانی ساڵی ١٣٥٨ دا بە ڕەسمی بوومە پێشمەرگە و لە دەستەی زەربەت بە فەرماندەیی شەهید حەمەدەمین مەلا عەزیزی دەستم دایە خەباتی سیاسی و نیزامی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەماندا. سێ جار بە سووکی بریندار کراوم و لە زۆربەی هەرەزۆری شەڕەکانی ناوچەی سەردەشتدا بەشداریم کردووە و زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوم، وەک ناوچەکانی ورمێ، شنۆ، پیرانشار، بانە، سەرشیوی سەقز. لە بەهاری ساڵی ١٣٦٢ ڕژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەرمان و بەداخەوە ئێمەش بە ناچاری بۆ دیوی باشووری کوردستان واتە هێرۆ و باوەزێ پاشەکشەمان کرد، زۆر بە داخەوە هەر لەو شەڕەدا فەرماندەری دەستەکەمان کاک حەمەدەمین مەلا عەزیزی شەهید بوو و چاردە پێشمەرگەشمان بریندار بوون.

**هەمزە ئاگوسی**: بەرپرسان و فەرماندەرانی ئەو کاتی ئەو هێزە کێ بوون؟

**عەولای مام ئاغا**: ئەوەی ڕاستی بێت لە سەرەتادا شتەکان هەر کەسە بەپێی سەلیقەی خۆی کاری دەکرد، سازماندەییەکی ڕێکخراو نەبوو، ماوەیەک بە شێوەی ستاد ئەو ناوچەیە بەرێوە دەچوو و کەسێک بە ناوی سەرداری ئەحمەد هەرمێ وەک بەرپرس دیاری کرابوو. لە دوای ئەو، کاک کەریم حەداد کرا بە فەرماندەری هێزی ١١ی شەهید موعینی کە بەداخەوە ئەویش خوێندەواری نەبوو، بەدوای ئەودا شۆڕش ئەحمەد ناوێک کرایە فەرماندەری هێز. ناوبراو دەرەجەدارێکی ئەرتەشی بوو لە زەمانی شادا کە دوایی خۆی تەسلیم بە کۆماری ئیسلامی کردەوە. بە دوای ئەودا کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی کرایە فەرماندەری هێز کە ناوبراو لە کارەکەیدا زۆر سەرکەوتوو بوو، هێز گروتینێکی باشی بە خۆوە گرت، بەداخەوە ئەویش کەوتە بەر پلاماری تیرۆریستی و کەم ئەندام بوو. لە سەرەتادا هێزەکەمان لە سێ لک پێک هاتبوو، لکی ١ لە ناوچەی بوڵفەت، لکی ٢ لە بەری ڕەبەت، لکی ٣ لە ناوچەی بازاڕ و ئالان و لە ئاخیرییەکانیشدا لکی٤ یش کرایەوە و شوێنی

کاری ئەوانیش باژاڕ و باسکی کوڵەسەی بوو، کە بە هۆی ئاڵوگۆڕی فەرماندەکان لە کارەکانیاندا لە ناوهێنانی ئەوان خۆم دەبوێرم، جێگر هێزەکانیش شەهید فەقێ رەسووڵ، شەهید میرزا عەوڵاَی نێشکۆلان، خوالێخۆش بوو محەممەدی حاجی رەسووی کە کۆماری ئیسلامی لە دوای تەسلیمبوونەوەی ئیعدامی کرد.

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن قۆناغەکانی پێشمەرگایەتیت بڕی و ئەو بەرپرسایەتییانە چی بوون کە هەتبوو؟

**عەوڵای مام ئاغا**: لە کاتی پێشمەرگایەتیمدا لە دەستەی زەربەت، بەهۆی ئەوەی شەهید حەمەدەمین بەداخەوە لە بەهرەی خوێندن و نووسین بێبەش بوو، ئەمن هەمیشە لە خزمەتی ئەو شەهیدەدا بووم وەک کاتب و باوەڕپێکراوی ئەو، کارم دەگەڵ دەکرد. بە دوای شەهیدبوونی ناوبراودا و گێرانەوەی ناوچە واتە ساڵی ٦٢، بوومە جێگری پەل و بەرپرسی ماڵیی دەستەی چواری شەهید کاوە مارەغانی لە لکی سێ، وەک مامۆستاش دەرسم بە پێشمەرگە نەخوێندەوارەکان دەگوت و ئەو دەورانە هەتا ساڵی ١٣٦٥ درێژەیان کێشا. لە هاوینی ساڵی ١٣٦٥ لە لایەن کۆمیتەی شارستانی سەردەشتەوە نێردرام بۆ دەورەی دەرمانی و دوای ئەوەی کە دەورەکەم بەسەر کەوتوویی کۆتایی پێ هات ، گەڕامەوە بۆ هێز و بوومە کادری دەرمانیی لکی چوار لە هێزی گیارەنگ. لە ساڵی ١٣٦٧ چوومە دەورەی سیاسی - تەشکیلاتی و بە دوای تەواوبوونی دەورەکەم بوومە کادری تەشکیلاتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت. بە دوای ئەودا بوومە ئەندامی کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی باژاڕ. لە ساڵی ١٣٧٦ چومە دەورەی حیسابداری و بە دوای تەواوبوونی ئەو دەورەیەشدا بوومە حیسابداری کۆمیتەی وەرگرتنی پێشمەرگە. ئاخرین کارم حیسابداریی خەدەماتی گشتیی حیزب بوو هەتا کاتی پاکانە حیسابم لە ئەرکی تەواووەختم لە پێشمەرگایەتی.

**هەمزە ئاگوسی**: ئێوە دوو برا لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا بوون، ئەو زەختی دروست نەکردبوو بۆسەر ژیانی بنەماڵەکەتان؟

**عەوڵای مام ئاغا**: بەڵێ کاک گیان بەدڵنیاییەوە زەختێکی یەکجار زۆر و گەورەی بۆ بنەماڵەکەمان دروست کردبوو. هەر کاتێک من یان محەممەدی برام دەچووینەوە بۆ ناوخۆ، بەکرێگیراوانی خۆماڵی لە پێناو بارەقەڵایەکدا خۆیان دەگەیاندە ئاغاکانیان و هەواڵی چوونی ئێمەیان پێدەدان، جاشە خۆفرۆشەکان وێڕای پاستارە داگیرکەرەکان دەچوونە سەر بنەماڵەکەمان و ئەوەی بێڕێزی بوو پێیان دەکردن و بابمیان دەگەڵ خۆیان دەبردو هەموو جارێ بە نیوە مردوویی دەیان ناردەوە. چەندین جار خستبوویانە ناو بۆشکەی بەتاڵی نەوت و لەبەر گەرمای هاوین دایان نابوو یان تەقەیان لە دەوری بۆشکەکەی کردبوو. ئاخیرەکەی کە نەیانتوانی لەم ڕێگایەدا هیچ سەرکەوتنێک بە دەست بێنن، ئەو جار لە بێورانیان

دەرکردن و هەرچی پێناسەی ئێرانی کە هەیانبوون لێیا ئەستاندنەوە. چەندین جار لە شوێنی کاری بنەماڵەکەمان نارنجۆک و مینی تەڵەییان دادەناوە کە دوو جاران بە بابمدا تەقینەوە و زۆر بە سەختی برینداریان کرد. هەموو جارێ لە مردن دەگەڕایەوە، ئەو خانوویەی کە لەسەر مووچەکەمان بوو، ئیتر هیچ کەس تازە نەیوێرا بچێتەوە ناوی و بەسەریەکدا ڕووخاوەو بووەتە وێرانەیەک.

**هەمزە ئاگوسی**: پێشمەرگایەتی چی پێ بەخشی و چی لێ ئەستاندی؟

**عەوڵای مام ئاغا**: ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر شتی بە نرخی پێ بەخشیوم، بۆ من وەک زانکۆیەک بوو و فێری زۆر شتی باش بووم و زۆر کەسی باش و هاوڕیی زۆر بە وەفا و گیانی گیانیم دۆزینەوە. شارەزای زۆر شوێن بووم، خۆشەویستی بە ژیان بە ئاو و خاکی پێ بەخشیم و هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی کەمم بە خاک و نیشتیمانەکەم کردبێت. پێشمەرگایەتی نازانم دەبێ بۆ شتم لێ بستێنێت؟ بۆ خۆم بە ویستی خۆم ئەم ڕێگایەم هەڵبژاردووە، دیارە کەندو کۆسپ زۆر بوون، نەبوونی، تینوویەتی و برسییەتی و ئاوارەیی، بەڵام هەموویان میداڵی شانازین بۆ من، چونکە لە پێناوی خاک و نەتەوەکەمدا کردوومن و چێشتوومن و لێشیان پەشیمان نیم و خۆزگە بمتوانیبا زیاتر خزمەت بکەم.

**هەمزە ئاگوسی**: خۆشترین و ناخۆشترین بیرەوەریی ژیانی پێشمەرگایەتیت چی بووە؟

**عەوڵای مام ئاغا**: بە هەموو سەرکەوتنەکانی گەلی کورد لە هەر شوێنێکی کوردستان بایە زۆر خۆشحاڵ دەبووم و دەبم، ڕزگارکرانی باشووری کوردستانم بە هەموو کەموکۆڕییەکانەوە زۆر بە لاوە خۆشە. کاتێک کە هاوڕێیەکی پێشمەرگەمان بریندار دەبوو و نەماندەتوانی هیچی لێ بکەین و دەبوو سەیرمان کردبا هەتا بەیەک جاری ماڵئاوایی لێ دەکردین و دووری لە ئازیزانم ناخۆشترین کاتەکانی ژیانم بوون.

**هەمزە ئاگوسی**: حەز دەکەی دوایین وتەت بۆ خوێنەران چی بێ؟

**عەوڵای مام ئاغا**: لە کۆتاییدا پێویستە سوپاس و ڕێزی خۆم ئاڕاستەی هەموو ئەو خۆشەویستانە بکەم کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا هاوکارو یارمەتیدەرم بوون، سڵاو دەنێرم بۆ بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی کوردستان، دەڵێم با هەمووما‌ن بە یەک هەڵوێست بۆ یەک ئامانج کە ئەویش ڕزگاریی نەتەوەکەمانە، بە دوور لە هەموو بیروباوڕێکی جیاوازی حیزبی و ئایینی با ڕێز لە یەکتر بگرین دەست لە ناو دەست بەرەو سەرکەوتن هەنگاو هەڵگرین.

پێم خۆشە لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێم کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١، دەگەڵ کچە کوردێک بە ناوی ئیقباڵ یەزدانپەرست ژیانی هاوبەشمان پێک هێناو خاوەنی دوو منداڵین بە ناوەکانی ژیار و ژینۆ. پێویستە بگوترێ بنەماڵەی هاوسەرەکەسم هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە زێدی خۆیان واتە مارەغانیان بە جێ هێشتووەو لە پەنا بنکەکانی پێشمەرگە گریساونەتەوە و برایەکی بە ناوی زورار یەزدانپەرست لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبدا شەهید بووە و سێ برای دیکەشی لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبدا درێژەدەری ڕێبازی برای شەهیدیان بوون. لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا ئێقباڵ پشتیوانێکی زۆر باش بوو بۆم و تاڵی و ناخۆشیی زۆری تەحەموول کردووە و لە پێگەیاندنی منداڵەکاندا دەوری ئەساسی گێڕاوە و ئەرکی قورسی لەسەر شان بووە، بۆیە زۆر سوپاسی دەکەم و ڕێز لە زەحمەتەکانی دەگرم و لەشساغی بۆ بە ئاوات دەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

-----------------------------------------------



## ئاوڕێک لە ژیان و تێکۆشانی مام قادر مەعرووفی



**پێشمەرگایەتی جیا لەوەی تاڵی و سوێریت پێ دەبەخشێ، خۆڕاگری و شانازیشت پێ دەبەخشێ**

**دڵسۆزی و ماندوونەناسیی خێزانم و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی منداڵەکانم وایکردووە، بەو ئیمکاناتە کەمەی حیزب خستبوویە بەر دەستیان، خۆیان پێ بگەیەنن**

**هەمزە ئاگوسی**: حەز دەکەین بزانین مام قادر مەعرووفی کێیە و لە کوێ لە دایک بووە و پێش دەستپێکی ژیانی سیاسی، بە چییەوە خەریک بوو؟

**مام قادر مەعرووفی**: من قادر مەعرووفی کوڕی حەسەن، وەک لە منداڵیمەوە پێیان گوتووم مام قادر، ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە گوندی گەنەداری مامەشان، لە ناوچەی لاجانی پیرانشار (خانێ) لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە دایک بوومە. هەتا کاتی پێشمەرگایەتیم هەر لەو دێیە ژیاوم و بە کار و کاسبی خەریک بوومە.

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن و لە ڕێگای کێیەوە تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و حیزبایەتی بووی؟

**مام قادر مەعرووفی**: پێش ئەوەی بچمە سەر ئەسڵی وەڵامەکەت، پێم خۆشە کەمێک بۆ دواوەتر و بۆ تەمەنی مێرمنداڵیم وەگەڕێم. ئەگەر باشم لە بیر مابێ، تەمەنم لە نێوان ١٠ - ١٢ ساڵاندا بوو، کابرایەک بە نێوی سەید خدری گردەگۆرانی هاتە ماڵمان. بابم بە سەفەر چووبوو، دوای کەمێک دانیشتن، کاغەزێکی لەبەر پشتێنی هێنا دەر و دایە برا گەورەکەم و پێی گوت، ئەگەر باوکت هاتەوە ئەو کاغەزەی بدەیە و بڵێ "چاوبادامی" لە لای حاجی مارف ئاغای درەبکەی ڕا هێناویتی.

ئەو کات ژاندارم ئەرکی هێنـان و بردنـی نـامەی دەوڵەتی لە ئەستۆ بـوو. یەکەم جـار بـوو دەمدیت بـابم لە لایەن کەسێکی ناسیاوییەوە کاغەزێکی بۆ بێ کە لە خەڵکە و کاربەدەستی تۆقێنەری دەوڵەتی نەبێ.

بەرەبەرە کە باوخۆشتر دەبووم، باوکم زۆربەی جاران کە بۆ شت کڕین دەچووە خانێ، منی دەگەڵ خۆی دەبرد. لەوێ لە گەڵ دۆست و ناسیاوەکانی وەک: مراد ڕەسوو و حاسڵی عەلی لەیلانی، سەید مەستەفای تەهازادە (سەید مستەفای ناڵبەند)، مەلا سەید عەوڵای نمنجێ، مستەفای سۆفی تەها... دادەنیشت. ئەوان باسی زۆر شتیان دەکرد، بۆ من نـامۆ بـوون، زۆر کەم دەنا لێیان تێنەدەگەیشتم. دۆستایەتی کۆنمان لەگەڵ بنەماڵەی عەلی لەیلانی هەبـوو و ڕەنگە هەر بە ڕێگـای ئەوانیشەوە، باوکم لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەسەرەوە نێوم هێنـان و زۆری دیکەش کە نێویـانم لەبیـر نەمـاون، ناسیاوی پەیدا کردبـوو. ساڵی ٤٢ی هەتاوی - ئەگەر ڕاستم لە بیر مابێ - خەڵکێکی یەکجار زۆر لە ناوچە هەڵاتن و وەک لەنێو خەڵک داکەوتبـوو، ئەوان بـۆ کوردستانی گەرمێن هەڵاتـن و خەڵکێکی یەکجـار زۆریش گیـران. مـراد ڕەسـوو و مـراد حاسڵ و مەلا سەید عەوڵا هەڵاتـن. ئەو دەنگـدانەوەیەکی گەورەی لـێ کەوتەوە و ئەو جـار خەڵـک بە ورد و درشـتەوە دەیـانزانی چ ڕووی داوە و ئەوە خەڵکەش سەر بە حیزبی دێموکراتن. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی لێ دەرکەی، ئێمە مانان کە تەمەنێکی زۆرمان نەبـوو و خەڵکیش بە گشتی پێیـان وابـوو، بە هەر دووک بەشی گەرمێن و کوێستان تەنیـا حیزبێکی دێموکرات هەیە. بە دوای ئەو ڕووداوە بۆم دەرکەوت، باوکم لەگەڵ ئەو خەڵکەی لە خانێ سەری دەدان، باسی چی دەکرد. هەرچەنـد بـۆم ڕوون نەبـووەوە، بـابم پێوەنـدی بە حیزبـەوە هەبـووبێ یـان نـا، بەڵام ئەو جـۆرە تێکەڵاویـیەی لەگەڵ ئەنـدامانی حیـزب، بیـری منـی بە ڕووداوەکانی ئەو کاتی جووڵانەوەوە خەریک کردبوو..

زستانی ٤٦ی هەتـاوی، تیمێک لە پێشمەرگەکان لەگەڵ شەهید مراد شیرێژ هاتنە ماڵە ئێمە. مراد شیرێژ بەرپرسیان بـوو. سولەیمان کەرقەشانیش لەگەڵیـان بـوو. پێشتر مـاڵە سولەیمان کەرقەشـان لە دێی ئێمە بـوون و ئەوم زۆر چـاک دەناسی. حەمەدەمینی ڕوو بەخاڵ، مەحمودی مامەندی، عەبدوڵڵای مەعرووفی و چەند پێشمەرگەی دیکەش لە گەڵیان بوون. بۆ کار و باری ڕێکخستن هاتبوون، کاریان بۆ ئەوە دەکرد خەڵک بۆ وەلاتانی کیشە و ناکۆکییەکانیان پەنا بۆ ژاندارم نەبەن و لەنێو خۆیاندا کێشەکان چارەسەر بکەن. مەلا خدر، مەلای ئاوەدانی ئاوری نێوان ناخۆشی لەنێو خەڵکدا دەبووژاندەوە. دوو کەس لە دێ، مراد شیرێژیان لەو کارەی مەلا خدر ئاگادار کردبووەوە. مراد نیزیکەی سەعات و نیوێک چووە دەرەوە و لە نـزیکەوە بە توندی مەلا خدری لە چاندنی تۆوی دووبەرەکی ئاگادار کردبووەوە. پاش نانخواردنی شەو ڕۆیشتن. سـاڵی دواتـر، سەید فەتـاح حوسێنی و عەوڵای مامەندی لە کوردستانی گەرمێن ڕا هاتبوونەوە. هاتنە گەنەداری. دوو ڕۆژ لە مـاڵە ئێمە مانەوە. عەوڵای مامەندی گوتی، مام قادر پێیان وتووم تۆ دەبێ لە "گردەگۆرانی" ڕا هەتـا "زەنگیاوێ" کاروبـارەکان وە ئەستۆ بگری. سـاڵی ٤٧ تەرمی کـاک سولەیمان موعینی، مەلا مەحمود زەنگەنەیـان هێنـایەوە خـانێ و پێشتریش تەرمی شەهیدەکانیان

دەهێنـایەوە بـۆ خـانێ. جموجـۆڵی پێشمەرگە، دانـی شـەهید و زۆڵـم و زۆریـی دامودەزگـای دەوڵەتـی، حیزبـی دێمـوکرات و شۆڕشیان بە خەڵک ناساند. بە داخەوە ئەو شۆڕشە تێکشکا، دەنا هەر لەو ناوچەیەی ئیمە سەدانی وەک من ئامادە دەبوون ئەرکی زۆر قورستر لەوە وەئەستۆ بگرن.

لە پاش ڕووخانی پاشایەتی، ساڵی ٥٨ کە حیزب تێکۆشانی ئاشکرای دەست پێکرد و شانەکانی حیزب زیندوو بوونەوە، یەکێک لەو کەسانە بـووم داوای ئەنـدامەتیم لە کـۆمیتەی حیـزب لە خـانێ کـرد و بە جـۆرە ڕاستەوخۆ بـووم بە ئەنـدامی تەشکیلاتی حیزب.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەدی ئەو قۆناغەت هەتا کاتی بوون بە پێشمەرگەت چۆن تێپەڕاند و لەگەڵ کێ کارت کردووە؟

**مام قادر مەعرووفی**: لە ساڵی ٦٢ەوە وەک ئەندامی نێوخۆی حیـزب، ڕابیتـی نێـوان کـۆمیتەی شارستان و کۆمیتەی نێـو شـار بـووم. هێنـدێک لەو هاوڕێیـانە نـاکرێ نێویـان بەرم، بەڵام لەگەڵ شـەهیدان: ئەبـووبەکری ئـازەربەرز کە سەردەسـتەی پێشمەرگەکانی نێو شار بوو و لە زیندانی ڕێژیمدا کۆتـایی بە ژیـانی خـۆی هێنـا، لەگەڵ کـاک سـەید مستەفای حوسێنی کە ئەویش لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لە دەست دا، کارم کـردووە. لەگەڵ بەرپرسـانی کـۆمیتەی پیرانشـار، نەمران: کـاک سـەید ڕەسووڵی بـابی گەورە، کـاک نەبـی قـادری، کـاک قـادر ئیفتخـاری، کـاک هەمـزە بێهنـام، کـاک حەسـۆی عەلیپـور، ڕەحیم مەحموودی و کاک ڕەحمان سۆفی زادە، کاک سەدیق بابایی، کاک عەبدوڵا ئیبراهیمی، کاک سەید ڕەسووڵ سـەید ئەحمەدی و کاک ئەبووبەکر قەدیکورد کارم کردووە. سەر بە کۆمیتەی نـاوچەی پیـران بـووم و ئەو کۆمیتەیەش منی بە کـاک عەبـدوڵڵا ئیبراهیمی و کاک ڕەحمان سۆفی زادە بـۆ کـاری تەشکیلاتی نێـو شـار ناسـاند. شـەهید ڕەحمـان سۆفی زادە هەمـوو جـارێ کە دەیناردم بۆ نێو شاری، لەتکە بیست تمەنـی یـان دە تمەنی دەدامێ و دەینـاردم بـۆ لای ئەو ئەنـدامانەی کە پێشتر لەتـکە پووڵەکەی دیکەی دابوونێ.

زستانی ساڵی٦٨ی هەتاوی، هەستم دەکرد خراومەتە ژێر چاوەدێری. ڕەحمەتی، خەجێ قۆڕەغچی و دۆستێکی دیکە زۆر جـار سـەبارەت بـە کەسـێک کـە بە داخەوە خیـانەتی کـرد و خەڵکیش چـاک دەیناسـن و ئـەو دەم بـە ڕواڵـەت کـاری تەشکیلاتی نێوخۆیی دەرکرد، وریایان دەکردمەوە. دەمزانی ئەو کەسە منـی بە ئیتلاعـات ناسـاندووە و خـراومەتە ژێـر چـاوەدێری. ئەو کەسەش لەگەڵ شەهید سولەیمان ڕەسوڵزادە کادری کۆمیتە شارستانی پیرانشار کاری دەکرد.

٢ی پوشپەڕی ساڵی ٦٩، کاک سولەیمان هاتە لای من و شەو و ڕۆژێک لە ماڵە من مایەوە. یەکەم جار بوو کاک سولەیمانم

دەدیت. بە ڕاشکاوی پێمگوت کە من باوەڕم بەو کەسە نییە و تۆش دەبێ ئاگات لە خۆ بێ. بەداخەوە دوای سێ حەوتوو، لە گوندی کێلێ - بەلەبان، کاک سولەیمان لەگەڵ ڕەحیم بەرشان کەوتنە داوی خیانەتی ئەو کەسە و شەهید کران. منیش یا دەبوو خۆم بۆ ئەشکەنجەی بێسنووری دەوڵەتی ئامادە بکەم ، یان نێوی ئەندامانی حیزب هەڵدەم. بۆیە ڕێگەی هەڵاتنم گرتە بەر.

**هەمزە ئاگوسی**: ئایا بۆ تۆ کە تەمەنێکت تێپەڕ کردبوو و خاوەنی ماڵ و منداڵ بووی، ئەوە بڕیارێکی قورس نەبوو؟

**مام قادر مەعرووفی**: دەتوانم بڵێم، ئەو بڕیارە، بڕیارێکی قورس بوو. ڕەنگە بۆ من کە ئەو کات تەمەنم چل و چەند ساڵێک بوو، یا دەبوو بەرگەی ئەشکەنجە و ئاکامەکانی بگرم، یان دەنا نێوی زۆر ئەندام هەڵدەم. دیسان، منداڵەکانیشم کە ئەو کات خەریکی دەرس و خوێندن بوون، هەڵقەندنیان لەو ژیانە، بڕیارێکی قورس بوو و دەبوو ئەو بڕیارەشم دابا. ئێستا دەزانم وێڕای قورسییەکەی، بڕیارێکی بە جێم داوە.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەرکی پێشمەرگانەت لە کام ئۆرگانەوە دەست پێکرد؟

**مام قادر مەعرووفی**: ئەرکی پێشمەرگایەتیم لە مەڵبەندی سپی سەنگ و لە گومرگی قەندیل دەست پێکرد. دوو ساڵ لە مەڵبەندی سپی سەنگ مامەوە. دواتر لە هێزی پارێزگاری و دواتریش لە تەداروکاتی حیزب ئەرکی پێشمەرگایەتیم بە جێ گەیاندووە.

**هەمزە ئاگوسی**: وێڕای ئەرکی پێشمەرگانە، ئەرکی پێگەیاندنی منداڵەکانیشت لەسەر شان بوو، بەو ئیمکاناتە کەمەی لەبەر دەستتدا بوو، چۆن توانیت پارسەنگێکی بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانت دروست بکەی؟

دڵسۆزی و ماندوونەناسیی خێزانم و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی منداڵەکانم وایکردووە، بەو ئیمکاناتە کەمەی حیزب خستبوویە بەر دەستیان، خۆیان پێ بگەیەنن.

**هەمزە ئاگوسی**: پێشمەرگایەتی چی پێ بەخشی و چی لێ ئەستاندووی؟

**مام قادر مەعرووفی**: پێشمەرگایەتی جیا لەوەی تاڵی و سوێریت پێ دەبەخشێ، خۆڕاگری و شانازیشت پێ دەبەخشێ. بۆ

نموونە ٧ ساڵ لە تورکیە ماوینەوە، بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دیکە، من و ئەوانەش کە پێشمەرگە نەباین بەرگەی سەختی و تاڵییەکانی تەمەنێک مانەوە لەو وڵاتەمان نەدەگرت. سەربەرزیشم بە ڕابردووی خۆم..

**هەمزە ئاگوسی**: قەت وا هەبووە، ئەرکێکت پێ بسپێرن و نەتوانی ڕایپەڕێنی؟

**مام قادر مەعرووفی**: نەخێر نەبووە. ئەرکەکەم ئەوەندە قورس نەبووە، پێم نەکرێ. ئەوەی پێم ئەسپێردراوە رامپەڕاندووە

**هەمزە ئاگوسی**: ئایا پێشمەرگایەتی تەمەن دەناسێ؟


**مام قادر مەعرووفی**: وەک جموجۆڵ و کاری عەمەلی، بەڵێ پێشمەرگایەتی تەمەن دەناسێ، چونکە کەسێک تەمەنی هەوراز بچێ، پێشمەرگایەتی پێ ناکرێ. بەڵام لە ڕووی بیر و باوەڕەوە پێشمەرگایەتی دەتوانێ هەموو تەمەن بگریتەوە.

**هەمزە ئاگوسی**: دوا وتەت بۆ خوێنەران چییە؟


**مام قادر مەعرووفی**: وێڕای سوپاس بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە و سڵاو لە خوێنەرانی بەڕێز، پێویستە بڵێم ئەوەی لە سەرەوە باسم کردووە، تەنیا چاوخشاندنێکی کورتە لەسەر ژیان و چۆنیەتی ئاشنابوون و تێکەڵبوونم بە شۆڕشی ڕەوای کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---------------------------------------------------



## ئاوڕێک لە ژیان و تێکۆشانی عوسمان ئەمینی



ئەگەر وا هات جارێکی دیکە گەنجێتیم بۆ گەڕایەوە، بە دڵنیاییەوە لە سیفرەوە لە یەکیەتی لاوانەوە دەست پێ دەکەمەوە، جا لە چاتێکردن و نیگابانییەوە بگرە هەتا کاری هونەریلە چوار برایان بچووکترم و لە خوشکێکم گەورەترم کە سەد بریا لە براکانم گەورەتر بام و لە خوشکەکەم بچووکتر...

**هەمزە ئاگوسی**: کاک عوسمان سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە بە ئێمەت دا، بۆ ئاشنایی زیاتری خوێنەران دەکرێ خۆت بە خوێنەران بناسێنی؟

**عوسمان ئەمینی**: من عوسمان ئەمینی، دیارە بە نۆباریش بانگم دەکەن! ساڵی ١٣٤٥ لە گوندە خەنجیلانە و دوژمن تۆقێنەکەی نۆبار لە دایک بووم . رێکەوتی لە دایکبوونم زۆر وێناچێت.
لە چوار برایان بچووکترم و لە خوشکێکم گەورەترم کە سەد بریا لە براکانم گەورەتر بام و لە خوشکەکەم بچووکتر.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەو عوسمانە مێرمنداڵە چۆن بوو تێکەڵ بە سیاسەت بووی و قۆناغەکانی ژیانی سیاسیت لە کوێوە دەست پێکرد؟

**عوسمان ئەمینی**: لە راستیدا ئەو پرسیارە وەڵامێکی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام بە کورتی وڵامت دەدەمەوە، پاش راپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی نیزامی پاشایەتی، گوندی نۆبار ئەگەر نەڵێم هەموو، بەڵام بنکەی زۆربەی هەرەزۆری حیزب و

ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی لێبوو، بۆیە ئاویتەبوونی من بە پێشمەرگە و کاری سیاسی هەر لەوێوە سەرچاوەی گرت. جیا لەوەش، من هەم هاوڕێیەکی خۆم بە ناوی کاک یوسفی حاجی هەمزە و هەم ئامۆزایەکم کە شەهید بوو بە ناوی ڕەحمان نۆباری، پێش من بوون بە پێشمەرگە، بۆیە دوای ئەوان ئەو هەستە لە مندا زیاتر ڕەنگی دایەوە و یەک دوو جاران چووم بۆ هێزی بەیان تا ببم بە پێشمەرگە، بەڵام بەو هۆیەوە کە تەمەنم کەم بوو، رایاننەگرتم، تا ئەوەی سەرنجام لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٣٦٠ چووم بۆ ڕێزەکانی یەکیەتیی لاوانی بۆکان کە ئەو کات بنکەیان لە سەدراباد و کاک هەیاس کاردۆ بەرپرس بوو، بووم بە پێشمەرگە.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەو دەرس وانانەی لە یەکیەتیی لاوان فێریان بووی چی بوون؟

**عوسمان ئەمینی**: چەندە فێرم بووم و یان دەزانم و نازانم، ئەوە لایەکی دیکەیە، بەڵام بە دڵەوە دەڵێم ئەوەی فێری بووم لە یەکیەتی لاوانەوە فێری بووم. ئەگەر وا هات جارێکی دیکە گەنجێتیم بۆ گەڕایەوە، بە دڵنیاییەوە لە سیفرەوە لە یەکیەتی لاوانەوە دەست پێ دەکەمەوە، جا لە چاتێکردن و نیگابانییەوە بگرە هەتا کاری هونەری وەک شانۆ سرود و گۆرانیگوتن و کاری تەشکیلاتی و بەڕێوەبەری نێوخۆی یەکیەتیی لاوان و کاری ئاموزشی وەک گوتنەوە دەرسی چل ساڵ خەبات و ئەخلاقی شۆڕشگێرانە، دەرسی هێندێک لە چەکە نیزامییەکان، ئەندامی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتیی لاوان، تایپکردنی زیاتر لە دوازدە ژمارەی لاوان، هەموو ئەوانە کاری من بوون لەو ئۆرگانە خۆشەویستە و من لێیان فێر بووم.

**هەمزە ئاگوسی**: یەکیەتی لاوان توانی چ خزمەتێک بەو لاوانە بگەیەنێ کە لە ریزی ئەو یەکیەتییەدا بوون؟

**عوسمان ئەمینی**: بەو هۆیەوە کە یەکیەتیی لاوان بەردەوام سایە و سێبەری پیاوانی وەک قاسملوو و شەرەفکەندی زۆر بە سەرەوە بوو، لەو ماوەیەدا کە من خزمەتم کردووە، چەندین بەرەی لە کوڕانی بە ئەزموون و کارامەی پێگەیاند و تەحویلی ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی دا، ئەگەر بە کورتی ئیشارەیەک بەو سیمایانە بکەم، دەتوانم بە کورتی لە ناویاندا ناوی ڕەحمان سۆفی زادە، سولێمان ڕەسووڵزادە، ساماڵ، ئەبوو کانیەڕەشی، سیاوەش وەستا ئەحمەدی کوهگەرد کە هەمووی لە قوتابخانەی پڕ لە ئەزموونی یەکیەتیی لاواندا پێی گەییون، ئەوانە هەموویان کادر و فەرماندەی بە وەجی ئەو حیزبە بوون کە لە داهاتوودا هەر کامەیان چاوەڕوانی داهاتوویەکی یەکجار گەش و ڕوونیان لێ دەکرا.

**هەمزە ئاگوسی**: بەرپرسانی ئەو کاتی یەکیەتی لاوان کێ بوون؟

**عوسمان ئەمینی**: لە دەورانی مندا بە گشتی بەرپرسانی ئەو ئۆرگانە بریتی بوون لە:

کاک عەزیمی ئەفسەر، کاک هەیاس، کاک جەعفەری حامیدی، شەهید ئەبوو کانیبیەڕەشی، کاک قادر وریا، کاک حمەدەمین شەریفی، کاک شاروخ تایرنەسیب.
دیارە پێش منیش کاک کەریم ئەڵڵاوەیسی و کاک تەیفوور بەدحایی بەرپرسایەتیی ئەو ئورگانەیان کردبوو.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەرکەکانی حیزبیت لە کام هێز و کومیتە شارستانەوە دەست پێکرد؟

**عوسمان ئەمینی**: هاوینی ساڵی ١٣٧٣ لە سەر داوای خۆم چوومە هێزی بەیان و کومیتەی شارستانی بۆکان و لەوێ جێم گرت. لەو کومیتە خۆشەویستەش هەتا کاتی وازهێنانم لە ئەرکی تەواو وەختی پێشمەرگایەتیم لە خزمەت هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی بە وەفامدا بووم و لەوێش لە تیمەکاندا سازمان درام و کاری تەشکیلاتی و کاری ماڵی و ماوەیەکیش وەک ئەندامی کومیتە شارستانی بۆکان هەڵبژێردرام و خزمەتم کردووە.

**هەمزە ئاگوسی**: دەکرێ بە کورتی باسێک لەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە بکەی کە دژ بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تێیدا بەشدار بووی؟

**عوسمان ئەمینی**: دیارە وەختێکی زۆری پێ دەوێ ئەگەر بێت و هەموو ئەو عەمەلیاتەنەی لەگەڵ ڕێژیم تێیدا بەشداربووم و بێم بە وردی باسیان بکەم، بەڵام من تەنیا باسی شەڕی شاروێران دەکەم کە وێڕای بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی بەیان و پێشەوا و دەستەیەکی باش لە کادر و پێشمەرگەکانی یەکیەتیی لاوانی بۆکان و مەهاباد بەشداریمان کرد. لەو شەڕەدا کە لە سەعاتی نزیک شەشی بەیانییەوە هەتا نزیک حەوتی ئێواری بەردەوام بوو، بە داخەوە ٢٤ پێشمەرگە شەهید بوون کە لە نێویاندا فەرماندەری هێزی بەیان شەهید چرچەی بارام میرزای لەگەڵ بوو. هەروەها لەو شەڕەدا بە پێی (جنگ در کردستان ) کە گوڤارێکی ناوخۆی حیزبی و سەرژمێریی شەڕەکانی دەکرد، نزیک بە ٧٠٠ کەس لە بەکرێگیراونی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون.

**هەمزە ئاگوسی**: پێوەندیی خەڵک و پێشمەرگە چۆن بوو؟

**عوسمان ئەمینی**: پێوەندیی خەڵک و پێشمەرگە وەک دوو عەوداڵی خۆشەویستی یەک، وەک دوو ئاشقی سەوداسەری یەک کە چەندە تامەزرۆی یەکترن وایە و هەرگیزا و هەرگیز یەکتر لەبیر ناکەن.

**هەمزە ئاگوسی**: خۆشترین و ناخۆشترین بیرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیت چی بوون؟

**عوسمان ئەمینی**: دیارە بیرەوەریی خۆش و ناخۆش زۆرن، من تەنیا ئاماژە بە ناخۆشترینیان دەدەم کە ئەویش شەهیدبوونی شەهیدانی رێبەر و شەهیدبوونی ئەبوو کانیيەڕەشی و شەهید ساماڵ و شەهید سیاوەش بوو.

**هەمزە ئاگوسی**: حەز دەکەی دوا وتەت بۆ خوێنەران چی بێ؟

لە ماوەی ژیانی پێشمەگایەتیمدا وەک زۆربەی هاوڕێیانی پێشمەرگە زۆرم نەهامەتی دیوە، هەموو ئەو نەهامەتییانە هاوسەری بە وەفام لەگەڵم شەریک بووە و دەتوانم بڵێم هەشتا لە سەدی ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵانی لە ئەستۆی بووە، بۆیە لە ناخی دڵمەوە دەست خۆشی پێ دەڵێم و سوپاسێکی گەرمی دەکەم.


دوا وتەشم ئەوەیە کە وەرن با هەموومان پێکەوە جارێکی دیکەش قۆڵ هەڵمالین و ئەو حیزبە خۆشەویستە بکەینەوە بە یەک و حەز و ئاواتی بنەماڵە و دایکی شەهیدان وەدی بهێنین . پێم وایە کاک هەمزە کارێکی یەکجار قورست دەست داوەتێ، بەڵام دڵنیات دەکەم کە ئەوە گەورەترین کار و پیرۆزترین کارە و دڵنیاشم چۆن تا ئێستا لە گشت بوارەکانی مەیدانی خەباتدا سەرکەوتوو بووی، لەو مەیدانەشدا سەربەرزو سەرکەوتوو دەردەچی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - رێکەوتی: ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

-----------------------------------------------



## تاوێک لەگەڵ کەماڵ گڕوێسی و گەشتێک بەناو کوچە و کۆڵانەکان؟



ئێمە لە قوتابخانە هەموو بەیانیان دەبوو تاوێکی چاک بە ریز راوەستابایەن و سروودی "شاهەنشایی"مان خوێندباوە، کەچی ئەو شا بە هەیبەتە، لە دەرەوەی قوتابخانەکان ناوی "گازەرد" یان لێنابوو.

لە دەرەوەی وڵات کەمئەندامی وامان هەن، بە قەت دە سایان کار و چالاکییان هەیە.

پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەماڵ گڕوێسی، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە خۆی بە خوێنەرانی کدپمیدیا دەناسێنێ:

"من کەماڵ گروێسی، وەک دایک و بابم بۆیان باس کردووم، رۆژی سێزدەی بەفرانباری ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گەڕەکی مزگەوتی سووری شاری مەهاباد لەدایک بووم. منداڵی نێونجی ماڵی بووم، دوو خوشکی لە خۆم گەورەتر و دووی چووکەترم هەیە. سەردەمی منداڵیم هەر لەو گەڕەکە تێپەڕ کردووە. دواتر ماڵمان لەو گەڕەکە باری کرد و چووینە گەڕەکی "ئەرمەنییان" و هەموو تەمەنی مێرمنداڵیم لەوێ بووم. وەک زۆربەی منداڵانی ئەو دەمی لە تەمەنی ٧ ساڵی ناردیانمە قوتابخانە و قۆناخی سەرەتایی خوێندنم لە قوتابخانەی "پەهلەوی" تەواو کرد کەئەو قوتابخانەیەلە کووچەی "جولەکان" پشت بازاڕی "کۆت فرۆشەکان" هەڵکەوتبوو. قۆناغەکانی دیکەشم لە قوتابخانەی "ئەدەب" و "محەممەدرەزا شا" تەواو کرد".

**هەمزە ئاگوسی**: وەک گەنجێک چ ڕۆڵێکتان لە خۆپێشاندانەکانی دژ بە ڕژیمی رووخاوی پاشایەتیدا هەبوو؟

**کەماڵ گرویسی**: وەک زۆربەی گەنجەکانی ئەو سەردەمی بە گوێرەی توانا بەشداریی خۆپێشاندانەکانی ئەو دەمی شاری مهابادم کردووە. لەو خۆپێشاندانەی کە بووە هۆی شەهیدبوونی "جەماڵ فەقێ یەعقووبی" یەکەم شەهیدی خۆپێشاندانەکانی مەهاباد، و دواتر لە گرتنی ژاندارمەری و بنکەکانی دیکەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا بەشدار بووم، دیارە ئەودەم هیشتا خەڵک باش ڕێک نەخرابوو، بەڵام رقێکی گشتی لە دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی هەبوو، هەروەها ساواک ببووە مۆتەکەی خەڵک و کەس لە ترسی ساواک نەیدەوێرا ببزوێ. هۆکارێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ماڵە ئێمە بابم و زۆر لە دۆستەکانی کاتێک ناوی حەمەرەزا شا دەهات، دەیانگوت "گازەرد" و ئەوە بۆ من پرسیار بوو کە ئەوە بۆ وایە، ئێمە لە قوتابخانە هەموو بەیانیان دەبوو تاوێکی چاک بە ریز راوەستابایین و سروودی "شاهەنشاییی"مان خوێندباوە، کەچی ئەو شا بە هەیبەتە، لە دەرەوەی قوتابخانەکان ناوی "گازەرد" یان لێنابوو.

ئەودەم نە تەمەنم ئیجازەی دەدام ئەم پرسیارە بکەم، نە ئاقڵێشم پێی دەشکا، بەڵام شەوێک لە تەمەنی دوازە، سێزدە ساڵیدا تا ڕاددەیەک ئەو گرێپووچکەم بۆ کراوە. ئەویش بەم شێوەیە بوو: ئەوکاتی ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی ئەرمەنییان بوو، دوو خوشکە گەورەکەم مێردیان کردبوو. هەر ئەمن و دوو خوشکە چکۆلەکەم لە ژووریٚ بووین. ئەوان خەویان لێکەوتبوو، بەڵام ئەمن خەوم لێنەدەکەوت، لە جێیە خزابووم و هەر جینگڵم دەدا، بابم نەنووستبوو. سیغاری دەکێشا و چای دەخواردەوە. جار جارەش چاوێکی لە لای ئێمە دەکرد. چرایەکی "گرسۆزی" لە پێش خۆی هەڵکردبوو، سێبەرەکەی هەموو لای ئێمەی تاریک کردبوو. ئانیشکی وەسەر پەنجەرەی دابوو. ئیستیکانێکی قەدباریکی هەبوو، چای هەر بەوی دەخواردەوە. سندووقێکمان هەبوو، پێشەکەی تەنەکەیەکی رەنگاورەنگی جوانی بە بزماری ورد لێدرابوو. سەعات لە ١٢ی شەو تێپەڕیبوو. بابم هەستا چوو لەناو ئامێرەکانی خۆی لە پێشخانەی "گاز" ێکی هێناو خەریکی هەڵکێشانەوەی بزمارەکانی تەنەکەی سندووقەکەی بوو. وابزانم سێ، چوار بزماری هەڵکێشاو و لە پشت تەنەکەکە دەستە کاغەزێکی دەرهێنا. نەمدەوێرا هەستم و بچم لە تەنیشتی دانیشم و لەگەڵی چاو لەو شتانە بکەم هیچ، هەرنەمدەوێرا خۆم وا نیشان دەم کە نەنووستووم. لە سەماوەرەکەی پێش پەنجەرەی چایەکی دیکەی تێکرد و سیغارێکی داگیرساند. ئاوڕێکی داوە و سەری بەسەر ئەو شتانە داگرت کە لە لە پشت تەنەکەی سندووقەکە دەریهێنابوون. تاوێکی باش چاوی لێکردن، دوایە دوو سێ جنێوی بە "گازەرد"ی داو هەستا شتەکانی لە پشت تەنەکەی سندووقەکەی نانەوەو بزمارەکانی داکوتانەوە، دیارە هەر بە پاڵپێوەنان بزمارەکانی لە جێی خۆیان داکوتانەوە، بۆیە دەنگی بزمار داکوتانێ نەهات.

پاش چایەک و سیغارێکی دیکە، گرسۆزەکەی کوژاندەوەو ئەویش لە جێگاکەی خۆی خزا. ئەمنیش بە داڵغەی ئەوەی کە کەی

بێ و بتوانم ئەو شتانەی پشت تەنەکەکەی ببینم، هێدی هیدی خەو دایگرتم و خەوم لێکەوت.

مانگێک دوای ئەو شەوە، رۆژێک بابم بە دایکمی گوت دەچمە نێو "شکاکان"، ماڵە ئاشنایەکمان هەبوو لە گوندی "نازناز" لە لای "دزەی دۆڵی" لەسەر رێی مەهاباد - ورمێ. بابم رۆیی بۆ سەفەرەکەی، رۆژی دوایی دایکم و ژنانی گەڕەکێ، ساز بوون بۆ شیووکوڵ لە چۆمی. ئەو دەم خەڵک زۆر پێکەوە باش بوون و کارەکان زۆرتر بە هەرەوەز دەکران. دە، دوازدە ماڵی گەڕەکێ بە سێ "داشقە و بارگین" ان ئەو شتانەی دەبوو بشۆرێن، سواری داشقەکانیان کردن و بەرەو چۆمی چوون. ئەو دەمی سەرەوەی چادرەکەی "مینەگەزۆ" تەنکاو بوو، عەرزەکەشی دەشتەکی بوو. فەرش و لێفەو نوێن لەو دەشتەی قەراغ ئاوێ هەڵدەخران. هێندێک لە ژنەکان شیویان دەکرد، هێندێکیشیان شێویان ساز دەکرد، چونکە مێردەکانیان دەهاتنەوە چۆمی بۆ نانخواردنێ. ئەمن لەگەڵ دایکم و ئەوان نەچووم، گوتم دوایە دێم، دایکم و خوشکەکانم لەگەڵ ژنەکانی دیکەی گەڕەکێ، بەرەو چۆمی رۆیشتن و ئەمنیش بە تەنیا لە ماڵێ مامەوە. گوتم هەلی چاکە، دەبێ ئەمن بزانم بابم لەبن ئەو تەنەکەی چی هەیە؟ گازەکەم هێنا و بزمارەکانم هەڵکێشان. کاغەزێکی سپی خەتدار کە خەتەکانی رەنگیان دابۆوە و سێ وێنەی تێدا بوو. کاغەزم لێک کردەوە، وێنەکانم دەرهێنا، کە چاوم بە وێنەکان کەوت، تاسام، یەکیان وێنەی بابم بوو، بە تفەنگی "کەلاشنیکۆف" و دەمانچەوە. ئەوی دیکەیان وێنەی ژنێک بوو کە ئەویش هەر چەکی پێبوو، بەڵام چەکی وی بڕنوو بوو. وێنەیەکی دیکەشی تێدا بوو، کە لەبەر دڵی دایکم ئێستاش نایڵێم وێنەی بابم و کێ بوو!

تاوێکی باش چاوم لە وێنەکان کرد. لە دڵە خۆمدا گوتم هەر کاتی سەربازیم هات، هەڵدێم و دەچم وەک بابم دەکەم. نەمدەزانی سیاسەت و حیزبایەتی و پیشمەرگایەتی چییە.

دوای دیتنی ئەو وێنانە، شتێکم وەبیر هاتەوە، وەبیرم هاتەوە ئەودەم کە ماڵمان لە گەڕەکی مزگەوتی سوور بوو، بەیانییەک، ناردیانم بۆ ماست کڕینێ. ئەودەم ژنانی ئاواییەکانی نیزیک مەهاباد بە سواری کەر و گوێدرێژان دەهاتنە شاری و ماست و سپیاییان بۆ دوکانداران دەهێنا. کەرەکانیان لە پشت مزگەوتی سوور لە قوڵکەی کەران دەکردن و بۆخۆیان دەچوونە نیو بازاڕی بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان.

ئەو بەیانییەش ئەمن چووبووم بۆ ماست کڕینێ. گەیشتمە سێڕێیانی "فەرەح". لەوێ وەک عادەت چاوم لە دارتێلەکەی لای کاڕێژی بۆکانێ کرد، ئەو کارێژەی "مام سوارە" هاواری دەکرد، بۆکان...، بۆکان...، رەزاییە...،رەزاییە...، ئەوێ دارتێلێکی لێبوو، وێنەی ئەو فیلمانەی لە سینەمای شار نیشان دەدران، بەوێدا هەڵداوەسران و خەڵک دەیانزانی سینەما چ فیلمێکی هەیە. کە چاوم لە دارتێلەکە کرد، دیتم پیاوێکیان لە نێردیوانی بەستووە و بە دارتێلەکەیانەوە ناوە! زۆرم پێ سەیر بوو،

ماست کڕینم لە بیر چۆوە، بە غاردان هەڵاتمەوە ماڵێ و خۆم بە ژووریدا کرد. بابم لێی پرسیم کەماڵ گیان ئەوە چییە؟ "سەیدە لووشە" رەپێی ناوی؟ گوتم نا، لە خیابانێ پیاوێکیان هەڵاوەسیوە. گوتی چی؟ گوتم لە خیابانێ رووبەڕووی دوکانی "غەفووری مەنسووری"ی چافرۆش کابرایەکیان هەڵواسیوە. کابرا پێدەکەنێ و ددانێکی زێڕی دەزاریدایە. بابم بە پەلە خۆی کۆ کردەوەو دەرپەڕییە دەرێ. وەدووی کەوتم، لێم تووڕە بوو، ناردمییەوە ژوورێ. راوەستام هەتا لە حەسارێ چووە دەرێ. حەسارەکەمان زۆر گەورە بوو، کرێنشینی ماڵە "حەمەرەسووڵی ئەیازی" بووین. بەدوای بابمدا هاتمە کووچەی. ماڵە "سیسەواری"، "مێریجان" و "ئەژدەری" م بەجێهێشت و گەیشتمە سەری کووچەی. بە پارێزەوە بەلای ماڵە "مەلاغەفووری حافز" و ماڵە بلوری و ماڵە "بابەجانی"، لە نانەواخانەکانی "مەلا" و سەنگەکی "شاترلووی" تێپەڕیم و گەیشتمەوە لای دوکانی "مەشەدی قیل" و "ناسری دۆفرۆش" لە سێ ڕێیانی فەڕەح. ئەمجارە ئاپۆرایەکی زۆری خەڵک لەوێ کۆ ببوونەوە. هەموویان ناڕەحەت بوون. گوێم لێدەبوو، دیانگوت "گازەرد" کاری خۆی کرد، ئیدی ترسم لەوەی نەمابوو، بابم بمبینێ. بەشێک لە خەڵکەکە دەچوونە کووچەی جولەکان و لەوێ دەگریان. لەوێ زانیم کە ئەو رۆژە لە زۆر چوارڕێ و خیابانی شار "تەرمی پێشمەرگەکانی جولانەوەی ٤٦ - ٤٧ حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک هەڵاوەسیبوو. هەر ئەو رۆژە لای نیوەڕۆیە بە جیبێکی ئەرتەشی کابرایەکیان بە زیندوویی بە ناو خەڵکدا دەگێڕا، ئەو ناوی یۆسف بوو، قامکێکی دەستی پەڕیبوو. لە ناوەڕاستی جیبەکە رایانگرتبوو، چوار ژاندارمە لە پشتەوەی جیبەکەی دانیشتبوون و تفەنگی "ئێم یەک"یان پێبوو. ئەودەم نەمزانی، بەڵام دواتر کە گەورە بووم و شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر رژێمی"گازەرد" یان حەمەرەزاشادا سەرکەوت، زانیم ئەو کەسە "شەهید سەید فەتاح نیزامی" بوو، کە لەوێ هەڵاوەسرابوو هەروەها هەر ئەو سەردەم خەڵک ناوی شاهەنشای بۆ گازەرد گۆڕی.

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن بوو ریزەکانی حیزبی دێموکراتت بۆ خەبات و تێکۆشان هەڵبژارد؟

**کەماڵ گروێسی**: وەک لە پرسیاری پێشوودا باسم کرد، بە دیتنی ئەو وێنانەی بابم، ئاشقی پێشمەرگایەتی بووم، هەرچەند ئەو دەم نەمدەزانی پێشمەرگە چییە، بەڵام دواتر کە شۆڕشی مەلامستەفای بارزانی تێکچوو، پێشمەرگەکانیان هاتنە مهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان، لەگەڵ ناوی پێشمەرگە ئاشنابووم و ئەوەندی دیی ئۆگری بووم، بەڵام ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات، لە راستیدا، بابم و خاڵە ساڵەم (ساڵە قەساب) لە سەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٧ دا باسی حیزبی دێموکراتیان بۆ کردم و ئەمنیش ئەوەی لێی دەگەڕام دۆزیمەوە و سەرەتا بوومە ئەندامی""سازمانی جەوانان"ی حیزب و دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ "یەکیەتی لاوانی دێموکرات."

**هەمزە ئاگوسی**: لە کام هێز سازمان درای و بەرپرسانی ئەو کاتی ئەو هێز و کومیتە شارستانە کێ بوون؟

**کەماڵ گرویّسی**: سەرەتاکان وەک دواتر نەبوو، ڕێکخراوێکی گشتی هەبوو، ناوی "شورای نیزامی" بوو. سەرگورد عەباسی و چەند کەسی دیکەی نیزامی و پێشمەرگەی کۆن لەوێ دەبوون. ڕێکخستنێکی ئاوا بەربەرین نەبوو، ئەمن بەهۆی خاڵە ساڵە قەسابەوە کاک محەممەد زەنگەنەم ناسی. لەگەڵ کاک محەممەد زەنگەنەی دەبووم، بەڵام نەدەچووم بنکەی کە ئەودەم لە ناو شار بوو، لە ماڵە خۆمان دەبووم، تفەنگی خۆمانم پێبوو. کاک محەممەد زەنگەنە، ئەودەم خەریکی دروستکردنی خانوو بوو لە گەڕەکی مەیدانی حەیوانان، لای ماڵە وسێن کارێژی. ڕۆژانە دەچووم یارمەتیم دەدا و خشتم بۆ وەستا محەممەدی کوڕی مەلاخڕەی هەڵداویشت. مەلا محەممەد و ئەمن و ئەبووبەکری مستەفا زادە و دوو کەسی دیکە کە یەکیان ناوی خالید بوو، بە خۆڕایی و وەک یارمەتی کارمان بۆ کاک محەممەد زەنگەنەی دەکرد. دایکی کاک محەممەد زەنگەنەی بۆ قاوەڵتوون و نیوەڕۆ و عەسرانە چا و نانی بۆ ساز دەکردین. دواتر کە حیزب ڕێک خرایەوە و هێز و کۆمیتە شارستانەکان ڕێک خران، ئەمن لە هێزی پیشەوا و کۆمیتەی شارستانی مهاباد بووم. بەرپرسی کۆمیتەی مهاباد ، لە ناو شار کاک کەریمی حیسامی بوو. دواتر کە هاتینە دەرەوی شار، کاک حەسەنی شەڕەفی ئەو بەرپرسیارەتییەی هەبوو. فەرماندەی هێزی پیشەواش ڕەوانشاد سەروان "ئەحمەد جاویدفەڕ" ناسراو بە "هەژار" بوو. ئەمن تا لە کوردستان بووم، هەر لە هێزی پێشەوا و لکی ٣ی برایمی ساڵە موقەدەم بووم.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەو چالاکییانەی کە بەشداریت تێدا کردوون، لە کام ناوچە بوون؟

**کەماڵ گرویّسی**: بەشی زۆری چالاکییەکانی من لە ناوچەی مهاباد، بووە، هەر لە شامات و شاروێرانەوە تا دەگاتە محاڵ و گەورکایەتی و ناو مەنگوڕان، بەڵام زیاترین ماوە هەر لە گەورکایەتی و مەنگوڕایەتی بووم، چوونکە لکی ٣ی هێزی پیشەوا لەو ناوچانە بوو. بەڵام وەک ئەرکی پیسپێراوی حیزبی، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە، لەگەڵ هێز و لک چوومە ناوچەی بۆکان، هەوشار، سەقز، بانە و سەردەشت و لەوانیش چالاکیی نیزامی‌مان هەبووە.

**هەمزە ئاگوسی**: دەکرێ لەسەر چۆنیەتی برینداربوون و کەمئەندام بوونت بۆمان باس بکەی؟

**کەماڵ گرویّسی**: ئاخرین ڕۆژی بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، لە کاتی گەڕانەوە لە ئەرکی حیزبی لە ناوچەی بۆکانرا بۆ ناوچەی گەورکایەتی مهاباد، لەگەڵ پێشمەرگەکانی لکی ٣ گەڕاینەوە بۆ ئاوایی "چوارگا" لەسەر ڕێی مەهاباد - سەردەشت. ئێوارێ بوو، سێبەر بەسەر وڵاتی کشابوو، لە وزنتاش ڕا بەرەو چوارگا هاتین. لە تیرەگی نێوان وزنتاش و چوارگا، دەبوو بە پارێز بڕۆین، چونکە لە پێگەی گوێچکەدەرێ و چاوەدێرەکانی ڕا دەدیتراین. یەک یەک خۆمان داویشتە دۆڵی "پەڕشان" و دوای ئەوەی لە پێگەی گوێچکەدەرێ، نەدیوو دەبووین، بەرەو ئاوایی چوارگا داکشاین. هیشتا هەر ڕووناک بوو هەموومان کە

نیزیکەی ٤٠ تا ٥٠ کەس دەبووین، گەیشتینە نێو چوارگا.

لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکەکە دیانناسین، پێشمەرگەکان بۆ حەسانەوەو پشوودان و نانخواردن دەستە دەستە چونە ماڵەکان. کاک خدرە سوور پێی راگەیاندین، شەوێ لای سەعات ١٠ی هەموومان بێینەوە مزگەوتی ئاوایی و کێشک و چاوەدێر بۆ پارێزگاری لە خۆمان دانێین. ئەو دەم کاک خدرە سوور فەرماندەی لکی ٣ بوو. کاک شەکرە فەرماندەی هێزی پێشەوا بوو. بەشێکی زۆری پیشمەرگەکان ماڵ و ژن و منداڵیان لە ئاواییەکانی ئەوبەری جادەی، واتە قۆزلوێ چووک و ئاواییەکانی دیکە بوو. دوای حەسانەوە و نان خواردن، کۆمەڵێکی بەرچاویان لە جادە پەڕیبوونەوە و چووبوونە لای ژن و منداڵەکانیان. کاک خدرە سوور و قادری سووری دەیانویست بچنە ئاوایی گوێچکەدەرێ. قادر هات و تفەنگەکانمان پێکەوە گۆڕییەوە. ئەمن کەلاشنیکۆفێ موزەلیم پێ بوو، قادر قۆنداغدار. مەنسوور کە بەرپرسی دەستەی ئێمەبوو، ئەویش لەگەڵ یەک دوو کەس چوون بۆ ئاوایی خەلیفان. مەنسوور بە منی گوت بۆخۆت ئاگات لە کوڕەکان بێ، بەیانی دەگەڕێینەوە.

بە کورتی سەعات ١٠ی شەو کە چووینە مزگەوتێ، بۆ نووسینی ناوی ئەو کەسانەی دەبوو بێن بۆ کێشککێشان و چاوەدێری، ٩ کەس بووین. لیستەکەمان نووسی و بەشێوەیەک دابەشمان کرد کە لە سەعات ١٢ وە تا سەعات ٦ی بەیانی سێ کەس سێ کەس بۆ ماوەی دوو سەعات کێشک بن، یەک لەبەر دەرکەی، و دووانیش بە نێو دێ و قەراغ دێیدا بگەڕێن. خۆم بۆ کێشکی ئاخیر نووسی. هێشتا نەنووستبووم، دوو پێشمەرگەی دیکەش بە ناوەکانی ئەبوبەکر و کەریم هاتنەوە و بووینە ١١ کەس. ئەوان گوتیان ئێمە لە فلانە ماڵ دەبین و بۆ دیدەبانی بەیانی بمانئووسن. ئەوانیشمان بۆ دیدەبانی بەیانی لە سەعات ٥ هەتا ٧ نووسی. نووستم، بەیانی هەڵیان ئەستاندم و نۆرە کێشکم بوو، چووینە دەرێ. لەگەڵ عەزیز و بارام عەجەم کێشک بووم. لە پێشدا چووم کەریم و ئەبوبەکرم هەستاند و ئەوان چوون بەرەو تیرەگی نێوان چوارگا و کۆرەگێ.

دە، پازدە دەقیقە دەبوو، ئەبو و کەریم بەرەو شوێنی دیدەبانی وەڕێ کەوتبوون. لە نەکاو دەنگی دەسترێژێک هات. عەزیزم نارد پێشمەرگەکان لە مزگەوتێ هەستاند و رەختەکانیان لە خۆ بەست و چاوەڕێ بووین بزانین تەقەی دیکە دەکرێ یا نا. تەقە نەبوو، دیتمان ئەبوو بە غاردان هاتەوە دەرکی مزگەوتێ و گوتی دەورمان گیراوە و شاخەکان پاسدار و جاشی لێیە و کەریم بریندار بووە. ئەبوو، کەریمی برێک راکیشابوو، لە پاسدارەکانی نەدیو کردبوو. چووین کەریممان هێناوەو لە ماڵێک دامانناا. گوللەی وەزگی کەوتبوو. پێشمەرگەیەکی منداڵکارەمان لەگەڵ بوو ناوی لوقمان بوو. گوتم لوقمان لێرە بە ئاگات لە کەریم بێ.

دەبوو بڕیار بدەین، لە دێ دا بمێنینەوەو یان بڕۆین. ئەگەر بڕیاری رۆیشتنمان دابا، دەبوو دەست لە کەریم بشۆین و بە

جێ بمێنێ، چونکە ئەو بەو وەزعەی هەیبوو، لەگەڵمان دەرنەدەچوو. پاش راوێژ لەگەڵ هەموو ئەو ١٠ پێشمەرگەی لەوێ بوون ساغ بووینەوە، لە دێ دا بمێنینەوەو شەڕێ بکەین. سەرەتا دەستمان کرد بە کونکردنی دیواری ماڵەکان، بۆ ئەوەی بتوانین بێ ئەوەی لە ماڵەکان بێینە دەرێ، ئەم سەر ئەو سەری دێی بکەین. دەمانزانی بێتوو رووناک بێ، دەرفەتی هاتووچۆمان نابێ. هاوکات کە خەریکی دیوار کونکردن بووین، خەڵکەکەمان دەنگ دا کە دێ چۆل بکەن و بڕۆنە دێیەکانی دیکە. خەڵکەکە بە قسەی کردین و زۆربەیان دێیان چۆڵ کرد و بەرەو جادەی رۆیشتن. یەک دوو نەفەری بە تەمەن هەرچەند داوامان لێکردن بڕۆن، بە قسەیان نەکردین و گوتیان خوێنی ئێمە لە هی ئێوە رەنگینتر نییە و بە جێتان ناهێڵین. ئەوانیش لە کونکردنی دیواری ماڵەکان یارمەتییان داین. ئاوایی چوارگا لە داوێنی کیوێک هەڵکەوتووە، کە بەشی زۆری ماڵەکانی ئاوایی بە بناری ئەو کێوەوە ساز کراون و لەوبەر ئەو بەری هەر دوو ئەو خڕانەی لە چەپ و راستی هەڵکەوتوون، چەند ماڵێک هەن، واتە دێیەکە سێ بەشە و بەشی چڕ و لێکدانەبڕاوی ئەو بەشەی نێوەڕاستێیە، ئێمەش هەر لەو بەشەیدا خۆمان بۆ شەڕەکە ساز دەکرد .

کاتژمێر ٨ی بەیانی دیوارەکانمان کون کردبوون و خۆمان حەشار دابوو. لە لای جادەی ڕا دەستەیەک جاش و پاسدار روویان لە دێی کرد، لە پێشدا پیادەکانیان دەهاتن. لە دوای وان جیبێکی ئەرتەشی کە تۆپێکی ١٠٦ی لەسەر بوو، دەهات. جیبەکە بەرەو قەبرستانی ئاوایی کە کەوتبووە لای چەپەی بەرەوەی دێی رۆیشت و لەوێ راوەستا. هێزە پیادەکە لە یەکەم ماڵەکانی دێی نیزیک بۆوە. بڕیارمان دابوو، دووره تەقەی نەکەین.

لەبەر ئەوەی کەم بووین، پێمان وابوو، بێتوو یەکەم زەبر باشیان لێدەین، وەرەیان دەشکێ و ناتوانن سەرکەوتوو بن. ئەوەشمان دەزانی، ئێستا کە دیواری ماڵەکانمان کون کردووە، ئەوان ئەگەر ماڵێکمان لێ بگرن، دەتوانن هەر بەو کونانەدا ماڵ بە ماڵ بێنە پێشەوە. ئەوان هێزێکی کۆک و پۆشتە و حەساوە، ئێمەش هێزێکی کەم و ماندوو. چەکی هەرە قورسمان قەناسەیەک بوو. ئەوانیش هەموو جۆرە چەکێکیان پێبوو. لە پێگەکانی دەوروبەریش ڕا تۆپخانە و کاتیوشا لە پشتیان بوو. دەستەی یەکەمیان لەگەڵ ئەوەی گەیشتنە نیزیک دەرکی یەکەم ماڵ، خەریک بوو بڵاو بن و دەوری ماڵەکەی بگرن، جا بێنە ژوورێ. هەتا پۆل بوون و بڵاوەیان نەکردبوو، لێمان دان. کەلاکیان لێکەوت و بەشێکیان بە پەلە پڕووزە هەڵاتن بەرەو جادە. ئەوانەی لەسەر جیبەکەی بوون بە قەناسەی وێیان کەوت و یەکیان بەسەر تۆپەکەیدا خوار ببۆوەو کوژرابوو. ئەو تۆپە ئیدی نەیتوانی تەقەی بکا، بەڵام چەند دەقیقە دوای ئەوەی لێمان دان، لە هەموو لایەکەوە وەبەر ئاوری چەکی قورسیان داین. تۆپ و کاتیۆشا و خۆمپارەباران، بە حەدێک بوو کە قەڵاغە تەپاڵەکانی دێی گڕیان گرتبوو، ئەو تەپاڵانەی لە کاتی ئاساییدا دەبێ لێترێکی نەفت پێداکەی جا دەیگرێ، وەک رۆن گەرچەکی دایسا!

دەمانزانی هەتا ئاوا بە خەستی تۆپ بارانمان بکا، بۆ خۆشیان نایەنە پێش، هەر بۆیە زوو سەری هەموو ئەو ماڵانەمان دا کە پێشمەرگەکانی لێبوون، هەموو ساغ و سلامەت بوون. کابرایەکی پیر پێی گوتین، وڵات ویشکە و تەقەی تفەنگەکانتان تەپ و تۆز هەڵدەستێنێ و ئەگەر ئاو یان دۆی بە پێش ئەو جێیەی دابکەن کە تەقەی لێوە دەکەن، عەجەم ناتانبینێ. ئامۆژگارییەکی بەکەڵک بوو بە قسەشمان کرد.

تۆپباران هەتا لای سەعات ١١ درێژەی کێشا، کات تێنەدەپەڕی، رۆژ دەتگوت بە ئاسمانەوە گیری کردووە و نەدەبزووت. لای سەعات لە سەر هەموو بەرزاییەکانڕا سروودی پاسداران بە دەنگی "ئاهەنگەران" لێدرا و دیسان دەستەیەکی دیکەی جاش و پاسدار بۆمان هاتن. ئەمجار بە لای تیرەگی "زیندووەقووڵ" ڕا هاتن. بارام عەجەم دیتنی و بانگی کردین. سێ کەسمان لەبەری لای کۆرەگێ هێشتەوەو ئەوانی دیکەمان چووینە پێشیان و چاوەڕێیان بووین هەتا وەک جاری دیکە بێنە پێش. ئەمجارەیان دوودڵ بوون، خێرا خێرا نەدەهاتن، پارێزیان دەکرد، بە سەعاتێکی ئەو چەند سەت میترەی هاتنە خوارێ. کە نیزیک ماڵەکان بوونەوە، جاشێکیان گوتی پێموایە دایەمان... ون و جوقەواریان نەماوە، رەپ و راست ملی پێوەنا بەرەو نێو دێ. بۆ ئەوەی ئەوانی دیش چیدی بە ماتەماتە نەیەن، جارێ تەقەمان لەو جاشەی نەکرد. کە جاشەکە گەیشتە بەر دەرکی یەکەم ماڵ، دەستێکی راوەشاند و ئەوانی دیکەش هاتن، دەبوو لەو دوو ماڵەی ئەوبەری خڕێ بپەڕنەوە، تا بگەنە ئێمە، چاوەڕێیان بووین، بە پانەوە لە سەفێکی دە پازدە میتریدا لە خڕەکەی لای حەوزی پیاوان پەڕینەوە. لە بەردەلانەکەی وەسەر کەوتن. لە پشتێن بەرەو ژووریان لە بەر سێرەی تفەنگەکانمان بوون. کە ئەوان ئاوا هاتنە پێش، دەستەیەکی دیکەش هەر لە پشتی ئەوان داگەڕانە خوارێ، زانیمان بگەنە یەکتر زۆر دەبن و رەنگە باشاریان نەکەین، لێمان دان، ئەو دەستەیەش کەوتن و بەرەو دۆڵێ خللۆر بوونەوە و دوو سێیەکیان لە ئاوەڕۆی حەوزی پیاواندا تخێڵ بوون. ماوەیەک دوای ئەو تەقەیە، وڵات بێدەنگ بوو، وابزانم، چاوەڕێ بوون بزانن کێیان ماوە و دەرچووە. کە زانیان کەسیان نەگەڕاوە، دیسان دەستیان بە تۆپ و خۆمپارەبارانی چوارگای کردەوە. دەنگی سروودی "ئاهەنگەران" و گرمە و زرمەی تۆپ و خۆمپارەو کاتیۆشا ئەو مەڵبەندەی پڕکردبوو. لە باسکەکانی دوری دێڕا، بە دۆشکە و ئارپیجی و قەناسەی، لێیان دەداین و دەستیان لە هیچ نەدەپاراست. ئەمجارەیان تۆپباران تا سەعات سێی نیوەڕۆیە درێژەی کێشا. ئێمەش پێشمەرگەیەکمان دەستی بریندار بوو. ئەوەی بریندار بوو، قەناسەدارەکەی ئێمە بوو. کەماڵ قەناسەکەی ئەوی هەڵگرت و تەقەی پێدەکرد. چوارگا یەکپارچە ببوو بە ئاگر. لە هەموو لایەک ئاور و دووکەڵ بەرەو ئاسمان دەرۆیشت. هێندێک ماڵ و کادێن و تەویلە ئاوریان تێبەربوو. هیچ دەقیقەیەک بێ ئەوەی تۆپ، کاتیۆشا، خۆمپارە، ئارپیجیەیەک بتەقێتەوە، تێنەدەپەڕی.

سەعات سێ و نیو دیسان وڵات بێدەنگ بۆوە. جگە لە قرچەی ئاوری قەلاغ و هەڵاشی سەربانان دەنگێکی دیکە نەدەهات. دیسان پێشمەرگەکانمان بەسەر کردەوە، هەموو ساغ بوون، جگە لە کەریم و حەسەن، بەڵام هەموومان لەبەر تەپ و تۆز

وقورمی بن میچان کە بە دەنگی تفەنگەکانمان بەسەرماندا دەباری، دەتگوت لە خۆڵە پۆتەیان وەرداوین، هەر کونی چاومان دەبریسکایەوە. لای سەعات چواری ئێواریێ، کەماڵ گوتی ئەوە دیسان بەرەو دێی دێنە خواریێ، بەڵام ئەمجار لە دوو لاوە دێن. ناچار بووین، ببینە دوو دەستەی چوار کەسی و هەر دەستەیەی ئاگای لە لایەکی دێی بێ. ئەمجارە لە هەردووک بەری کۆرەگێ و زینەدووەقوڵ ڕا بۆمان هاتنە خواریێ، دەمانزانی، ئەوە دوایین هێرشە، یان سەردەکەون بێنە ناودێ، یان دەکشێنەوە. ئەمجارە ئەوانەی دەهاتن زۆرتریان پاسدار بوون، زۆر بە پارێزەوە دەهاتنە خوار، چەند میتر دەهاتن، خۆیان مات دەکرد، لای سەعات پێنج و نیو گەیشتنە پێش ماڵەکان. بەڵام لە خرەکەی نە پەڕینەوە و بەرەو قەبرەستانەکەی داگەڕان. ئەوانی لای کۆرەگێ هەتا بەرماڵەکانی هاتبوون، کە ئەو دەستەی ئەوێ لێیان دان. ئەوان هاتبوونە نیو یەکێک لە ماڵەکان. ئەو ماڵەمان بە شەڕە نارنجۆک ئەستاندەوە و چەند چەک و بڕێک فیشەکمان دەستکەوت بوو.

سێبەر بەسەر لاپاڵان کشابوو، ئەبوبەکر هات گوتی پاسدارەکان ئەوە خەریکن پاشەکشەی دەکەن، ئانتێنی بێسیمی ماشێنەکانیان لە "خەت ئولرەئسی جوغرافیایی" را دیار بوو، کە بەرەو لای جادەی دادەکشان. دەنگی تۆپان کز ببوو، لە ماڵەکان هاتینەدەرێ و بە پارێز بە کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتین. ئەمن بە کۆڵانێکدا بەرەو ئەو ماڵانەی بەری زینەدووەقوڵی رۆیشتم، بۆ وەی بزانم ئەو پاسدارانەی بەوێدا هاتبوونە خوارێ و بەرەو قەبرستانەکەی چووبوون، چییان بەسەر هات و چ دەکەن، لە سەر کۆڵانەکەی کۆگایەکیان پەین هەڵدابۆوە، بۆ ئەوەی بیکەنە شیاکە و دواتر بیکەنە تەپاڵە. ئەمنیش ناچار بووم بەسەر کۆگا پەینەکەیدا برۆم. دیوارەکەی پێشی رووخابوو، ڕێگاکەی گرتبوو. وەسەر پەینەکەی کەوتم. لەپڕ وەبیر تۆپەکەی نێو قەبرستانێ کەوتمەوە، ئاوڕم بۆ لای قەبرستان دایەوە، دیتم کەلاکەکە لەسەر تۆپەکەی نەماوە، بریسکەیەک لە لولەی تۆپەکەی هەستا و ئەمنیش بەرەو حەوای هەڵداشترام. هەستامەوە کە برۆم، دەتکووت لاقم تەزیوە، کە چاوم لە لاقم کرد، دیتم پەنجەی لاقم پێوە نەماوە، و خوێن فیچقەی دەکرد. ئاغابانووەکەم لە سەرم کردەوەو لە سەرووی چۆکم، رانمم پێ بەست. تەقە نەدەهات، وڵات کڕ و مات بوو. کەماڵ یەکەم کەس بوو گەیشتە سەرم و ئەویش لاقی بۆ بەستمەوە. بارام عەجەم و ئەبووبەکریش هاتن بردیانمە نێو ماڵێکی. گوتیان ئەوە عەجەم پاشەکشەی دەکا، دیار بوو ئەو هێزەی لای سەعات چواری داگەڕابوونە خوارێ، هاتبوون تۆپەکەی بەرنەوە، بۆیە روویان لە دێی نەکرد.

سەعات ٦ی ئێوارێ، هەموو ئەو پێشمەرگانەی شەوێ لە جادەی پەڕیبوونەوە، لەگەڵ کاک خدر و ئەوانی دیکە لەبەری جادەی ڕا هێرشیان کردبووە سەر پاسدارەکانی دەراوێ و گەمارۆکەی سەر ئێمەیان شکاندبوو. کەس پێی وانەبوو، کەسمان بە ساغی دەرچووە، بەڵام کاتێک کاک خدر و پێشمەرگەکانی دیکە گەیشتنە ناودێ، دیتیان ئێمە تەنیا ٣ بریندارمان هەیە، باوەڕیان نەدەکرد. لێرەدا پێویستە سوپاسێکی تایبەتی کاک دوکتور وەهابی کەریمی بکەم کە ئەگەر ئەو نەبوایە و ئەو برینەی منی نەبەستبا و تیماری نەکردبام، رەنگ بوو لاقم زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە بەرەو ژوورتر ببڕدرێتەوە.

**هەمزە ئاگوسی**: دوای برینداریت بۆ کوێ گوێزرایەوەو کەمئەندامەکان لە کوێ نیشتەجێ دەکران و چۆن چاوەدێری دەکران؟

**کەماڵ گرویسی**: دوای برینداربوونم، بە چوار شەوان گەیاندمیانە نەخۆشخانەی شۆڕش لە دەشتێوی لای قەڵادزێ. لەبەر ئەوەی زۆربەی جادە و بەرزاییەکان ڕۆژانە لە بەر دەستی ڕژێمدا بوون، نەماندەتوانی بە ڕۆژ بڕۆین و تەنیا بە شەو، ئەویش دەبوو بە پارێزەوە بڕۆین، چونکە لەسەر ڕێیەکان بۆسەیان دادەناوە، بە تایبەت ئەو ڕێگایانەی ناسرابوون و دەیانزانی هاتووچۆی پێشمەرگەی بەسەردا هەیە. کاتێک گەیشتینە نەخۆشخانەی شۆڕش، شانسی ئێمە دوکتورێکی فەرانسەیی لەوێ بوو. بڕیاریاندا لە پێشدا کەریم عەمەل بکەن. ئەمنیش دەبوو دوای کەریم عەمەل بکرێم. نۆرەی منیش هات و لای بەیانی بردمیانە دیوی عەمەل. دوای عەمەل زانیم، لەو ماوەیدا کە لە ڕێیە بووم تا گەیشتیینە نەخۆشخانەی، لاقم کرمی هەڵێنابوو، بەڵام دوکتورە فەرانسەوییەکە گوتبووی ئەو کرمانە باش بوون و چڵکەکەیان خواردەووە و نەیانهێشتووە لاقی ڕەش بێ.

دوای عەمەل چەند مانگ لە دەشتیوێ مامەوە، پاشان بەڕێیان کردین بۆ لای دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ. بنکەی ئێمە پێشمەرگەی کەمئەندامەکان، لە گەڕەدێ بوو، پێیان دەگوت ئاسایشگا.

لەوێ پێمان ڕادەگەیشتن و بە گوێرەی توانا ئاگایان لێمان بوو.

**هەمزە ئاگوسی**: دوای ئەوەی هاتییە دەرەوەی وڵات، چالاکییەکانت لە چ بوارێکدا بوون؟

**کەماڵ گرویسی**: ئەمن ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٨٦ی زایینی لەلایەن حیزبەوە بەڕێ کرامە دەرێ. ئێمە ١٥ کەس بووین. لە بەغدایەڕا وێکڕا هاتین بۆ سوئێدێ. لە سوئێدێ دوای عەمەلکردن و تەواوکردنی کاروباری نەخۆشخانە، تازە زانیمان ئێمە لێرە بووینە پەنابەر. ئێمە پێمان وابوو دوای چاکبوونەوەمان دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان. دواتر زانیمان نەخێر ئێرە دەبێتە نیشتمانی دووەممان هەتا کوردستان ڕزگار دەبێ و بە ئازادی دەگەڕێینەوە نیشتمان.

لەوەتی لە سوئێدم، لە کاروباری حیزبی هەڵنەبڕاوم و لە هەر بوارێکدا پێم سپێردرابێ، چالاک بووم.

لە باری شەخسیشەوە فێری زمان بووم، دەرسم خوێندووە، دەورەی جۆراوجۆری وەک. مکانیکی، جۆشکاری، تەراشکاری، نەجاڕی، بەرق و ئێلێکترونیکم دیوە.

**هەمزە ئاگوسی**: ئێستا یەکێک لە چالاکانی بواری راگەیاندنی، پێتوایە راگەیاندکارێک دەبێ چ تایبەتمەندییەکی هەبێ؟

**کەماڵ گرویسی**: ئەوانەی لە راگەیاندندا کار دەکەن، دەبێ هەوڵ بدەن، هەمیشە راستییەکان بۆ خەڵک بگوازنەوە. پێشوازیی و متمانەی خەڵک محەک و پێوانەی هەر دەزگایەکی راگەیاندنە. لە دنیای ئەمڕۆدا راگەیاندن بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە هەموو ماڵێکدا حزووری هەیە و خەڵک دەتوانێ لە نێوانیاندا هەڵبژێرێ، کەواتە نابێ بێمنەت بی و دەبێ تامەزرۆیی خەڵک بۆ ئەو راگەیاندنەی کاری تێدا دەکەی، بهێڵییەوە و خەڵک ئارەزووت بکەن، نەک لێت بێزار بن. بە کورتی تا ئەو جێیەی بۆت دەکرێ کارەکەت وا بکەی، ببی بە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو.

**هەمزە ئاگوسی**: ئایا کەم ئەندامی بووەتە هۆی ئەوەی لە کار و تێکۆشانی حیزبیدا هەست بە سستی بکەی؟

**کەماڵ گرویسی**: لە باری جەستەییەوە، رەنگە وەک جاران کە ساغ بووم، نەتوانم وەک ئەوکاتی بم، بەڵام لە باری دیکەوە دەتوانم بڵێم، کەمئەندامی نەیتوانیوە رێگری چالاکییەکانم بێ و هەروەک پێشتر باسم کرد، لەوەتی لە دەرەوەی وڵاتم، بێ دابڕان کار و چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتی و حیزبیم هەبووە. تەنانەت لە دەرەوەی وڵات کەمئەندامی وامان هەن، بە قەت دە ساغان کار و چالاکییان هەیە. سەرچاوەی هێزی هەر کەسێک بیروباوەڕی ئەو کەسە بەو کارەیە کە دەیکا، بێگومان باوەڕت بەو کارەی هەبێ کە دەیکەی، کەمئەندامیی جەستە نابێتە رێگر لەبەردەم خزمەتکردندا.


**هەمزە ئاگوسی**: دوا وتەت بۆ خوێنەران چییە؟

**کەماڵ گرویسی**: سەرەتا سپاسی ئەو خوێنەرانە دەکەم کە تا ئێستا کاتی خۆیان بۆ خوێندنەوەی ئەم وتووێژە داناوە. پاشان پێموایە، ئێمەی کورد لە دووڕێیانی چارەنووسسازی خۆمان دا دەژین. کوردستان راست کەوتووەتە ئەو هەلومەرجەی کە تێیدا کرا بە چوار پارچە. واتە سەردەمی رووخانی ئیمپراتۆڕی عوسمانی. ئەو دەم لەبەر نەخوێندنەوەی هەلومەرجی ئەودەمی جیهان و هەروەها یەکنەگرتوویی خەڵکەکەمان بووە هۆی ئەوەی بێ ئەوەی پرسمان پێبکەن، وڵاتەکەمان لەت بکەن، بەڵام ئێستا ئێمە دەرفەتی لەبارمان لە پێشە. دەبێ کورد ببێتە هێزێکی یەکگرتوو، ببێتە خاوەن تریبوونێک کە لەوێڕا دەنگی نەتەوەکەمان بە گوێی دنیا بگەیەنێ. کورد دەبێ بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بیسەلمێنێ، داڕشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێ لەبەرچاوگرتنی کوردستان و نەتەوەی کورد و مافەکانی، سەرکەوتوو نابێ. سەبارەت بە رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبێ بڵێم، رژێمی ئیسلامیی ئێران بە خێرایی بەرەو کۆتایی خۆی دەڕوا. ئەم رژێمە ناتوانێ بەو شێوازەی تا ئێستای درێژە بە ژیانی بدا، کەواتە چ پاشەکشە بکا و رێگا بە خەڵک بدا بێنە پێش و مافەکانیان داوابکەن،


چ لەسەر ئەم رێیەی تا ئێستای کە سەرکوت و کوشتاری خەڵکە بڕوا و بەردەوام بێ، چارەنووسەکەی هەر یەکە و رووخان و لەناوچوون چاوەڕێیەتی. کەواتە با خەڵکەکەمان بە ورەیەکی بەرزەوە بڕواننە داهاتوو، زۆری نەماوە مۆتەکەی ئەم رژێمە ئیسلامییەیان لەسەر لاچێ و رزگار بن. بۆ کادر و پێشمەرگەکانی حیزبیش داوام ئەوەیە دڵسارد نەبن، ئەو هەلومەرجەی تێیداین، کاتییە و رۆژی ئێمەش دێتەوە و لە چوار چرایە ئاڵاکەمان هەڵدەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------



## ئەوانەی مێژوویان دروست کرد "برایم تارایی" لە "هەوشینان"ەوە؟



ساواک هەر ڕۆژە و بیانوویەکی پێدەگرتین و تا دواجار خەڵکی ئاوایی لێ هاندان و لە ئاوایی دەریانکردین.

وەرن با بە ڕێبەریی حیزب بڵێین بەرژەوەندی گەلی کورد لە بەرژەوەندیی چەند کەسی کورسی پەرەست و قازانج ویست گەورەترە

**هەمزە ئاگوسی**: بۆ ئاشنایی زیاتری خوێنەران دەکرێ خۆت بە خوێنەران بناسێنی و لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریت بۆمان

**برایم تارایی**: من برایم تارایی کوڕی ڕەحمان، ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە ئاوایی هەوشینان لەدایک بوومە.

بەداخەوە مانگ و ڕۆژی لەدایکبوونەکەم نازانم، بەڵام باوکم بۆی باس دەکردم کە ئەو ڕۆژەی من لەدایک بوومە شەهیدی سەرکردە کاک سولەیمانی موعینی هاتۆتە مووچەی ئێمە. بابم بۆمانی باس دەکرد و دەیگوت ئێوارە درەنگانێک کاک سولەیمان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک هاتنە لام و دوای چاخواردنەوەی ئێوارێ کە دەبووایە بۆ ماڵ وەگەڕێم و فەرموویانم کردبان بۆ ماڵێ، عەرزی کاک سولەیمانم کرد کە پێوقەدەمتان بەخێرە و ئەوڕۆ کوڕێکمان پەیدابووە. کاک سولەیمان بەو خەبەرە زۆر خۆش حاڵ دەبێ و بە بابم دەڵێ کەوایە من خۆم ناوێکی بۆ دەبینمەوە. بابم دەڵێ تۆ هەر ناوێکت پێ خۆشە

با ئەو بێ، کاک سولەیمان دەڵێ باشە تۆ بڕۆوە تا هەوا تاریک دەبێ و ئێمەش دێینە ناو ئاوایی ناوێکت بۆ دەبینەوە. دوای کاک سولەیمان و هاڕێکانی دێنە ناو گوند و ئەوجار نایەنە ماڵێ ئێمە و بە بابم دەڵێ من ناوی دەنێم سەرهەد، تۆ دەڵێی چی؟ بابم دەڵێ هەر زۆر خۆشە ئەویش کاک سولەیمان دەڵێ بەتەنێ نابی دەبێ دایکی رازی بێ بابم دەچێتە ژووێ و بە دایکم دەڵێ کاک سولەیمان ناوی ناوە سەرهەد تۆ دەڵێی چی؟ دایکم دەڵێ ئەیڕۆ سەرهەد ناوی بێژینگە، بابم بۆ کاک سولەیمان دەگێڕێتەوە و ئەویش زۆر پێدەکەنێ. کاک سولەیمان دەڵێ باشە من دەڕۆم ئەگەرهاتمەوە شتێکی بۆ بە دیاری دێنم! هەزار جار بەداخەوە نە کاک سولەیمان گەڕایەوە و نە منیش ناوەکەم پێوە نووسا، چونکە ساواک رازی نەدەبوو ناسنامەم بەو ناوە بدرێتێ.

بابم دەیگوت تا ساڵی ١٣٥٢ راوەستام گوتم بەڵکوو ئەو دەوڵەتە بگۆڕێ، بەڵام دوایی بە پیلانی ساواک لە گوندی هەوشینان دەریان کردین و رووومان لە شار کرد، بە ناچار لەوێ بە ناوی برایم ناسنامەم بۆ وەرگرتی..

تەمەنی منداڵیی منیش وەک هەموو منداڵانی گوندەکەمان، بە نەخوێندەواری و بە سەختی دەرباز کرد، بەڵام بۆ من و براکانم هەر زۆر بە ناخۆشی گوزەرا. ساواک هەر رۆژە و بیانوویەکی پێدەگرتین و تا دواجار خەڵکی ئاوایی لێ هاندابن و لە ئاوایی دەریانکردین. جا با شتی خۆش ون نەبێ، پێش ئەوەی لە ئاوایی دەرمان بکەن، ماڵە مام و خاڵەکانم بە بابمیان دەگوت برا بڕۆ تۆ لەگەڵ شا ناتوانی بەربەرەکانی بکەی، بابم هەردەیگوت نا من دەبێ لەسەر زەوی و خاکی خۆم بکوژرێم. لە دواییدا ساواک لەگەڵ گورگەکانیش بوون بەیەک و شەوێک گورگ لە مەڕی دا و ٢١سەر مەڕی لەناو بردین. دوایی دایکم بۆی دەگێڕاینەوە دەیگوت ئەوجار بابتان شمەکەکانیشی لەگەڵ بار نەکردین، بە کوردی بەبێ تەقە تەسلیم بوو

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن بوو تێکەڵ بە سیاسەت بووی و لە رێگای کێوە حیزبی دیموکراتت ناسی

**برایم تارایی**: من هەر لە دەورانی منداڵیمەوە لە رێگای باوکم و ئاغای گوندەکەمانەوە حیزبم دەناسی، بەڵام نەک ناسینێک بە مانای کەلیمە، ئەوان بەیەکەوە دادەنیشتن و باسی زۆر شتیان دەکرد، بۆنموونە ئەوەی باشم لەبیرە زۆر باسی پاسگای لگ بنێ یان دەکرد، دەیانگوت نابێ ئەو پاسگایە لەوێ بێ. هەر بۆیە دوایی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی نیزامی پاشایی، بۆ من ناوی حیزبی دیموکرات زۆر نامۆ نەبوو. دوای رووخانی رژیمی پاشایی، حیزب خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد و بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە شار و گوندەکانی کوردستان کرانەوە و منیش وردە وردە سەرم لە حیزبایەتی دەخورا، بەڵام تەمەنم کەم بوو و نەمدەتوانی ببم بە پێشمەرگە، چەند جارێک لەگەڵ شەهید محەمەد گولابی کە جیرانی خۆمان بوو، باسم دەکرد و ئەو دیگوت راوەستە دوای خۆم پێت دەڵێمەوە بەداخەوە ئەو دوایی لە گرتنی

پایەگای گردەسور لەگەڵ دووهاوڕێی دیکەی بە ناوەکانی مەحموود سمێڵ و محەمەد کە شۆڕەتەکەی ئازانم شەهید کران. دوایی منیش بڕیارمدا نەهێڵم سەنگەرەکەیان چۆڵ بێت ببم بە پێشمەرگە.

**هەمزە ئاگوسی**: قۆناغەکانی ژیانی سیاسیت لە کوێوە دەست پێدەکات؟

**برایم تارایی**: من لە ٥ی بانەمەڕی سالی ١٣٦٢ هاتم بۆ پێشمەرگایەتی، لە لکی ٤ی هێزی ئاوارە لە دەستەی شەهید سەدیق کوهی سازمان درام.

**برایم تارایی**: بەشی هەرە زۆری پێشمەرگایەتیم لەناوچەی لاجانی پیرانشاری بووە.

**هەمزە ئاگوسی**: بەرپرسانی ئەو کاتی حیزبی لەو ناوچەیە کێ بوون؟

**برایم تارایی**: بەرپرسانی حیزبیی ئەوکات فەرماندەری هێز، شەهید مام قادر ئیفتخاری دوای شەهیدبوونی مام قادر، کاک سەید رەسوولی سەیدئەحمەدی بوو،ئەگەر ناوی هەرهەموو بەرپرسانی حیزبی بنوسم زۆر دەبێ و لەوانەیە بریکم لەبیر بچن.

بەڵام لە لکی ٤ ئەو کەسانە بەرپرسم بوونە: شەهیدی هەمیشە لەیاد کاک هەمزە بێهنام وەک سەرلک، کاک ئەبوبکر قەدیکورد وەک بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی لاجانێ، من وەک پێشمەرگە کارم کردووە.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەرکەکانی حیزبیت لە کام هێز و کۆمیتە شارستان دەست پێکرد؟

**برایم تارایی**: من لە سەرەتای پێشمەریەتیم تا ساڵی ١٣٦٦ هەر لە هێزی قەندیل بوومە،ساڵی ٦٦ لەگەڵ چەند هاورێم لەگەڵ کاکە هەمزە نەقڵی هێزی بەیا ن کراین تاساڵی ٦٧ لەوهێزە ماینەوە. ساڵی٦٨ نەقڵی هێزی ئاگری کرام. دوایی گەڕامەوە هێزی قەندیل و تا ساڵی ٧٢ ی هەتاوی لەو هێزە مامەوە و ئەوجار لەسەر داوای کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی نەقڵی هێزی پارێزگاری کرام و ساڵی ٧٤ی هاتمەوە هێزی قەندیل تا دوایین رۆژی پێشمەرگایەتیم هەرلەو هێزە مامەوە، بە کوردییەکەی زۆر گەڕاوم.

**هەمزە ئاگوسی**: دەکرێ بە کورتی باسێک لەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە بکەی کە دژ بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تێیاندا بەشدار بووی؟

**برایم تارایی**: سوپاس بۆپرسیارەکەت!

ئەگەر باسی هەر هەموویان بکەم لەوانەیە زۆر بێ، بەراستی هەر ئەوەندە زۆرن نازانم باسی کامیان بکەم، بەڵام باسی ئەوانە دەکەم کە کاریگەر بوون:

- هاوینی ٦٢ جادەی نەغەدە پیرانشار
- پاییزی ئەو ساڵە شەڕی بەناوبانگی شاری شنۆ
- ساڵی ٦٣ شەڕی سەرین چاوێ
- هەر ئەو ساڵە ٣ جار چووینەتە ناو شاری پیرانشار کە هەر هەموویان زۆر گرینگ بوون .
- سەرەتای سالی ٦٤ عەمەلیاتی ناو شاری پیرانشار کە دوژمن تاسا
- هەر ئەو ساڵە تەفروتوناکردنی گروهی بەناو زەربەتی نەغەدە کە هاتبوونە ناوچەی لاجانێ، بە بۆنەی٢٥ی - گەلاویژی ٦٤ کۆنترۆڵکردنی جادەی سەردەشت پیرانشار، تەفروتوناکردنی گوردانی تەکاوەرانی میزاوێی سەردەشت، ساڵی ٦٥ گرتنی پایەگای گرداسێ
- ساڵی ٦٦ شەڕی بەردەهەڵۆ کە هەردوو هێزی بەیان و پێشەوا کردیان
- هەر ئەو ساڵە گرتنی تۆپخانەی حوسێن ئاباد
- ساڵی ٦٧ شەڕی سپی سەنگ
- هەر ئەو ساڵە شەڕی ناوشاری پیرانشار
- شەڕی دوو رۆژەی گەلی گادەران
- گرتنی پایەگای ئاسنگران
- سووتاندنی پارکماتۆری کارخانەی قەندی ورمێ

- شەڕی گرمەنجەڵی

- شەڕی بەرەتیشکی و زۆر شەڕ و تێکهەڵچوونی دیکە بە داوای لێبوردن لە خوێنەران کە لەبەر زۆری ناوەکان ناتوانم ئاماژە بە هەموو ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە بکەم.

**هەمزە ئاگوسی**: پەیوەندی خەڵک لەگەڵ هێزی پێشمەرگە جۆن بوو

**برایم تارایی**: پەیوەندی ئێمە لەگەڵ خەڵک زۆر زۆر باش بوو و ئەوان حیسابی عەولادی خۆیانیان بۆ دەکردین.
کە پێشمەرگەیەک شەهید دەبوو ئەوان زیاتر لە ئێمە بە داخ بوون بۆی
ئەگەر دوژمن زەربەی دەخوارد ئەوان، ئەوان لە ئێمە خۆشحاڵتر بوون.

**هەمزە ئاگوسی**: خۆشترین و ناخۆشترین بیرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیت چی بوون؟

**برایم تارایی**: خۆشترین بیرەوەریم ئەو رۆژە بوو کە پێشمەرگەکانی حیزب لە شیمیابارانی هەڵەبجەی نەجاتیان بوو.

دیارە شتی خۆش زۆرن، بەڵام ئەوەیان تایبەتی بوو، ناخۆشترین کات ئەو کاتانە بوون کە هاوڕێیەکم شەهید دەبوو، لە هەر هەموویان ناخۆشتر شەهیدبوونی هەر دوو رێبەری هەڵکەوتەی گەلەکەمان کاک دکتۆر قاسملوو کاک دکتۆر سەعید بوو کە بە ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانم دێنە ئەژمار..


**هەمزە ئاگوسی**: حەز دەکەی دوا وتەت بۆ خوێنەران چی بێ؟

**برایم تارایی**: دوا وتەی من بۆ هاوڕێکانم ئەوەیە وەرن با هەمووومان فشار بۆ هەردوو رێبەرایەتی حیزب بێنین کە واز لەو لوتبەرزییەی بێنن و نەک بۆ جارێک، بەڵکو بۆ هەمیشە ئاواتی دوژمنان لە گۆڕ بنێن! وەرن با بە رێبەریی حیزب بڵێین بەرژەوەندی گەلی کورد لە بەرژەوەندیی چەند کەسی کورسی پەرەست و قازانج ویست گەورەترە،با بە هەمووومان نا بەو کەسانە بڵێین کە بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دەیانەوێ جولانەوەیەک لەناو بەرن،هاڕێیان ئەو ناو و ناتۆرە قێزەونانەی کە ئێمە لە یەکتریان هەڵدەدەین هیچیان ناچنە خانەی خزمەتکردن بە جولانەوەی هەقخوازانەی گەلەکەمان.

هاوڕێیـان وەرن بـا هـەمووبمان بـەرەو یەکبوونـەوە و برایـەتی هـەنگاو هـەڵبگرین و ئەگەر ئەوە نەکەیـن، گەمە بە رابـردووی خۆمان و بە هاوسەنگەرە شەهیدەکانمان دەکەین، چاو لێکەن چۆن بـووین بە گاڵتەجاڕی زاری کەسانێک کە بۆ قـازانج و بەرژەوەندیی کەسانی دیکە خۆیان بە دار و بەرد دادەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

-----------------------------------------------



## کەماڵ چاوشینی، ئەو کوڕە کوردەی لایەکی جەستەی بە نیشتیمان بەخشی



بۆ خزمەت بەگەل و نیشتمانم، هەر ئەوەندەم لەدەست دەهات کە نیوەی لەشم بە بارەگای نەتەوە و نیشتیمانی خۆم ببەخشم کە بەخشیم و گەردنی ئازاد بێت

لەگەڵ فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان و ئازایەتی پێشمەرگە لە شەڕی سێ مانگەدا، ناوی هێزی پێشمەرگەو ناوی حیزبی دێموکرات و ناوی دکتور قاسملوو بۆم ببوونە شتێکی پیرۆزە

کەماڵ چاوشینی، ساڵی ٢١ - ٦- ١٣٤٦ی هەتاوی لە شاری مهاباد لە دایک بووە. تا پولی سێهەمی ناوەندی لە قوتابخانەی جامیی شاری مهاباد دەرسی خوێندووە و زۆر منداڵ بووە کە باوکی کوچی دوایی کردووە. خاوەنی سێ خوشک و دوو برایە و ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی هاتووەتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە یەکێک لە شەڕەکانی دژ بە داگیرکەرانی کوردستاندا بریندار دەبێت و بە هۆی ئەم برینەوە دەست و لاقێکی لە دەست دەدات و ئێستا وەک کەمئەندامێک لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێیە. ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ عیسمەت خان ژیانی هاوسەری پێک دێنێ و تاقانە کورێکیان هەیە بە ناوی دیاکۆ. بۆ ئاشنایی زیاتری خوێنەرانی کدپمیدیا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئەو بەرێزە کرد و ئەویش بە دڵفراوانییە بۆمان هاتە ئاخاوتن:

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن و لە رێگای کێوە حیزبی دیموکراتت ناسی؟

**کەماڵ چاوشینی**: یەکەم جار کە من ناوی حیزبی دێموکراتم بیست، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ٥٧ بوو، بەڵام پێشتر

لە زمانی خزم و کەسوکار و بنەماڵەی خومانەوە واژەی پێشمەرگە و باسی کۆماری کوردستان و ناو و باسی پێشەوا قازی محەمەدم گەلێک جار بیستبوو و بۆم ئاشناو ناسیاو بوو. پێشتر لە درێژەی ساڵی ٥٧ دەمبیست کە خەڵک شایان خۆش ناوێ و حەز بە وەلاچوونی دەکەن. دەمبیست کە لە شارەکانی کوردستان و ئێران خەڵک لە دژی شا ڕاپەڕیون و دەڵێن شامان ناوێ، بەڵام نەمدەزانی چییان دەوێ. لە دوای مانگی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ کە شارەبانی مەهاباد لە پاسەبان و پۆلیسی شا پاک کراویەوە و پادگان کەوتە دەستی کوردان. لەناو شار بۆ بە باو کە دێمۆکرات بۆتەوە دەستەڵاتداری شار و بێگانەبەدەر کراوە. دەمبینی و هەستم پێدەکرد کە خەڵک چەندە شاد و خۆشحاڵن، منیش هەر وا لە خۆمەوەو وێڕای ئەوان شاد و خۆشحاڵ بووم. لەگەڵ فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان و ئازایەتی پێشمەرگە لە شەڕی سێ مانگەدا، ناوی هێزی پێشمەرگەو ناوی حیزبی دێموکرات و ناوی دکتور قاسملوو بۆم ببوونە شتێکی پیرۆز. هەموو ئەو سەرکەوتن و دەستکەوتانەم لەچاو خەباتی حیزبی دێموکراتدا دەدیت و ئەم حیزبەم بە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی دەزانی . خەڵکی شاری مەهاباد، یا کەسوکار و ئاشنایانی ئێمە زۆربەیان ئەندام و لایەنگری ئەو حیزبە بوون. بوونی ئاشکرای هێزی پێشمەرگە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خەڵکی لە دەوری خوی کۆ دەکردەوە. دەمبینی کە بە هەزاران ئینسانی ئازادیخواز و نیشتیمانپەروەر دەبنە ئەندامی ئەو حیزبە و چەکی بۆ هەڵدەگرن. منیش ئەو دەم سەرەڕای کەمی تەمەن، حەزم دەکرد کورد سەربەخو بێ و بە بوونی پێشمەرگە لە ناو شاردا هەستم بە شادی دەکرد و وەک پیرۆزترین مرۆڤی ئەو سەرزەمینە دەمڕوانییە پێشمەرگە. لە لایەک شانازی بە پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی، لە لایەکی دیکەوە هەستی نەتەوایەتیم وای لێکردم، کە بێ ئەوە پێوەندی بە حیزبەوە بگرم، هەر لە خۆمەوە وەک زۆربەی خەڵکی شاری مهاباد خۆم بە پێشمەرگەو ئەندامی حیزبی دێموکرات بزانم. بەڕاستی واژەکانی حیزبی دێموکرات و کوردایەتی وەها تێکەڵ بەیەک بوون، خەڵک بەیەک واژەو مەبەستی دەزانین و لێک جیا نەدەکرانەوە و ئێستاش هەر وایە و ئاوای دەبینم.

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن بوو، بڕیارت دا چەکی پێشمەرگایەتی بکەیە شانت؟

**کەماڵ چاوشینی**: دیارە هەموومان دەزانین ویستی نەتەوایەتی شتێکی ڕەوایە و هەموو نەتەوەیەک هەقی خویەتی چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دیاری بکات. گەلی کوردیش لە سەر مافی رەوای و بە تاوانی کوردبوون دراوەتە بەر هێرشی دوژمنان و شار و گوندی لە لایەن حکومەتە فاشیستەکانەوە قەڵاچۆ کراوە، هەموو خەڵکی کورد شاهیدی جنایەتەکانی ڕێژیمی کوماری ئیسلامییە کە چۆن شار و دێهاتی کوردستانی بە تانگ و توپ و تەیارە بۆمباران و وێران کرد. بە هەزاران کەسیان لە خەڵکی بێتاوان شەهید کرد، پۆل پۆل لاوانی کوردیان لە زیندانەکانی خۆیاندا بە بێ دادگایی ئێعدام دەکرد. هەر لەو شارەی ئێمە، ئەو دەم وەبیرم دێ ڕۆژانە تەواوی شەقام و کوچە و کۆڵانەکانی مهاباد بە پاسدارە بەکرێگیراوەکان دەتەنرا و کەس بە راحەتی نەیدەتوانی بچێتە سەر کار و کاسبی خۆی. ڕۆژ نەبوو خەڵک بە دەستی پاسدار و

دامودەزگاکانی ڕژیمی داگیرکەری کوردستان ئەزییەت و ئازار و زیندانی و گوللەباران نەکرێن. زور ناخۆشە لە شار و وڵاتی خۆت پاسدارێکی کە کەس نازانێ خەڵکی کوێیە، نە زمانت دەزانێ و نە لێی تێدەگەی، نە ڕەنگ و جلوبەرگی لە هی خۆت دەچێت، بێت لە خۆڕایی بەربینگت پێ بگرێت و داوای پێناسەت لێبکات و تەشقەڵەت بۆ سازبکات. تۆش وەک دیل چاوەڕوانی ئەمری ئەو بی کە ئیزنت بدات بڕۆی، یا بتگرێت. لە لایەکی دیکەش عەمەلیاتی پێشمەرگە قارەمانەکانم دەدیت کە چون ڕاو ڕاوێنیان بە پاسدارە پیاوکوژ و خوێنمژەکانی خومەینی دەکرد. ڕۆژ نەبوو تۆڵەی خوێنی خەڵکی بێتاوان لە بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئاخوندی نەکەنەوە. هەر ئەو زوڵم و زۆرییەی نەتەوەی حاکم و فیداکاری و تێکۆشانی پێشمەرگە بوونە هاندەرم کە بڕیارم دا ببمە پێشمەرگە و تێگەیشتم پێشمەرگایەتی و کوردایەتی ڕێگایەکی پیرۆزە و ئەگەر بشکوژرێم جێگای شانازیمە. هەر بۆیە لە گەڵ هاوڕێکەم ساڵی ١٣٦٢ بڕیارمان دا ببینە پێشمەرگە و لە شار چووینە دەر و بەرەو گوندی لاچین وەڕی کەوتین. گوندی لاچین لە سێ چوار کیلۆمەتری لای ڕۆژاوای شار هەڵکەوتەوەو نزیکترین بنکەی پێشمەرگەی لێ بوو. کە گەیشتینە ئەوێ، چاومان بە دەستەیەک پێشمەرگە کەوت کە زوربەیانمان دەناسی. زۆریان خەڵکی گەڕەکی خۆمان بوون. یەکێک لەم پێشمەرگانە کاک محێدینی شەریفزادە بوو. پرسیان کوڕێنە لە چێ دەگەڕێن؟ گوتمان هاتووین بۆ پێشمەرگایەتی. ئەوانیش گوتیان ئێوە منداڵن و جارێ پێشمەرگایەتی بو ئێوە زوویە و بۆ شاریان بەرێ کردینەوە، بەڵام هەوای پێشمەرگایەتیم هەر لەسەر دەر نەدەچوو و زوڵم و زۆریی پاسدارانی ڕژیمیشی دەهاتە سەر. بێدەنگی و دەست نەکرنەوەم بە تاوان دەزانی و زۆر جار بێزم لە بێدەنگی خۆم و گەلێک خەڵکی دیکە هەڵدەستا، بۆیە ساڵێک دواتر لە گەل چەند هاوڕێ دیکە هاتینەوە و بە یەکجاری بوومە پێشمەرگە.

**هەمزە ئاگوسی**: لە کام ئۆرگان و هێز سازمان درای؟

**کەماڵ چاوشینی**: ساڵی ١٣٦٣ لە لکی چواری هێزی شەهید پێشەوا سازمان درام و چەکی شەڕەفی پێشمەرگایەتیم لە شان کرد و دەستم کرد بە تێکوشان.

**هەمزە ئاگوسی**: بەرپرسانی ئەو کاتی هێزی پێشەوا کێ بوون؟

**کەماڵ چاوشینی**: - بەرپرسی کومیتەی شارستانی مهاباد کاک تاهیری عەلیار

- بەرپرسی هێزی پێشەوا شەکرەی مەجنوون

هێڗی پێشەوا ئەو کات چوار لکی هەبوو، بەرپرسانی لکەکان بریتی بوون لە:

١- کاک ناسری پیرانی بەرپرسی لکی یەک

٢- کاک سولەیمانی سەعیدی بەرپرسی لکی دوو

٣- شەهید کاک خدرە سوور بەرپرسی لکی سێ

٤- سەرگورد سەدیق بەرپرسی لکی چوار کە دوایی کاک خالید وەنەوشە بوو بە بەرپرسی لک.

لە لکی چوار دوو دەستمان هەبوو، دەستەی شەهید سەید تەها کە کاک یوسفی خوشڕو بەرپرسی بوو. دەستەی شەهیدانی گڵۆڵان کاک هێرشی بەهرەمەند بەرپرسی بوو.

**هەمزە ئاگوسی**: یەکەم شەڕ کە تێی کەوتی لە کوێ بوو و چۆن بوو؟

**کەماڵ چاوشینی**: یەکەم شەر کە تێیدا بەشدار بووم، عەمەلیاتێکی هاوبەشی هێزی شەهید پێشەوا و هێزی شەهید عەزیزی یوسفی لە ناوچەی گەورکایەتی سەقز، لە سەر جادەی بانە سەقز بوو. دوای دابەشکردنی کار و ئەرکەکان، من و شەهید سولەیمان ئاریپیجی خەڵکی گوندی کانی سێو کە لەو شەڕەدا بی،کەی،سی پێ بوو و لە گەڵ پێشمەرگەیەکی هێزی شەهید عەزیزی یوسفی بە ناوی فەریدوون بۆسەر تەپۆڵکەیەکی دیاری کراین کە دەیڕوانییە سەر جادەکە. لە بیرمە بە هەمووی ١٠ دەقیقەی نەکێشا کە ماشێنێکی پڕ لە پاسدار کەوتە نێو کەمینی پێشمەرگەکانی سەر جادە و تەقەیان لێ کرا و کەسیان دەر نەچوو. بە دەنگی تەقە، هێزی یارمەتیدەری دوژمن لە هەموو مۆڵگەکانی دەوروبەرەوە بەرەو شوێنی شەڕەکە وەرێ کەوتن. لە شەڕێکی قورس و گران و دەستەویەخەدا ئەوانیش پاشەکشەیان پێ کرا. ئەو شەڕە زۆر بە خێرایی و بە بەرنامە بوو، بە هەموویەوە سەعاتێکی نەگرت کە زەربەیەکی باش وە بەکرێگیراوانی رژیم کەوت و لەو شەڕە دا چەندین داگیرکەر کوژران و تەرمەکانیان لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مان. هێزی پێشمەرگە زور بە خێرایی و بە دەستکەوت و بێ شەهید و بریندار شوێنی چالاکیمان بە جێ هێشت.

**هەمزە ئاگوسی**: لە کوێ بریندار بووی و دەکرێ زیاتر بۆمان روون بکەیەوە؟

**کەماڵ چاوشینی**: ساڵی ١٣٦٥ هەتاوی دوای سازماندهی هێزەکانی پێشمەرگە، ئێمە هێزی پێشەوای دوای ماوەیەک حەسانەوە لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب، بە قەندیل و بە ناوچەی پیرانشاردا بەرەو مەنگوڕایەتیی مهاباد وەرێ کەوتین. دوای یەک دوو رۆژان لە بەندەنەکانی کانێ نێرخاسان کە چەند چادرێکی لێ بوو، بۆ حەسانەوە لامان دابوو، لای ئێوارێ لە لایەن بەرپرسەکانمانەوە ئاگادار کراین کە ئامادە بین ئەمشەو هێرش دەکەینە سەر پایەگاکانی رژیم. (دیارە با قسەی خۆشیش ون نەبێ، دوای ئەوەی کە پێمان راگەیاندرا خو خڕ کەینەوە، من ڕانک و چۆغەیەکی رەشم دەبەردابوو،

هاوڕێی بەڕێزم کاک هەمزە مەنگوڕ هاتە لام و پێی گوتم: کەمال ئەو جلە ڕەشانە دانێ و بەرگێکی حیزبی لەبەر بکە. منیش پرسیارم لێ کرد لە بەر چی؟ گوتی ئەمشەو دەچینە سەر پایگا و بەو جلە ڕەشانەوە بە شەو زوو دەبیندرێ و دەترسم ئەمشەو شتێکت بەسەر بێ. جلکە حیزبییەکان باشن ڕەنگی خاکین و بە شەو دیاری ناکرێن. منیش گوتم نا هیچ نابێ، دەچین و بە سەرکەوتووییەوە دەگەڕێینەوە. گوتی دەباشە کەیفی خۆتە، بەڵام هەر لەخۆوە قسەی کاک هەمزەم لێبوو بە تەڵقین و خوتخوتە دایگرتم کە ئەمشەو حەتمەن بەڵایەکم بەسەر دێ، جا بۆیە هەر بە خاتری ئەو قسەی چووم بەرگەکانی حیزبیم دەبەر کرد.) شەو درنگانێگ وەرێ کەوتین بۆ بەرەو مۆڵگەکانی ڕژیم. ئەو دەستەی ئێمە چووینە سەر پایگای سەرتان (ناوچەی مەنگوڕایەتی مەهاباد)، دەستەکانی دیکەش بو پایەگاکانی مەڕانە و گومەڵیان و باگردان دیاری کران. چاوەڕوان ماینەوە تا دەستوری تەقمان پێ بدرێ. بە دەستوری فەرماندەی عەمەلیات لە هەموو لایەکەوە مۆڵگەکانی دوژمن ئاورباران کران، ئێمەش وێڕای هاوڕێیانی دیکە دەستمان بە تەقە کرد. لەو ماوە کورتەدا کە ئێستا پێنج دەقیقە لە شەڕەکە لای نەدابوو، لە پڕڕا کەمتر لە چرکەیەک بەری چاوم تاریک بوو و لە هۆش خۆم چووم، کاتێک کە وەهۆش هاتمەوە نە دەستی ڕاستم نە لاقەکانم نەدەجوڵانەوە (کەوتبوومە بەر پڕیشکی تەقینەوە و سەر و سینگ و لاق و دەستم بریندار ببوون، بەڵام هۆی فەلجبوونی دەست و لاقم هی برینی سەرم بوو. پریشکەیەک لە لای چەپی سەرمی دابوو و بە ناو مێشکمدا ڕەت ببوو و لە لای ڕاستی سەرمدا گیرسابووەوە. دوای وەی کە هاتمە وڵاتی سوئێد، هەر ئەو پڕیشکەیە کە لە سەرمدا بوو، چلکی کرد و لە نەخوشخانی کارولینسکای سوئێد عەمەلیان کردم و هێنایانە دەر) لە کاتی وەهۆش هاتنەوەم هاوڕێ بەڕێزم کاک ئەبوبەکری خوسرەوی لە لام بوو. پرسیارم لێ کرد کە لاق و دەستم لە سەر جێ خویەتی؟ چونکە من بەڕاستی پێموابوو دەست و لاقم پەڕیوە، دەنا بۆ ناتوانم هەستمەوە سەر پێ؟ لەو کاتەدا بوو کە برایانی بەڕێزم کاک مستەفای محەمەدی و کاک هەمزە مەنگوڕ گەیشتنێ و لە شوێن شەڕەکەوە رایانگواستم بو شوێنێکی ئارامتر، لەوێشڕا بە سواری هێستر بردیانمەوە بۆ گوندی موسادایکوژاو و لەێشڕا بۆ چادرەکانی کانێ نێرخاسان. لەو شەڕەدا بە داخەوە پێشمەرگەیەکمان بە ناوی عومەرە سوور شەهید بوو و کاک سمایل ئەقدەم (سمایلە چکۆل) و جەعفەر مەولودی (جەعفەر عەجەم) بە توندی بریندار بوون، لەوێشڕا پەلێک پێشمەرگە کە ئەودەم کاک عەلی باڵەکی سەرپەلیان بوو، هەزار سەختی و ناخۆشیان تەحمول کرد تا ئێمەیان گەیاندە نەخۆشخانەی شۆڕش کە بەڕاستی زۆریان سپاس دەکەم.

**هەمزە ئاگوسی**: دوای برینداریت لە کوێ نیشتەجێ کرای؟

**کەماڵ چاوشینی**: دوای ماوەیەک لە نەخۆشخانەکانی حیزبەوە دراین بە شوێنێک بە ناوی ئاسایشگا کە شوێنی مانەوەی کەمئەندامانی شەڕ بوو.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەو هاوڕێ کەم ئەندامانەی کە لەگەڵتدا بوون کێ بوون؟

**کەماڵ چاوشینی**: بەداخەوە گەلێک کادر و پێشمەرگەی کەمئەندامی شەڕی نەخوازراوی لێ بوو، بەڵام ئەوانەی وەک هێزی پێشەوا کە لەبیرم مابن بریتی بوون لە هاوڕێ و هاوسەنگەران : کاک عەلی محەمەدی (عەلی رەش)، کاک جەواد دانیشپێژۆ، کاک محێدین شەریفزادە، کاک جەعفەر خەبات، کاک ئەحمەد حەسەن و کاک رەحمان تەهایی...

**هەمزە ئاگوسی**: ئایا لە دەرەوەی وڵاتیش چالاکیی حیزبیت هەبووە؟

**کەماڵ چاوشینی**: بەڵێ چالاکیم هەبووە. ئەو کات کە ئێمە هاتینە سوئێد، ئەندامانی حیزبی تەقریبەن خوی لە ٨٠ کەس دەدا کە زۆربەشیان کەمئەندام بوون، بەڵام بەو حاڵەشەوە زۆر چالاک بووین و هیچ کات هەستمان بە ماندوویی نەدەکرد . لە بۆنە گرینگەکاندا گەلێک خۆپێشاندانی گەورەمان بەڕێوە دەبرد. منیش وەک ئەو هاوڕێ بەڕێزانە چالاک بووم و قەت خۆم لە کاری حیزبی نەشاردووەتەوە.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەگەر رۆژێ تەندروستیت وەدەست بێنییەوە چ بڕیارێک دەدەی؟

**کەماڵ چاوشینی**: بەڕاستی چونکە فێر نەبووم بیر لەشتی ناوومکین بکەمەوەو بە خەیاڵ بژیم، قەت بیرم لەوەی نەکردووەتەوە کە رۆژێک تەندروستیم وەدست بێنمەوە و ئەم کەمئەندامی و ناتەواوییەم وەک راستییەک سەلماوە و هەر هیوادار بووم خراپتر نەبم، بەڵام ئەگەر هات و تەندروستیم بەرەو باشی بڕوات و کەمێک زەمان بۆ دوایە بگەڕێتەوە، وەدوای خوێندن دەکەوتم بۆ ئەوەی کاری باشم بۆ گەلەکەم لەدەست بێ.

**هەمزە ئاگوسی**: دواوتەت بۆ خوێنەرانی کدپ میدیا چییە؟

**کەماڵ چاوشینی**: دیارە من نامەوێ خودای نەخواستە ئامۆژگاری کەس بکەم. بەداخەوە من لە ژیانی حیزبایەتیمدا لەناو حیزبی دێموکراتدا دوو جار دابڕانی خەباتشکێن و ورەبەزێنم دیتوە کە هەموو کوردێکی ئاگا و نیشتمانپەروەر و نەتەوەخواز هەتا ئێستاش پێوە دەناڵێت، برین و دابڕانێک کە قەت قەرەبوو ناکرێتەوە.... هەر وەک پێشتر عەرزم کردن من کەمئەندامێکی پێشمەرگە بووم، بۆ خزمەت بەگەل و نیشتمانم هەر ئەوەندەشم لەدەست دەهات کە نیوەی لەشم بە بارەگای نەتەوە و نیشتیمانی خۆم ببەخشم کە بەخشیم و گەردنی ئازاد بێت. لە دوای بریندارbوونم زۆرم ناخۆش لێ گوزەراوە و زۆر

لە نەخۆشخانان کەوتووم. باوەڕتان بێت، ئێستاش بە دیتنی ئامبولانس و پرسێنێلی نەخوشخانە و بیستنی ئاژێری ئامبولانس حالّم بە تەواوی تێک دەچێ، هەموو جارێ هیوا دەخوازم کە جارێکی دیکە رێم لەوێ نەکەوێتەوە، چونکە بەڕاستی پڕ ئازار بوو و بێزار بووم. بە هەمووی ئەو حالانەوە من دابڕانی حیزبی دێموکراتم زور پێ ناخۆشتر بووە و هەیە. کاتێک هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دوێنێ دەبێنم کە لێک دابڕاون و یەکتر نادوێنن و تەنانەت دژی یەکتر و ڕێبەرانیش قسە دەکەن، هەموو ناخۆشی و برینەکانی لەشم تەشەنا دەبنەوە و ئازارم دەدەن، ئازارێکی بێ بڕانەوە. هەر بۆخۆم سەرم لێ شێواوە ، نازانم کێم هاوسەنگەر و هاوڕێیە و دەگەڵ کێ هاوسەنگەر و هاوڕێم. کێم خۆش بوێ و کێ خۆشی دەوێم... نازانم... حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات جێگە و پێگەی تایبەتی خوی هەیە لە ناو خەڵکی کورد، یەکەم حیزبە کە ئالاّی کوردایەتی بەرز کردووەتەوە و بە درێژای مێژووی خۆی هەمیشە جێگای هیواو ئومێدی گەلی کورد بووە. گوناح و تاوانە خەڵکی خۆت لە هیوا بخەیت و پێ لە شانازی و ڕابردوی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەت بنێی. من پێموایە یەکڕیزی و هاوفکری حیزبی دێموکرات هیوایەکی گەورە دەخاتە ناو دڵی گەلی کورد لە رۆژهەلاّتی کوردستان، هیوادارم تۆوی ئاژاوە و ناتەبای بە یەکجاری لەنێو حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کوردا خاشەبڕ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

-----------------------------------------------



## وچانێک لە هەوشار و پشوویەک لە کوێستانەکانی ماینبڵاغ



**داوام لە نەوەی داهاتوو ئەوەیە کە مێژووی پڕ لە سەروەری و حەماسەخوڵقێنیی نەوەکانی پێش خۆیان لەبیر نەکەن**

**هەمزە ئاگوسی: کاک حەسەن سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە بە ئێمەت دا، بۆ ئاشنایی زیاتری خوێنەران دەکرێ خۆت بناسێنی و لە قۆناغی منداڵی و مێرمنداڵیت بۆمان بدوێی؟**

**حەسەن ئوستادی: منیش سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆم ڕەخساندم.**

**من حەسەن ئوستادی، کوڕی عەبدوڵڵای میرزا شوکروڵڵام. لە ساڵی ١٣٣٤ ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە گوندی قۆزڵووی هەوشار چاوم بە دونیا هەڵێناوە. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا نێردراومەتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی گوندەکەمان. ئەمن تا پۆلی پێنجی سەرەتاییم خوێندووە. قۆزڵوو زیاتر لە ٤٠٠ تا ٥٠٠ ماڵی تێدابوو، بەڵام قوتابخانەکەی تا پۆلی پێنجی سەرەتایی بوو. ئەو خوێندکارانەی کە مەبەستیان بوو بەردەوام بن لە خوێندن دەبوو ڕوویان لە شاری تیکاب یان سایەنقەڵا کردبا. ئەو دوو شارە لە نەتەوەکانی کورد و تورکی ئازەری پێک هاتوون، بەڵام تورک باڵادەست بوون و لە بواری کولتووری و مەزهەبیشدا جیاوازیمان زۆر بوو. تورکەکان بە مەزهەب شیعە بوون و ئێمەی کوردیش سوننی بووین.،هەر بۆیە فەرق و جیاوازی زۆریان لەگەڵدا دەکردین.**

**بەشێک لە خزم و کەسمان لە سایەنقەڵا دەژیان، بۆیە ڕووم لەو شارە کرد بۆ بەردەوام بوون لە خویندن. لەگەڵ منداڵی پورێکمدا دەچووم بۆ قوتابخانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پورەکەم هاوسەرەکەی تورکی ئازەری بوو، منداڵەکانیشیان شانبەشانی باقی تورکە ئازەرییەکان لە قوتابخانە بە چاوی سووکەوە سەیران دەکردم.**

تا شەش مانگ بەردەوام بووم لە خوێندن، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆریان ئازار دەدام، ڕۆژێکیان بۆ سەردان ڕووم لە گوند کردەوەو ئیتر بڕیارمدا نەچمەوە قوتابخانە.

لە ئەوەڵی بەهاری هەمان ساڵدا، باوکم ناردمییە بەر خوێندنی ئایینی لە لای مەلا شێخ جەلالی ئەسعەدی. بەڕاستی مەلایەکی زۆر باش و کوردپەروەر بوو، سەد ڕەحمەت لە گۆڕی. هەر لە لای ئەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا بۆ ماوەی چوار ساڵ خویندنی قورئان، گولستان و بوستانم تەواو کرد.

لەدوای کۆتاییهێنان بە خویندن، براکانم نەیانهێشت کاری وەرزێری بکەم و هەر لە گوندەکەی خۆمان دوکانێکیان بۆ دانام و لەگەڵ باوکمدا دەستم دایە کاسبی. هەر بەهۆی کاسبیکردنەوە زۆر هاتووچۆی شارەکانم دەکرد و لاوێکی چاو کراوە بووم. خەڵکی ناو گوندەکەمان بەزۆری خەریکی فەرشکردن بوون و ئەمن کەرەستەی چنینی فەرشم لە شارەوە بۆ بەشێکی زۆریان دەهێنا کە قازانجەکەی شەریکی بوو.

**هەمزە ئاگوسی**: دەکرێ باسێک لە هەوشار و هەڵکەوتی جوغرافی و لایەنی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچەیە بۆ خوێنەران بکەی؟

**حەسەن ئوستادی**: هەوشار سەر بە پارێزگای ورمێیە، بە پێی ئەو دابەشکردنە ئیدارییەی کە کۆماری ئیسلامی کاری پێ دەکات، بەڵام بەبێی دابەشکردنی ناوچەیی لە کوردستاندا هەوشار سەر بە پارێزگای موکریانە. هەروەها کەوتووەتە بەینی شاری تیکاب، سایەنقەڵاو فەزوڵابەگیی بۆکان. هەوشار ناوچەیەکی بەربڵاوە کە ٢٨٠ تا ٣٠٠ گوند لە خۆ دەگرێت و هەڵدەکشێت بۆ تەختی سولەیمان و لەگەڵ زەنجان هاوسنوورە. دیارە ژمارەی دانیشتووانی ناڕوونە بۆ من، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە لە شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ئاگاداری سەرژمێری ئەو ناوچەیە نیم. ژمارەی هەرە زۆری دانیشتووانەکەی لە کورد پێکهاتووە، بەشێکیش تورکی ئازەری و چەرداوڕوویی تێدا نیشتەجێیە. چەرداوڕوویەکان لە شارۆچکەی مەحموودجخ و دێهاتەکانی دەورووبەری نیشتەجێن.

هەوشار بەسەر دووناوچە دا دابەش دەکرێت.

١- ناوچەی محاڵی سەروو کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی ڕێگای تیکاب - سایەنقەڵا
٢- ناوچەی محاڵی خواروو کە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی ڕێگاکە بەرەو سایەنقەڵا و دۆڵی موسڵان و زاخۆران دەڕوات کە چۆمی جەغەتوو سنوورەکەی پێک دێنێت. لە بەشی باکوورییەوە موسڵانیەکان و زاخۆرانیەکان نیشتەجێن. بە پێی سەرچاوەکان ئەم خەڵکە لە موسڵ و زاخۆوە ڕوویان لە هەوشار کردووە. ئەم خەڵکە خۆیان وەک کورد لە قەڵەم دەدەن و زارەوەیان لە کوردەکانی هەوشار جیاوازەو هەروەها دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە و مەزهەبیشیان شیعەیە.

بەشەکانی تری هەوشار بە زاراوەی سۆرانی و کەلهوڕیی کرماشانی دەئاخڤن.
دوو ڕێگا ناوچەو شارەکانی سەر بە هەوشار بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە بریتین لە ڕێگای تیکاب بۆ تەختی سولەیمان و ڕێگای تیکاب بۆ سایەنقەڵا.

کوێستانەکانی ناوچەی ماینبڵاغ سەرچاوەی ئاوی زۆرە کە چۆمی قەورە پێک دێنێت، بە نێوان گوندی قسقۆپی و تۆمەراغاج دا تێپەڕ دەبێت و دەڕژێتە ناو چۆمی جەغەتوو. پاشان چۆمێکی تری هەیە بە ناوی چۆمی سارۆخ کە لە سەرچاوەی ئاوی کوێستانەکانی ئاغدەرە و قسقاپان پێک دێت.

شایانی باس کردنە کە لە زنجیرە چیاکانی سەهەند و سۆلان بەفر ساڵەوساڵ دەمینێتەوە و هەر ئەو بەفرەیشە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاوی ئەو چۆمانە.
چۆمی سارۆخ دەڕژێتە ناو سەدی کورشی کەبیر کە دەکەوێتە بەینی هەوشار و بۆکان.
ئەو ڕووبارانە بوونەتە هۆی سەرچاوەیەکی گرینگی ئابووری لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا. هەروەها چۆمەکان دەوڵەمەندن بە بوونەوەری ژێر ئاوی کە ئەویش سەرچاوەیەکی گرینگی ئابوورییە.

هەروەکوو باسمان کرد کە خاکی هەوشار خاکێکی بە پیت و بەرەکەتە، لە هەمان کاتیشدا شاخەکانی لە بواری کانزاییەوە زۆر دەوڵەمەندن وەکوو زێڕ، زیو، زەرنێق، مس و گۆگرد. لەوانیش کانگای زێڕی ئاغدەرەو زەنجان. هەروەها بەردی مەڕمەڕ کە لە پشت گوندی گێچەقەڵاسی کە هەتا ئێستا حکومەت کارخانەی لێ دروست کردووەو بەردەکەی دەفرۆشێت. پاشانیش کارخانەی چیمەنتۆ لە بەینی گوندی ئاغەجەری و قسقۆپی. شاخەکانیشی بریتین لە بەیان، ئاسمان بڵاغی، کێوەڕەش، سوروسات، بێژنگ بەسەرە، شاخ شاخ، تەوێڵەکۆ و سوورە قەڵا.

شوێنە مێژووییەکانیشی وەکوو تەختی سولەیمان، قەڵای کەرەفتوو، زیندانی نەبی کەندی، قەڵای کچان، ئەشکەوتی بەیان، کونە ورچ و کونە مانگا. شایانی باسە تەختی سولەیمان ئاوێکی گەرمی هەیە کە بۆ زۆر نەخۆشی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ئاوی گەڕاویش هەیە کە بۆ نەخۆشی پێست سوودی خۆی هەیە. شارێکی کۆنی مێژوویش هەیە کە لە بەر کێوی بەیان و پشت گوندی قۆزڵووی هەوشار هەڵکەوتووە.

لە بواری هونەریشدا خەڵکەکەی دەستڕەنگینن و یەکێک لە کارە دەستییەکانیشیان فەرشی هەوشارە کە لە کوردستان، ئێران و جیهان دا بەناوبانگە.

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن بوو تێکەڵ بە سیاسەت بووی؟

**حەسەن نوستادی**: بۆ سەردان چووم بۆ شاری تاران بۆ لای چەند هاوڕێیەکەم کە لەوێ کاریان دەکرد. پاش چەند ڕۆژێک مانەوە شاری تارانم زۆر پێ خۆش بوو، بۆیە هەر لەوێ مامەوە بۆ کارکردن. هەر لەوێ دوای ماوەیەک ئاشنایەتیم لەگەڵ چەن خوێندکارێکی زانکۆ پەیدا کرد. هەر لەو خەتەوە بوو لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا دەستم دایە کاری سیاسی. یەکێک لەوان ناوی کاک ئەبوبەکر بوو کە خەڵکی بانە بوو. مرۆڤێکی تێگەیشتوو و زانا بوو. ناوبراو داوای لێ کردم کە لە متینگێکی زانکۆدا بەشداری بکەم کە ڕۆژی هەینی بوو. متینگەکە کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆ دەستی پێ کرد. خەڵکێکی زۆر بەشدار بوون. کاک ئەبوبەکر لەو متینگەدا لەگەڵ چەند کەسانێکی تر کە من نەمدەناسین، وتاریان پێشکەش کرد. ساواک و چڵکاوخۆرەکان، هەر کە زانیان متینگەکە بەئاقاری سیاسیدا دەڕوات، تێکیان داو خەڵکەکەیان بڵاوە پێکردو بەشێکیشیان گرت، ساڵی ١٣٥٦ بۆ ٥٧ بوو. ئەمن لەدوای ئەو ڕووداوە گەڕامەوە بۆ گوندەکەی خۆمان. وردە وردە لە شارەکان دەنگۆی نارەزایەتی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی دەستی پێ کرد. ئەمنیش ئەو بەسەرهاتەی تارانم بۆ باوکم گێڕایەوە. ئەویش زۆری پێ خۆش بوو. لەبەر ئەوەی ناوبراو پێشمەرگەی دەورانی کۆماری کوردستان بوو. ناوبراو لە خوای دەخواست کە شتی وا ڕوو بدات. باوکیشم هەندێک باسی دەورانی خۆی بۆ کردم کە لەو کاتەدا کۆمار چۆن دامەزرا و کۆتایی پێ هات. بەهۆی باوکمەوە زۆر شت لە بارە ی کوردایەتییەوە فێر بووم.

هەر ئەوە بوو بە بنەما و هەوێنی بەشداریکردنم لە دامەزراندنی یەکیتی لاوان لە گوندەکەی خۆماندا. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی وەک کەریم خزری، حەمە ساڵح وەلیزادە، عەبدولڕەحمان قسمەتی و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لاوان بووین. لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی ئەندامەکانمان گەیاندە ١٠٠ کەس. لە ناو ئەندامەکانماندا سەرمایەیەکمان کۆ کردەوەو دوکانێکمان پێ دانا، لە دژی ئەو دوکاندارانەی کە گرانفرۆشیان دەکرد.

لە شیرکەت تەعاونی شاری سایەنقەڵا کەلوپەلمان بە هەرزان دەهێناو بە نرخێکی گونجاو دەماندایەوە بە خەڵک. خەڵکی گوندەکەی خۆمان ئەو هەنگاوەی ئێمەیان زۆر پێ باش بوو و ڕازی بوون. لە گوندەکانی دەوروبەریش یەکێتی لاوانمان دامەزراند. لە ڕێپێوانەکانی ناو شاری سایەنقەڵایش بەشداریمان کردووە.

لەدوای دامەزراندنی یەکێتی لاوان و پاش ماوەیەک، بەڕێز کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە لایەن حیزبەوە بۆ جەولەیەکی سیاسی و نیزامی هاتە ناوچەی هەوشار. بە هاتنی سەید ڕەسووڵ، خەڵکەکە زۆر خۆشحاڵ بوون. ناوبراو بنکەو بارەگای حیزبی لە قۆزڵو و گوندەکانی دەوروبەر دانا. خەڵکەکەیش بەدەم بانگەوازی ناوبراوەوە هاتن و چەکیان لە شان

کرد. باوکم چەکی بۆ خۆی و منیش کڕی و هەر لەو کاتەوە بووم بە پێشمەرگە. لە دوای گەڕانەوەی سەید ڕەسووڵ بۆ دەفتەری حیزب، لە لایەن حکومەتەوە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیس دەستی پێ کرد. حیزبیش کاک یوسفی ڕزوانی وەک نوێنەری هەوشار دیاری کرد بۆ مەجلیس.

بەڵام بە هێندێک هۆکار کاک یوسف لە ناوچەی هەوشار دەنگی نەهێناوە و پاش ڕۆیشتنەوەی کاک یوسف بۆ لای دەفتەری سیاسی، حیزب کاک سەدیق باباییان ڕەوانەی ناوچەی هەوشار کرد. کاک سەدیق بابایی مرۆڤێکی هەڵکەوتوو بوو، هەم لە بواری سیاسی و هەم لە باری نیزامیدا. زۆر هەنگاوی باشی هەڵگرت.
ناوچەی هەوشار هێزی خۆی نەبوو، لکێک بوو لە هێزی بەیان. لە دوای هاتنی ناوبراو بڕیار درا کە لکی هەوشار لە هێزی بەیان جیا بکرێتەوەو ببێت بە هێزی شەهیدانی هەوشار. لەدوای پەسەندکردنی ئەو بڕیارە پۆل پۆل لاوانی خوێنگەرمی هەوشار لەو هێزەدا چەکیان کردە شان. حکومەتیش لەکۆکردنەوەی هێز غافڵ نەبوو و ڕۆژ بەڕۆژ هێرشەکانی بۆسەرمان زیاد دەکرد و شەڕ هەر بەردەوام بوو. لە هەمان کاتیشدا کاک سەدیق دەستی کرد بە دانانی ڕێکخراوەکان. کە پێکهاتبوو لە ٧ کومیتە ناوچە. بۆ هەر کومیتەیەکیش ٥ کادری بۆ دیاری کرا. لە هەندێک ڕێکخراودا کادرمان کەم بوو، هەر بۆیە کاک سەدیق داوای کرد کە لە کومیتە شارستانەکانی ترەوە هاوکاریمان بکەن. حیزبیش کاک مەلا برایمی جەهانگیری ناسراو بە مەلا برایمی حاجی وەک بەرپرسی ڕێکخراوی جەغەتوو دیاری کرد. عومەر حامیدی، حەمەساڵە وەلیزادە و ئەمن لەو ڕێکخراوەدا دەستمان کرد بە کارکردن.

لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ لە لایەن کومیتە شارستانەوە بڕیار درابوو ئەو مەڕدارانەی کە دەچوون بۆ مایەنبلاغ، ئاغدەرە و قسقاپان ، هەوارانەیان لێ وەربگرێن. ئەمن وەک بەرپرسی ئەو بەشە دیاری کرام. لەگەڵ پەلێک پێشمەرگە بەرەو هەوارگەکان بەڕێ کەوتین. ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو کە حیزب هەوارانە لە کوێستانچییەکان وەربگرێت. حکومەتیش دەستی دایە پیلانگێڕی بۆ ئەوەی ڕێگریمان لێ بکات، بەڵام بەهۆی قارەمانەتی و چاونەترسیی پێشمەرگەو هاوکاریی خەڵک، ئەو هەوڵەی ڕژێم سەری نەگرت و ئێمەیش کۆڵمان نەداو بەردەوام بووین لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانمان.

حکومەت زۆر جار بە شەو هێرشی دەکردە سەرمان، بەڵام زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ لە ناوچەکە ماینەوەو لە دوای وەرگرتنی هەوارانە گەڕاینەوە بۆ کومیتە شارستان. بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکە، کومیتە شارستان زۆر خۆشحاڵ بوون. کاک مەلا برایمیش لە ناوچەکەدا هێزی بەرگری دامەزراند. شایانی باس کە ناوبراو زۆر چالاک بوو و خەڵکیش زۆریان خۆش دەویست.

لە دوای ئەو مەئمورییەتە ئەمن وەک کادری بەشی ماڵی ڕێکخراو دیاری کرام. لە لایەکی تریشەوە هێزی هەوشار بەردەوام بوون لە چالاکیکردن و کاک سەروان سابیر بۆ ماوەیەکی کورت وەک فەرماندەی هێز نێردرا بۆ هەوشار. لەو کاتەدا چەند چالاکییەکی بەرچاویان ئەنجام دا. پاش ٢ مانگ کاک سەروان سابیر بۆ دەفتەری سیاسی ڕەوانە کراو لە جێگەی ناوبراو کاک عەلی پێشکاری دانرا. شەڕ هەر بەردەوام بۆ لەو ماوەیە دا و لە هێزەکانی بەیان، پیرانشار و سەردەشتەوە کۆمەک بۆ هەوشار دەنێردرا. بۆ نموونە لەو هێزانەوە شەهید کەریم عەلی فەرمەرز و شەهید سەعدون بارزان لەگەڵ پەلێک پێشمەرگە هاتن و پاش چەند چالاکییەک گەڕانەوە.

هەر لەو ماوەیەدا شەهید ئەحمەد خانزاد ناسراو بە ئەحمەد ڕەسووڵی لەگەڵ پەلێک پێشمەرگەی پیرانشار هاتنە هەوشار و بەشداربوون لە چالاکییەکاندا. بەڕاستی کاک ئەحمەد ڕەسووڵی پێشمەرگەیەکی زۆر قارەمان و چاو نەترس بوو. لە ناو پێشمەرگەو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوو.

**هەمزە ئاگوسی**: بەرپرسانی ئەو کاتی حیزبی لەو ناوچەیە کێ بوون؟

**حەسەن ئوستادی**: هەروەکوو لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردووە، ئەو کەسانەی کە من لەبیرم ماوە بریتی بوون لە کاک یوسف ڕزوانی نوێنەری حیزب بۆ مەجلیس، سەدیق بابایی بەرپرسی کومیتە شارستان، سەروان سابیر فەرماندەی هێز، سەعید خانی ئەفشار فەرماندە هێزی دیواندەرە بوو. بۆ ماوەیەکی کورت وەک هاوکار لە هەوشار بوو، عەلی پێشکاری فەرماندە هێز، مراد قادری بەرپرسی تەشکیلات، سەروان وریا و سەروان جەلالی (ئەفسەری تورک بوون) فەرماندەی هێز و خودادادی بەشی ماڵی کومیتە شارستان.

پاشان مەلا ڕەسوڵی پێشنماز بەرپرسی کومیتەی شارستان بوو، مەلا محەممەدی عەباسی فەرماندەری هێز. مەلا ڕەسووڵی لەشکری بەرپرسی ڕێکخراو پاشان کرا بە بەرپرسی کومیتە شارستان. عومەر بابامیری و مەلا ئەحمەد مرادی وەک بەرپرسی بەشی قەزایی. مەلا محەمەد سەمەدی وەک بەشی تەشکیلات. مەلا سەیفوڵڵا وەک بەرپرسی بەشی ماڵی. خالیدی محەممەدیان بەرپرسی ڕێکخراوی سوروسات و پاشان کرا بە بەرپرسی بەشی شەهیدان. سەدیق فەڕوخیان جێگری کومیتە ناوەندی و بەرپرسی کومیتە شارستانی هەوشار بوو. سەید کامیل حەیدەری بەرپرسی کومیتە شارستان. جەعفەر کۆمەڵە فەرماندەی هێز و شۆڕش باشماغی فەرماندەی هێز. ئەحمەد عوسمانی گروهبانی شارەبانی بوو کە لە حیزب دا کادری قەزای بوو.

بەرپرسەکانی کومیتە ناوچە: شەهید محەممەد قوربانی، حەمەساڵح وەلیزادە، خالیدی محەممەدیان،حەسەن ئوستادی.

جێگری هێز: محەممەد زوڵفەقاری (سەرلک) و عەباس ئەکرەمی (فەرماندە لک) فەرماندە لک و (عەمەلیات): شەهید سمایل سەمەدی (مامۆستای شۆڕش)، سەدیق ئەدیمی، کەریم عەبدی( کادری ناوچە)، هادی شاهمرادی (فەرماندەی عەمەلیات)، ئیرەج بوزێر جەمهوری (فەرماندەی عەمەلیات)، عەبدولڕەحمان ڕەزایی، عەبوبەکر فەیازی، موزەفەر تەیموری فەرماندەی عەمەلیات، شەهید سەعدوون دۆمینە، شەهیدان عەلی ئەمینی و عەلی نەسیری فەرماندەی دەستە.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەرکەکانی حیزبیت لەکام هێز و کومیتە شارستان دەست پێکرد؟

**حەسەن ئوستادی**: هەر وەکوو لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردووە، ئەمن لە کومیتە شارستانی هەوشار دەست پێ کردووە. ئەو ئەرکانەی کە بەمن سپێردراوە، بریتی بوون لە کادری بەشی ماڵی، بەرپرسی ڕێکخراو و تەشکیلات، بۆ ماوەکەیەک شۆرایی لەگەڵ دوو هاوڕێ بە ناوەکانی حەمەساڵە وەلیزادە و محەممەد زوڵفەقاری کومیتە شارستان و هێزمان بەیرێوە برد. لە کۆتایشدا پاش شەهیدبوونی سەید کامیل حەیدەری ئەمن وەک بەرپرسی کومیتە شارستان دانرام. ئێستاش وەک ئەندامی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ بەردەوامم لە ئەنجامدانی ئەرکی حیزبی.

**هەمزە ئاگوسی**: دەکرێ بە کورتی باسێک لەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە بکەی کە دژ بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی تێیاندا بەشدار بووی؟

**حەسەن ئوستادی**: ئەو دەرگیری و شەڕانەی کە من ئێستا لەبیرم ماوە بریتین لە:

شەڕی قسقۆپی کە وەلی پۆسکەن فەرماندەی سپای پاسدارانی بۆکانی تێدا کوژرا، کە قەولی دابوو ناوچەی هەوشار پاکسازی بکات. ناوبراو مرۆڤێکی دڕندە بوو کە زۆری بۆ خەڵکی شاری بۆکان هێنابوو.
شەڕی ئاغەجەری کە بە فەرمادەیی شەهیدان کەریم عەلی فەرامەرز و سەعدوون بارزان کرا، گوندی حەسەن لەولان کە لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە سووتێنرا بوو، ئازاد کرایەوە.

شەڕی پایەگای قشڵاغ لە خوارووی گوندی قۆزڵوو بە فەرماندەیی مەلا محەممەدی عەباسی و شەهید عەلی باڵدار کە لەو شەڕەدا زەبرێکی کوشندەمان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی وەشاند. لەو شەڕەدا ۱۱۰ پاسدار و بەکرێگیراو بەشدار بوون تەنها دوو کەسیان دەرچوون. ئەو دوو کەسەش لە تاریکیدا لە خوار پایەگا چووبوونە سەردار کە پێشمەرگەکان نەیاندیبوون ڕزگاریان بوو.

شەڕی سەرپردی ساحێو کە دەکەوێتە نێوان شاری سەقز و دیواندەرە، بە فەرماندەیی یەدوڵڵای حاجی کە بە بەشداری ٢٥ پێشمەرگە لە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێ کرد. لەو کەمینەدا زیاتر لە ٢٠ ماشین تێکشکێندرا و سەرنشینەکانشی کوژران تەنها یەک جاش لەو شەڕەدا دەرچوو. لەپاش دەستکەوتی سەربازی، ١٨ تۆن جۆ کە ماڵی جیهاد سازندەگی بوو، گیراو بەسەر دێهاتەکانی دەوروبەردا دابەش کرا.

شەڕی کانی سپی کە بە شەو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەوریان گرتبووین. لە کاتژمێر پێنجی بەیانی شەڕ دەستی پێکرد و تا شەشی ئێوارە بەردەوام بوو. لەو شەڕە دا ژمارەیەکی زۆر بەکرێگیراو کوژران کە نزیکەی ٣٠٠ کەس دەبوون. شەڕەکەش بە فەرماندەیی یەدەی حاجی بوو، کە هێز و کومیتە ناوچەکانی تر بەشدار بوون و شەڕی ماڵەوماڵ بوو کە لە گوندی کانیە سپی سەروو کرا. فەرماندە لکێک بەناوی هەڵۆ سەقزی و مام سەلیم خەڵکی سانجووت و چەند پێشمەرگەیەکی تر شەهید بوون کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە.

بەشداریکردن لە شەڕی کوڵتەپە کە لکی ٢ی هێزی هەوشار کردی بە هاوکاری لکی ١ و ٣ کە لە گوندەکانی دەوروبەرەوە هاتن . لەو شەڕە دا پاسدار لە سێ لاوە هێرشیان کرد کە ئێمە لە بەشی ساروقامیش بە فەرماندەیی شەهید سەعدوون دۆمینە بەرەنگاریان بووینەوە. تا کاتژمێر ٤ی دوای نیوەڕۆ شەهید سەعدوون بەرەنگاری هێزی ڕژێم بووەوە لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تردا بە ناوەکانی حەمەکەریم پیرانی، حوسێن دەستبەست و بەداخەوە ناوی یەکێکیانم لە بیر نەماوە کە هەرسێکیان شەهید کران و لە کۆتاییدا شەهید سەعدوون بە شاهیدی خەڵکی گوندەکە هەستابووە سەر پێ و گوتبووی کە " جاش و پاسدارەکان نەڵێن سەعدوونمان کوشت، ئەوە ئاخرین فیشەک کە بەخۆمییەوە دەنێم بۆ ئەوەی بە زیندووی نەکەومە دەست ئێوە. "

لە شەڕگەکانی تری ئەو شەڕە کە لە گوندی کوڵتەپە کرا، ٧ پێشمەرگەمان بەداخەوە ئەسیر کران و ٣ پێشمەرگەیشمان شەهید بوون ناوی دوو پێشمەرگەم لە بیرە بە ناوەکانی ڕەسووڵ ئەولادی خەڵکی قۆزڵوو و کەریم قارەمانی خەڵکی ئەحماوا، بەڵام بە داخەوە ناوی ٣یەم کەسم لەبیر نەماوە. زەرەری دوژمن یەکجار زۆر بوو. کوژراو و بریندارێکی زۆریان هەبوو.

بەشداریکردن لە شەڕی شارۆچکەی هۆڵەسوو، کە بە شەو چووینە ناو شار و هەڵمانکوتایە سەر پایەگای دوژمن. لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر بەکرێگیراو کوژران و تەنها دوو پێشمەرگە بریندار بوون.

شەڕی سەر ڕێگای سەقز بۆ دیواندەرە کە لەو شەڕە کەمینمان بۆ هێزی دوژمن دانـاو زیـاتر لە ١٥ سەربـاز و بەسیج ئەسیر کران.

شەڕی ناو گەندی قۆزڵـوو کە پایەگـایەکی ڕژێمی لـێ بـوو. لەو شەڕە دا ئێمە چوار نەفەر چووینە نـاو دێ کە لە ڕاستیدا مەبەستمان شەڕکردن نەبوو، بە پێچەوانەوە بۆ کـاری سیاسی چووبـووین. ئەو سێ پێشمەرگەی کە لەگەڵـمدا بـوون، شەهید عەبـاس ئەکرەمی، شەهید فەرەج زارعی، مەنسوور سۆفی بـوون. هەروەهـا چەنـد پێشمەرگەیەکی تـر لە نـاو گونـددا خۆیـان حەشار دابوو. ئێمە پێشوو ئاگادار بـووین کە بەکرێگیراوەکـانی ئەو پایەگـایە خەڵکیـان ئـازار دەدا. ئەو ڕۆژە کە چووین بـۆ نـاو دێ و لەوێ شـەومان بەسـەر بـرد، کاتێـک بەیـانی هەسـتاین بـۆ نـان و چـایی خـواردن، دیتمـان کە پاسـدار لە پایەگاکەیانەوە بەرەو ناو گوندەکە بە ماشین بەڕێ کەوتن. ئێمەیش بڕیارماندا کە کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ لێیان بـدەین. لە کاتژمێر ٢دا کاتێک کە بە ماشێن دووبـارە هاتنەوە بۆ ناو دێ بۆ ئاوبردن لە کانی ئەو گوندە، ئێمە هەڵمانکوتـایە سەریان و ماشـێنەکەمان سـووتاند و سـی سەرنشـینەکەیش کـوژران. لە دوای ئەو چـالاکییە و دەرچـوونی ئـێمە لە نـاو دێ، ئەو پێشـمەرگانەی کە لە نـاو دێ مـابوون، لە گەل گرووهـی زەربەت دەرگیـر بـوون. تـا کـاتژمیر ٦ی ئێـوارە ڕزگاریـان نەبـوو. ئەوەبوو کە لە خـوارەوەی دێ یەکمـان گـرتەوەو لە دێی حەسەنلوو نانمـان خـوارد و بەرەو شـاخی بەیـان بەڕێ کەوتـین کە دەکەوێتە ڕووبەڕووی گوندی قۆزڵوو.

**هەمزە ئاگوسی**: پەیوەندی خەڵک لەگەڵ هێزی پێشمەرگە چۆن بوو؟

**حەسـەن ئوسـتادی**: پەیوەنـدی خەڵـک لەگەڵ پێشـمەرگە زۆر تونـدوتۆڵ بـوو. لە ڕاستیدا هەر پێداویستییەکی پێشـمەرگە بیخواستبایە خەڵکی هەوشار بۆیانی دابین دەکرد، چونکە پێشمەرگە کوڕو کچی ئەو خەڵکە بوون، بۆیە لە ناو خەڵکەکەشدا خۆشەویست بوون.

**هەمزە ئاگوسی**: خۆشترین و ناخۆشترین بیرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیت چی بوون؟

**حەسەن ئوستادی**: خۆشترین بیرەوەری کە من لە یـادم بێت لە کـاتی پێشمەرگایەتیدا ئەوە بـوو کە چ کـاتی سەرکەوتن لە شەڕدا و چ لـە کـاتی زەربەخواردنـدا، پێشمەرگەکان قـەت ورەیـان لەدەست نەدەداو دەستان دەکرد بە هەڵپەڕکێ و خۆشی. سرووودی "هیچ هێزێک نییە کورد لەناو بەرێت" یان دەگوتەوە ورەیان بەرزتر دەبوو.

ناخۆشترین بیرەوەریم لە شەڕی زستانی ١٣٦٣ بوو کە هەوشارمان شەش مانگ بەجێ هێشتبوو. یەکەم جار بوو گەڕاینەوە بـۆ جەولەیەکی سیاسی و نیزامی. ئەوەبوو کە لە ناو بەفری کوێستانەکانی ماینبلاغ، قسقاپان و ئاغدەرە دەرگیر بـووین کە دوو

شەو و ڕۆژ ماینەوەو پێنج پێشمەرگەی ئەسیر و پێنج تا شەش پێشمەرگەیشمان شەهید و بێسەروشوێن بوون. هەروەها زیاتر لە هەشت پێشمەرگەیش دەست و پێیان سەرما بردی.

**هەمزە ئاگوسی**: حەز دەکەی دوا وتەت بۆ خوێنەران چی بێت؟

**حەسەن ئوستادی**: من داوام لە نەوەی داهاتوو ئەوەیە کە مێژووی پڕ لە سەروەری و حەماسەخوڵقێنیی نەوەکانی پێش خۆیان لەبیر نەکەن کە لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازی نەتەوەکەیاندا گیانیان بەخت کردووەو درێژەدەری ڕێبازەکەیان بن بۆ وەدەستهێنانی ئاوات و ئارەزووەکانیان بۆ ڕزگاری نیشتمان لە دەست داگیرکەران.


هەر شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی نەتەوەکەمان کە بە خوێنی شەهیدان نەخشێنراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------



## سەید لوقمان حوسێنی و هەگبەی ژیانی پێشمەرگایەتی



**ئاسان نەبوو کە تۆ خۆشەویسترین هاوڕێت شەهید بێ و بە دەستی خۆت بە خاکی بسپێری یان بە دەستی خۆت بیدەی بە خەڵک و ئەوان بە خاکی بسپێرن**

**هەمزە ئاگوسی: دەکرێ سەرەتا خۆت بە خوێنەران بناسێنی و لە قۆناغی منداڵی و مێرمنداڵیت بۆمان بدوێی؟**

**سەید لوقمان حوسێنی: سەرەتا سڵاو لە خوێنەرانی بەڕێز و زۆر سوپاسی ماندووبوونی جەنابیشت دەکەم بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیەت و هیوادارم و ئاواتە خوازم کە لە ژیان و لەو کارە پیرۆزەی پێی هەستاوەی، سەرکەوتووبی.**

**من لوقمان حوسەینی کوڕی سەید قادری شێخ ساڵحی هەنداوێم (هەنداوێ گوندێکە لە نزیک شارۆچکەی رەبەت). لە ٣٠ - ٦ - ١٣٥٠ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی سەید زادەدا لە شاری سەردەشت چاوم بە دنیا هەڵێناوە.**
**لە ساڵی ٥٦ رەوانەی قوتابخانەی سەرەتایی (کوروش) کراوم و ٣ ساڵی ناوەندیشم لە قوتابخانەی ١٤ی ئازەری ئەو شارەدا تەواو کردووە.**
**ژیانی من و ئەوانەی وەک من بوون لەو سەردەمەدا، زۆر خۆشی تێدا نەبووە، لەبەر ئەوەی کە لە شارۆچکەیەکی دوورەدەستی کوردنشین دەژیان و لە ناوەندی دەستەڵاتەوە هیچ پێراگەیشتنێکی ئەوتۆ بۆ ئەو ناوچانە هیچ کە لەبەرچاو نەگیرابوو، بەڵکو بەردەوامیش کەوتبووە بەر شالاوی گرتن و زیندان، ئەوەش کە لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و**

عێراقدا چی بەسەر ئەو شارەدا هاتووە و چۆن شیمیاباران کراوە، دەبێ من چۆن تێیدا گەورە بووبم.

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویم زۆر جوانی لەبیرە کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق بە چ شێوەیەک شاری سەردەشتیان بۆ یەکەم جار خوێناوی کرد و خەڵکێکی یەکجار زۆر بە بێتاوانی شەهید و بریندار بوون کە ٢ لە بریندارەکان برای من بوون. ساڵ نەبوو ئێمە لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و کاتوێشابارانێدا نەبین و تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری نەبووبین و ماڵمان بە سەردا خاپوور نەکرابێ، هەر بەو هۆیەشەوە ١ ساڵ لە خوێندن بووین و وای لێهاتبوو ئەگەر تاقە ڕۆژێکیش فڕۆکە نەهاتبا،بۆی بێ تاقەت دەبووین.
ئەوەی ڕاستیش بێ، هیچ ئایندەیەکی گەشمان چاوەڕوان نەدەکرد. ژیان سەخت و ئیمکاناتیش کەم، بەربەستیش لە لایەن دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامییەوە یەکجار زۆر بوون بە داخەوە.

**هەمزە ئاگوسی**: حیزبی دێموکراتت چۆن ناسی و چۆن ئاشنایەتیت لە گەڵ ئەو حیزبە پەیدا کرد؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: ئەگەر زیادەڕۆییم نەکردبێ لەبەر ئەوەی بۆ خۆم ئەندامی حیزبی دێموکراتم، دەنا دەبێ ئەوەت عەرز بکەم نەوەک ئێستا، تەنانەت ئەو کاتەی کە منیش لاوێک بووم، حیزبی دێموکرات بۆ زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناوێکی خۆش و لەنێو دڵان بوو و ڕۆڵەکانی نەتەوە ژێردەستەکەمان دەیانزانی ئەو حیزبە چییە و کێیە و بۆ چی خەبات دەکات و گومان لەوەشدا نییە کە تاقمێکی کەم ئەو حیزبەیان نەناسیبێ یان پێیان خۆش نەبووە هەر بیناسن.

من لە تەمەنی ١١ ساڵیدا و لە کاتی ئاوارەیی، بۆ یەکەم جار لە ماڵی باپیرم پێشمەرگەم دیوە و قەڵافەتی شێرانە و شۆڕشگێڕیانم لەو کاتەوە لە پێش چاوە. ڕادیۆ دەنگی کوردستانیش یەک لەو کاناڵانە بووە کە حیزب و خەڵکی پێکەوە ئاشنا کردووە و کار و چالاکیی حیزب و ئەو شەڕە حەماسییانەی کە پێشمەرگە خوڵقاندوونی، بە گوێی ئێمە دەگەیشت.

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن بوو بڕیارت دا چەکی پێشمەرگایەتی بکەیە شان؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: ئەوەی ڕاست بێ لە هەرەتی لاویدا واتە ١٨ ساڵم تەمەن بوو کە بەداخەوە هەواڵی تێرۆری ڕێبەری شەهیدمان کاک دکتور قاسملوومان بیست و کوردستان یەکپارچە ڕەشی پۆشی بۆ ئەو کۆستە گەورەیە.

لەو کاتەدا لاوانێکی یەکجار زۆر بە مەبەستی درێژەدانی ڕێبازی قاسملوو ڕوویان لە شۆڕش کرد کە منیش یەکێک لەوانە

بووم. ئێمە نزیک بە ١٧ کەس دەبووین کە ئەو بڕیارەمان دابوو ببین بە پێشمەرگە. لە ناو پارکی گەورەی شاردا زۆر شەوان کۆبوونەوەمان هەبوو لەسەر ئەو بابەتە، دیارە سەر بە هیچ تەشکیلاتێکی حیزبی نەبووین و تەنیا خوێنگەرمی وای لە ئێمە کردبوو کە ئەو ڕێگا پیرۆزە هەڵبژێرین و خزمەت بە گەل و نیشتیمانی خۆمان بکەین.

لە ڕاستیدا ئەو کارەساتە کاریگەری زۆری لەسەر لاوانی وڵاتەکەمان دانابوو، ئەوەی توانی هات و ئەوەی نەشیتوانی مایەوە، چونکە سنوورە دەستکردەکان بە شێوەیەک میلیتاریزە کرابوون کە هاتن بۆ ناو شۆڕش ئەوەندە ئاسان نەبوو، بەڵام سەرەڕای گرفتی زۆریش شاهیدی ئەوە بووین کە ئەو ساڵە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە لاوان ڕوویان لە شۆڕش کرد و منیش ئەو شانازییەم پێ بڕا بوو کە لە ساڵی ١٣٦٨ دا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بپۆشم و بۆ ئازادیی وڵات و پاراستنی خاکی نیشتیمانم گیانفیدایی بکەم.

**هەمزە ئاگوسی**: یەکەم بنکەی حیزبی کە خۆت پێ ناساند کوێ بوو و لە کام هێز و کۆمیتە شارستان سازمان درای؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: یەکەم بنکە کە خۆم پێ ناساند، بنکەی کۆمیتە شارستانی سەردەشت لە کونەماریێ بوو. بۆ ماوەی چەند ڕۆژ و لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکە لە ساڵۆنێکی دووردرێژدا کە جێی نان خواردنی پێشمەرگەکانی سەر بە کۆمیتە شارستان بوو، ماینەوە. لەو ماوەیەدا لە لایەن چەند هاوڕێی حیزبی قسەم لەگەڵ دەکرا، بەڵام زیاتر لەگەڵ کادری خۆشنێوی حیزبمان کاک محەمەد کەسرایی بوو. باسەکان زیاتر لەسەربارودۆخی شۆڕش و ئەرکی پێشمەرگایەتی و ماندووبوون و خوێندان و برسییەتی و بێخەوی و زۆر شتی دیکەش بوو، ئەوەی ڕاست بێ من ئەو کات وا تێگەیشتم کە دەیانهەوێ کارم لەسەر بکەن و ئەگەر لە دەستم هات ئەوە لە ناو شاردا هاوکارییان بکەم، بەڵام بە دەردێکی وا خۆش نەگەیشتبوومە ئەوێ تا وا بە ئاسانی جارێکی دیکە بگەڕێمەوە.

لەوەی کە بڕیاری کۆتاییم دابوو بمێنمەوە، داوایان لێکردم بچمە فێرگەی سیاسی-نیزامی. لەگەڵ چەند دۆست و هاوڕێی دیکە بەرەو قەندیل وەرێ کەوتین و بۆ ماوەی نزیک بە ٣ مانگ لە دەورەی ٥٠ی سەرەتایی فێرگەدا بەشدار بووین، زۆر بە سەرکەوتوویی دەورەکەمان تەواو کرد.

پێم خۆشە ٢ شت لە سەرەتا و کۆتایی فێرگە باس بکەم. سەرەتاکەی ئەوە بوو کە هەموو وانەکان بە کوردی بوون و منیش نەمدەزانی ناوی خۆم بە کوردی بنووسم، زۆر ترسام کە وەرم نەگرن، چونکە نووسین یان خوێندنەوەی کوردی زۆر لام نامۆ بوو و باوەڕ بکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر مێشکم دانابوو. زۆر جار لە خۆم دەپرسی ئاخر چۆنە من ١٨ ساڵم تەمەنە و بە

زمانی دایکم ناتوانم بنووسم و بخوێنمەوە؟ بەڵام بە خۆشییەوە چونکە زمانەکە کوردی بوو و زمانی دایکیش بوو، زۆر زوو چارەسەر بوو.

باسی کۆتاییش ئەوە بوو کە دەورەی فێرگەمان تەواو بوو، هەیئەتێکی کومیسیۆنی سیاسی- نیزامی هاتبوون بۆ دابەشکردنی بەشدارانی دەورە بەسەر کۆمیتە و مەڵبەندەکاندا، کە نۆبە گەیشتە من، گوتیان ئەتۆ لە کۆمیتە شارستانی سەردەشت و بانە و مەڵبەندی ٢ یەکیان هەڵبژێرە. منیش گوتم کۆمیتە شارستانی بانە، هەر چەند دەیانویست پێشمەرگە کوردستانی بار بێنن، بەڵام زۆر بە لایانەوە سەیر بوو،گوتیان تۆ خەڵکی سەردەشتی چۆنە بانە هەڵدەبژێری؟ منیش گوتم کاکە وەڵاهی تەنیا لەبەر ئەوە نزیکی مەرزە و نەکا ئیشتیهام بچێتە بەستەنی و خۆم تەحویل بدەمەوە. من هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی، بە هەرحاڵ فاکتەکەی منیان قبوول کرد زۆریش پێکەنین و رەوانەی کۆمیتە شارستانی بانە و هێزی "ئەربەبا"ی ئەوکات کرام و لە یەکێک لە پەلەکانی لک بە سەرپەرەستی کاک ئیبراهیم تاهیری ڕەحمەتی سازمان درام.

**هەمزە ئاگوسی**: لە حیزبدا هیچ بەرپرسایەتییەکت هەبووە؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: لەبەر ئەوەی ئۆگرییەکی زۆرم بە خوێندن و خوێندنەوە هەبوو بۆ زیاتر خۆپێگەیاندنم لە ناو حیزبدا، لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکەم کە بە داخەوە یەکیان شەهید بوو بە ناوی رحیم زەرواوی و ئەوەی دیکەش لە ناوخۆی وڵاتە بۆیە لە ناوەکەی خۆم دەبوێرم، داوامان لە کۆمیتە شارستان کرد بۆ درێژەدانی خوێندن پشتگیریمان بکەن، بەڵام بە داخەوە ڕێگەمان پێ نەدرا، چونکە ئەوکات خوێندن لە شارەکانی باشووری کوردستان تەنیا بۆ منداڵە پێشمەرگەکان بوو.

لە ساڵی ١٣٧٠دا لەسەر داوای کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی نێردرامە دەورەیەکی بێسیمی گەورە و وەک بێسیمچی نەقلی بنکەی زیندانی ناوەندیی حیزب کرام و لەو ماوەیەشدا چەند جار بە مەئمورییەت لەگەڵ هێزی گیارەنگ چوومەوە ناوچە و ئەرکی خۆم بەجێ گەیاند.
لە ساڵی ١٣٧٢دا دەورەیەکی سیاسیم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد و پلەی کادری دەرەجە چوارم پێ بەخشرا. هەر لەو ساڵەدا وەک بەرپرسی بەشی ماڵیی زیندانی ناوەندی دیاری کرام و تا هاوینی ١٣٧٤ لەو ئەرکەدا مامەوە.

**هەمزە ئاگوسی**: پەیوەندیی خەڵک و پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبت لە ناوخۆدا چۆن دەبینی؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: لەبەر ئەوەی پێشمەرگە هەڵقوڵاوی راستەقینەی خاک و نیشتمانی خۆی بوو، پەیوەندییەکە زۆر

پتەو و سادقانە و لە بەرزترین ئاستی خۆیدابوو. کادر و پێشمەرگەی حیزب بە بێ هاوکاری خەڵکی خۆی لە بوارەکانی ماددی و مەعنەوی و بە تایبەت ئەمنییەتی، نەیاندەتوانی هیچ دەستکەوتێک بۆ حیزب و نەتەوە تۆمار بکەن، ئاخر هەر خەڵک بوو کە دەیشاردینەوە و دەیپاراستین، نانی دەداین و ڕێی پێشان دەداین، برینداری بۆ دەحەواندینەوە و شەهیدی بۆ بە خاک دەسپاردین.

لەوەی کە پەیوەندیی خەڵک و پێشمەرگە لە بەرزترین ئاستی خۆیدابوو، دەبێ لە مێژووی ژیانی شۆڕشگێڕی و پارتیزانیدا بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە.

زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە کە کاتێک وڵاتمان بە سەربەستی خۆی گەیشت، ئەو شارەوان و پارێزگارانەی کە حیزبەکان دەستنیشانیان دەکەن، دەبێ چەندە خزمەتگوزاری بگەیەننە ئەو گوندانەی کە لە ڕۆژە سەختەکاندا هاوکاری هێزی پێشمەرگە بوون.

ئەو ڕۆژانە قەت لەبیر ناکرێن و ئەو پەیوەندییانەش زۆر بەرز دەنرخێنم و شانازییش بە خەڵکی کوردستانەوە دەکەم سوپاسییان دەکەم بۆ هەر هاوکارییەک کە دەرهەق بە شۆڕشیان کردووە.

**هەمزە ئاگوسی**: قورسترین شەڕ کە تووشی هاتووی کام شەڕ بوو؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: لە زۆر شەڕی قورس و نیوەقورس و کەمیناندا بەشدار بووم،هەر یەک لەوانەش بیرەوەری خۆش یان ناخۆشی بە دوای خۆیدا هێناوە.یەکەم جەولە و یەکەم شەڕ کە بۆ یەکەم جار بەشدار بم ساڵی ١٣٦٩ دابوو.ئێمە وەک هێزی ئەربەبا بە هاوکاریی هێزی گیارەنگ پەڕینەوە بۆ بەری ڕەبەت، لەوەی کە یەکێک لە پێشمەرگەکان هێزی ڕێگا ڕۆیشتنی نەمابوو نەگەیشتینە جێگای مەبەست و بە ناچار لە شوێنێکی زۆر ئەستەم لە نزیک جادەیەک ماینەوە،وڵات ڕووناک ببوو، لە ناو دارو دەوەن خۆمان حەشار دا تا دوانیوەڕو،لە نەکاو دوو دەستەی زەربەتی دوژمن کە دوایی بۆمان دەرکەوت کە دوو شەوە لە کەمینی ئێمەدا بوون ، بەرەو ڕووی ئێمە دەهاتن. ئەوان هەستیان بە ئێمە نەکردبوو، بەڵام ڕێگای ئەوان بە بەردەم ئێمەدا بوو، لە ناکاو ئێمەیان چاو پێکەوت و شەڕێکی خەست دەستی پێ کرد. لەو شەڕەدا زیانی دوژمن لە ئاستێکی بەرزدا بوو،زۆر لە جاشو پاسدارەکان کوژران و چەند کەسێکیشیان بە دیل گیران، بەڵام داخ و مخابن پێشمەرگەیەکی تازە کە وەک من بوو، بە ناوی شەهید کەریم دارساوێنی لەو شەڕە دا شەهید بوو و دواییش کەوتینە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و خۆمپارە و بە زووترین کات ئەو شوێنەمان جێ هێشت.

**هەمزە ئاگوسی**: بەرپرسیایەتی و فەرماندەیی بە لای تۆوە جێ دەگەیاند؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: بە بڕوای من کەسێک کە بەرپرسایەتی وەئەستۆ خۆی دەگرت، زیاتر لە هەمووان ماندووتربوو، یان بە واتایەکی دیکە ئەرکەکەی گرانتر بوو، دەبوایە وردتر و دەقیقتر بوایە لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانیدا، دەبوایە زیاتر خۆی ماندوو کردبایە بۆ سەرکەوتنی زیاتر.
ئەرکی بەرپرسان تەنیا ڕووبەرووبوونەوەیەک نەبوو لە گەڵ هێزی پێشمەرگە بۆ ڕاپەراندنی کارەکان، ئەرکی قورسی ئەوان ڕووبەرووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کورستان بوو چ لە بواری سیاسی یان تەشکیلاتی. شێوەی هەڵوکەوت زۆر گرینگ بوو بۆ من، لەبەر ئەوەی بەرپرسێک یان فەرماندەیەک نوێنەری ڕاستەقینەی حیزب بوو لەو ناوچەیەی کە تێیدا بوو.

**هەمزە ئاگوسی**: هیچ جار بریندار بوویە؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: دیارە نازانم بڵێم بەداخەوە یان بە خۆشییەوە، من بریندار نەبووم، بەڵام لە کاتی برینداربوونی هاوڕێکانمدا هەمیشە پێشڕەویان بووم، یان بە گرتنی ڕەشمەی وڵاغێک کە برینداری بە سەرەوە بووە یان بە لە کۆڵکردنیان و دوورخستنەوەیان لە مەیدانی شەڕ و گواستنەوەیان بۆ شوێنی مەبەست.
بۆ شەهیدەکانیش هەروا! ئاسان نەبوو کە تۆ خۆشەویسترین هاوڕێت شەهید بێ و بە دەستی خۆت بە خاکی بسپێری یان بە دەستی خۆت بیدەی بە خەڵک و ئەوان بە خاکی بسپێرن. ئاواتم ئەوە بوو کە بەشێک لە جەستەم پێشکەش بە نیشتمان کردبایە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز شەهیدبوونی هاوڕێی خۆشەویستم شەهید "مەنسوور رەحیمی"م بە چاوی خۆم نەدیتبا.

لێرەوە سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ تەواوی ئەو هاوسەنگەرانەم کە لە ڕێگای سەربەستی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانماندا گیانی خۆیان بەخشێ یاخود بەشێک لە جەستەی شیرینی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە.

**هەمزە ئاگوسی**: پێشمەرگایەتی چی پێ بەخشی و چی لێ ئەستاندی؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: ئەخلاقی بەرزی شۆڕشگێری کە بەرزترین خوو و ڕەوشتی مرۆڤێکی خەباتکارە، هەڵمژینی هەوای ئازادی لە گۆڕەپانی شۆڕشدا، پێدانی مافی تاک، وانەی خۆڕاگری و فیداکاری، خۆنەویستی و نەتەوەپەرەستی، کەسایەتی بە غیرەت و زۆر شتی دیکەش پێشمەرگایەتی پێی بەخشیوم.

لەوەی کە تەمەنی لاویم لە ناو شۆڕشدا بردووەتە سەر و لەوەی کە هەر لاوێک ئاوات و ئارەزووی تایبەت بە خۆی هەیە و نەهاتووەتە دی و لەوەی کە بێخەوی و ماندوویی و برسییەتیم چێشتووە و لەوەی کە هەر شەوەی لە بن دارێک و هەر ڕۆژەی لە بن بەردێکدا ژیانی سەربەرزی و سەرفرازیم لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دا بردووەتە سەر، جێگای شانازییە و هیچ کات لێی پەشیمان نیم.

**هەمزە ئاگوسی**: حەز دەکەی داویین وتەت بۆ خوێنەران چی بێ؟

**سەید لوقمان حوسێنی**: هیوادارم کە خوێنەرانم ماندوو نەکردبێت و داوام ئەوەیە کە هەموومان بە هەست بە بەرپرسایەتیکردن، دەست لە ناو دەستی یەک بنێین و یەکڕیزی نەتەوەکەمان بپارێزین و ناو ماڵی کورد ڕێک بخەین و ئاوات و ئارەزووی لەمێژینەمان کە ڕزگارکردنی کوردستانی ئازیزمانە وەدی بێنین و نەوەی داهاتوومان لە ژێر سێبەری ئازادیدا بحەسێنەوە و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ڕۆڵەکانمان بە فیڕۆ نەچێت،بە ئاواتی وەدیهاتنی ئەو ڕۆژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

-----------------------------------------------



## ڕەحمان قوربانی، یادگارێکی بێستوون و هەناسەیەکی کامیاران



ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمە فرە دژوار بوو، بەڵام دوو ئەوەندەی سەختییەکەی خۆش بوو، لەبەر ئەوە بەردەوام لەگەڵ نەتەوەکەمان پەیوەندیمان هەبوو.

ڕەحمان قوربانی ناسراوە بە ڕەحمان بزوەشی، ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە ئاوایی بزوەشی بێڵەواری کامیاران لە دایک بووە و لە تەمەند ٧ ساڵی ناردراوەتە بەر خوێندن و بە هۆی تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و لە ئاخر ساڵی خوێندن واتە سێی دواناوەندی واز لە قوتابخانە دەهێنێ. لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی دەچێتە ناو ژیانی هاوسەرییەوە. ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی پەیوەندی بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتەوە دەکات و لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٢ جار بریندار دەبێ!

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن بوو تێکەڵ بە سیاسەت بووی؟

**ڕەحمان قوربانی**: سەرەتای سەرهەڵدانی گەنجیەتیم، سەرەم لە سیاسەت دەخورا! سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، لەو کاتەدا کە حیزب لە مەڵبەندەکەی ئێمە بە ئاشکرا دەستی بە لەگەڵ ئەو کەسانە گرت کە لە شاری کامیاران پەیوەندیان لەگەڵ حیزبدا هەبوو.

دەکرێ بێژم سەرەتا و هەتا پاییزی ٥٨ی هەتاوی، لەو شارەی ئێمە واتە کامیاران، تەنیا حیزبی دیمۆکرات بوونی هەبوو.

**هەمزە ئاگوسی**: لە کام هێز و ئۆرگان سازمان درای ە ئەرکەکانت چی بوون؟

**رەحمان قوربانی**: هەر لەو ساڵەدا بە چەکی خۆمەوە زۆربەی کاتی ژیانم تەرخان کرد بۆ داکۆکی لە داخوازییەکانی گەلەکەم و سیاسەتی ئەو کاتەی حیزب. ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی شارستانی کرماشان بە ئاشکرا دەستیان بە هەڵسوڕان کرد و منیش لە ناو ئۆرگانەکانی هێز و کۆمیتە شارستاندا سازمان درام.
ساڵی ٥٩ی هەتاوی کە هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی هێرشەکانیان چڕ کردەوە، شانبەشانی پێشمەرگە لە بەرەی بەرگریدا بووم. مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦١، لە لایەن کۆمیتە شارستانی کرماشانەوە لەگەڵ چەند هاوڕێ دیاری کراین بۆ خولی بەرزی کادری تەشکیلاتی. خولەکەمان لە ئاواییەکانی کانیرەش و باخچەو سەرباخچەی نێوان بۆکان _مەهاباد بوو.
لەو ساڵەدا، واتە ساڵی ٦٢ی هەتاوی بە دواوە بە زۆری کاری تەشکیلاتیم دەکرد و بە زۆری لە ناوچەکانی بێڵەواری سەروو، بێڵەواری خواروو و باشۆکی و دەوری کامیاران هەڵدەسووڕام.

**هەمزە ئاگوسی**: بە ڕای تۆ سەختترین و ژوارترین قۆناغ لە ژیانی پێشمەرگایەتیتدا کەی بووە؟

**رەحمان قوربانی**: لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا کە دژوارترین و سەختترین بەهار بوو بۆ ئێمە، بێ پسانەوە شانبەشانی هاوڕێیانی پێشمەرگە لە بەرەی بەرگریدا بووم دژ بە داگیرکەران ، کە بە هەموو هێزیانەوە ئەیانەویست ناوچەکانی کامیاران بگرنەوە. لە هاوینی ساڵی ١٣٦١ی هەتاویدا هەموو ناوچەکانی باکووری کرماشان و بەناوچەکانی کامیارانیشەوە، لەلایەن هێزی هاوردەی کۆماری ئیسلامییەوە، داگیر کران و بێ ئەوە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، ناچار ژیانی و خەباتی پارتیزانی داسەپا بەسەرماندا.

**هەمزە ئاگوسی**: چەقی بەربەرەکانێی هێزی بێستوون کەی بوو؟

**رەحمان قوربانی**: بەهاری ساڵی ٦٠ی هەتاوی هەتا هاوینی ٦١، چەقی بەربەرەکانێی هێزی بێستوون و کۆمیتەی شارستانی کرماشان بوو لە شاخەکانی وەنج، سەردە، جادەی نێوان کامیاران - ڕەوانسەر، چیای زەڕنە، ئاواییەکانی لۆن گەروە، چرۆسانە و زەنجیرە شاخەکانی یەکشەوە هەتا لۆجاڕ و کوڕڕەی دەژن.

**هەمزە ئاگوسی**: جگە لە تۆ لەو گوندەی ئێوە کەسی تریش پێشمەرگە بوو؟

**رەحمان قوربانی**: لە گوندەکەی ئێمە ١٢ کەس پێشمەرگە بوون. کە گۆڕەپانی بەربەرەکانی دژوار بووەوە، زۆربەیان بە ڕەزامەندی تەشکیلات لەماڵی خۆیان مانەوە. ٣ شەهیدمان هەن بە ناوەکانی عەلی قوربانی، شوکرڵڵا قوربانی و عەبدوڵڵا خاتری.

**هەمزە ئاگوسی**: گرینگی پێشمەرگایەتی لە ناوچەیەکی وەک کرماشان لە چیدا بوو؟

**ڕەحمان قوربانی**: ژیانی پێشمەرگایەتی فرە سەخت و دژوارە، بەڵام لە مەڵبەندەکەی ئێمە دژوارتر بوو. لەبەر ئەوە تەریک و تاکە تەشکیلات و هێز بووین لە ناوچەکانی باکووری کرماشان و ناوچەکانی کامیاران. دەکرێ بێژم ئەو ناوچانە کە هێزی بێستوون و کۆمیتە شارستانی کرماشان تییدا تێدەکۆشانیان هەبوو، بە ئەندازەی هەموو ناوچەو شارەکانی ئۆستانی ئازەربایجان بەر بڵاوە. ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمە فرە دژوار بوو، بەڵام دوو ئەوەندەی سەختییەکەی خۆش بوو، لەبەر ئەوە بەردەوام لەگەڵ نەتەوەکەمان پەیوەندیمان هەبوو.

**هەمزە ئاگوسی**: ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیت کەی بوو؟


**ڕەحمان قوربانی**: هەر ئازیز و هاوڕێیەکم شەهید دەبوو، کۆستێکم ئەکەوت. گەورەترین کۆستم، شەهیدبوونی هاوڕێ ئەحلە مسری (ئەحمەد مزەفەری) و حەوت هاوڕییەکانی، هاوڕێ کاک سالار ئیبراهیمی، کاک ڕەشاد حوسێنی و کاک شاپور فیروزی بوون. ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٣

-----------------------------------------------



## خالید عەبدوڵڵازادە و رازەکانی "قەندیل" و "بەربنە"



**هەمزە ئاگوسی**: دەکرێت خۆت بە خوێنەران بناسێنی و لە قۆناغی منداڵی و مێرمنداڵیی خۆت بۆمان بدوێی؟

**خالید عەبدوڵڵازادە**: سەرەتا دەمەوێت قەدرزانی و ڕێز لەو ماندوبوون و دڵسۆزی تۆی بەڕێز بگرم کاک هەمزە کە هەستاوی بەم کارە قورسە، چونکە کارێکی هاسان نییە تۆ خەڵکانێک کە ساڵانێک خزمەتیان بە خاک و گەلەکەیان کردووە و ئێستا بەهەرهۆیەک روویان لە هەندەران کردووە و وەک تۆوی زەوی بڵاو بوونەتەوە، تۆ دانە دانە بیاندوزێیەوەو دووبارە بە خەڵکیان ئاشنا بکەیەوە.

من خالید عەبدوڵڵازادە، کوڕی رەحیمە ڕەش ساڵی ١٣٥١ لە ناوچەی لاجانی سەر بە شاری پیرانشار گوندی گردکسپیان چاوم بە دنیای پڕ مەینەتی کورد هەڵێنا. لە بنەماڵێکی فەقیر و دەستکورت هاتمە دنیاوە. ئێمە گەرچی لە دێ دەژیاین بەڵام یک میتر زەویمان نەبوو کە پیوازانیشی تێدا بچێنین. بابم هاتوچۆی ئەودیو سنووری دەستکردی دەکرد و بە قاچاغی چای دەهێنا. دایکیشم سێ چوار سەر مانگامان هەبووون و بەوانەوە سەرقاڵ بوو. بەهاری ١٣٥٧ بە فشاری دایکم، گەسکمان لە مەڕ و ماڵات دا و ڕوومان لە شاری پیرانشار کرد و لەوێ گیرساینەوە . قۆناغی چوونە قوتابخانەی من لە پیرانشار دەستی پێکرد. ئەو کاتێش شار زۆر ئاڵۆز بوو. خۆپێشاندانەکانی بە دژی رژیمی شا دەستیان پێ کردبوو، بەڵام ئەوکات من زۆر منداڵ بووم و نەمدەزانی چ باسە. بە هاتنەسەر کاری کوماری ئیسلامی، بارودۆخەکە هێندەی دیکە تێک چوو و بەشی ئێمە بەس هەڵات هەڵات بوو .هەر چۆنێک بوو، لە ژێر رەهێڵەی تۆپ و تەیارەی هەردووک دوژمنی کورددا توانیم تا ئەوەڵی راهنومایی دەرس بخوێنم، بە هۆی ئەوەی کە پیرانشار لە نزیک سنوور بوو هەروەها بە سێ پادگانی گەورەی

نیزامی دەورە دراوە، لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا کە تەیارە هەڵدەستا، یەکسەر لە ناو شاری دەدا و بە داخەوە لەم بوردومانانەدا ١١ کەس لە بنەماڵەی من شەهید بوون وەک براو مام و براژن و ئاموزا. بە ناچاری بەهاری ٦٣ شارمان بەجی هێشت روومان لە گوندی سێلۆێ کرد و لەلای ماڵە خاڵم گیرساینەوە. دەبێ بڵێم قۆناغی مێرمنداڵیم لە ناو حیزبدا دەستی پێکرد.

**هەمزە ئاگوسی**: حیزبی دێموکراتت چون ناسی و چۆن ئاشنایەتیت دەگەڵ ئەم حیزبەدا پەیدا کرد؟

**خالید عەبدوڵڵازادە**: ئەوەی راستی بێت حیزبی دێموکرات بۆ هەموومان ئاشنا بوو و منداڵێکی دوو سێ ساڵەش حیزبی دەناسی، چونکە حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی ناو دەروونی خەڵکەکەی بوو و لە جێگایەکی دیکەوە نەهاتبوو، داگیرکەر نەبوو بە ڵکوو پارێزەری خاک ونشتیمان بوو، تاکە حیزبیش بوو لە ناوچەی پیرانشار کە خەبات و تێکوشانی هەبوو. ئاشنایەتییەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کاتانەی کە من تەعتیلاتی هاوینیم هەبوو، بە سەردان دەڕویشتم بۆ ماڵە خاڵم، خاڵم مەڕدار بوو و منیش ئاشقی کێو و تەلان و قاسپە قاسپی کەوان بووم. لە کوێستانەکانی بەربنە ئاشنایەتیم دەگەڵ پێشمەرگە و حیزب و ئامانجەکانی پەیدا کرد.

**هەمزە ئاگوسی**: چون بۆ بڕیارت دا چەکی پێشمەرگایەتی بکەیتە شان؟

**خالید عەبدوڵڵازادە**: ئەوەی راستی بێت چۆن گەنجێک ئاشق بە کچە حەیران دەبێت، منێش ئاوا ئاشقی چوونە ناو شۆڕش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڵێسەی دەستاند تەوای وجوودی داگیر کردبووم، شەو و ڕۆژ بیرم لە پێشمەرگایەتی و بندەستیی گەلەکەم دەکردەوە و زۆر بەپەلە بووم کە زوو گەورە بم، چونکە دەمزانی وەرم ناگرن. ساڵی ١٣٦٤ بڕیاری خۆم دا و ئەم شانازییەم پێ برا بوو کە چەکی شەرەف و بەرگری لە خاکەکەم لە شان بکەم و لە ڕێزی تێکۆشەراندا خۆم ببینمەوە.

**هەمزە ئاگوسی**: یەکەم بنکەی حیزب کە خۆت پێ ناساند ناساند کوێ بوو و لە کام هێز و کومیتە شارستان سازمان درای؟

**خالید عەبدوڵڵازادە**: ئەوەی راستی بێت چۆن گەنجێک ئاشق بە کچە حەیران دەبێت، منێش ئاوا ئاشقی چوونە ناو شۆڕش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڵێسەی دەستاند تەوای وجوودی داگیر کردبووم، شەو و ڕۆژ بیرم لە پێشمەرگایەتی و بندەستیی گەلەکەم دەکردەوە و زۆر بەپەلە بووم کە زوو گەورە بم، چونکە دەمزانی وەرم ناگرن. ساڵی ١٣٦٤ بڕیاری خۆم دا و ئەم شانازییەم پێ برا بوو کە چەکی شەرەف و بەرگری لە خاکەکەم لە شان بکەم و لە ڕێزی تێکۆشەراندا خۆم ببینمەوە.

**هەمزە ئاگوسی: یەکەم بنکەی حیزب کە خۆت پێ ناساند ناسان کوێ بوو و لە کام هێز و کومیتە شارستان سازمان درای؟**

**خالید عەبدوڵڵازادە: ساڵی ٦٤ حیزب بنکەی لە ناوچەدا نەمابوو، بەڵام پێشمەرگە هەموو دەم لە ناو خەڵکدا حزوریان هەبوو هەر رۆژە و سەرکەوتنیکیان تۆمار دەکرد، منیش بە پەلە بووم کە لەو سەرکەوتنانەدا بەشدار بم. هاوینی ٦٤ لە ناوچەی لاجان گوندی گردەبن توانیم پێشمەرگەکان بدۆزمەوەو خۆمیان پێ بناسێنم. سەرەتا رازی نەبوون گوتیان تۆ منداڵی بڕو دەرس بخوێنەو دوایی وەرەوە، شۆڕش بەپەلە ناکرێت، بەڵام من هەر قبووڵم نەکرد! یەکێک لە کوڕەکان کە خەڵکی گردکسپیان بوو هەروەها تێکەڵاویی بنەماڵەییشمان هەبوو بە ناوی عوسمان مامەش وابزانم ئەو کات سەرپەل بوو، بە دیتنی من زۆر خۆشحاڵ بۆ منیش هەروەها گوتم پشتیوانیکم هەیە کاک عوسمان وەجواب هات گوتی خالید من ئاگام لێت دەبێت. پاش چەند رۆژ مانەوە لە ناوچە، منیان دەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر ناردەوە بۆ بنکەی سابیت. بنکەمان لە قەندیل، لە گوندی سوورەدێ بوو، پێیان گوتین تا ئێمە دێینەوە، بنکە ئاوەدان بکەنەوەو داران بۆ زستانی پەیدا بکەن. خولاسە من لە هێزی قەندیل دەستەی شەهید سولیمانی حاجی عەولا سازمان درام. دەمهەوێت ئەوەی پێوە زیاد بکەم کە ساڵی ٦٦ لەسەر داوای حیزب گەڕامەوە بۆ ناوخۆ و زۆریان پێ گوتم کە باوکت پیرەو کەسی کاریتان نییە دەبێ بڕویەوە وەک ئەندام کاری خۆشت بکە، بۆیە بە ناچاری گەڕامەوە بۆ باوەشی بنەماڵە کە هەر لە گوندی سێڵوێ بوون. لەوێ شەهید رەحیم سێڵویان پێ ناسانم کە هەستەی ناوخۆی ئەم ناوچەیە بوو. دەگەڵ وی دەستم بەکار کرد، لە لایەکی دیکەش رژیم وازی لێ نەدەهێنام و داوای هاوکاری لێ دەکردم بەڵام هەر نەچوومە ژێر باری ئەم داگیرکەرانە. ساڵی ٦٧ شەهید رەحیم تەقەی لە فەرماندی پاسگای سێڵوی کرد کە خەڵکی زۆر ئازار دابوو. ئاشکرا بوو و هاتەوە نێو ریزەکانی حیزب و دوای ئەم کارە منیش ئەوێم بەجێ هێشت و چەند مانگێک لە ناوچەی ورمێ خەریکی کار بووم. بەهاری ٦٨ ئەو رۆژەی کە خومەینی مرد، من دەگەڵ هاوڕێیەکی تر خۆمان گەیاندەوە کوێستانەکانی بەربنە. لەم رۆژەدا رژیم تەواو ئامادە باش بوو و دەورەی تەواوی ناوچەکانی دابوو، بەڵام من بەم حاڵەش خۆم گەیاندەوە ناو پێشمەرگەکان. لەم رۆژەدا جاش و پاستارەکان هێرشیان کرد، بەڵام وەک هەمیشە بە سەرشۆڕی گەڕانەوە. دەمهەوێت لێرەدا بیرەوەرییەکی تاڵ و شیرین بگێڕمەوە: ئێمە چەند رۆژێک بوو لە کوێستانەکانی بەربنە گیرمان کردبوو، رژیم دەورەی ناوچەی دابوو و تەواوی رێگاکانی لێ گرتبووین، مەڕدارەکانیش لە ترسان هەموو داگەڕابوون بۆ پشت ئاواییەکان. وردە وردە برسێتی و بێ سیگاری فشاری بۆ هێناین هەفتەیەک پێشتر لە کوێستانیک بە ناوی چیغەدەرێ دوو کاوڕمان سەر بڕیبوون، گەڕاینەوە بۆی کە لە سنووری دەستکرد نزیک بوو.**

**پێشمەرگەیەک بە ناوی کاک مستەفا مەناف کوڵەپشتی هەمووانی هەڵتەکاند و تۆزێک ورکە نانی دۆزییەوە و کۆنە قابڵەمەیەکی بەجێماوی هەوارچییەکانی پڕ کرد لە ئاو و ورکە نانەکەی تێکوشی و ئەو ئێسکانەی کە هەفتەیەک بوو لەوێ بوون، ئەوانیشی دەپاڵ کرد و تۆزێک جاترەی شاخیشی پێوە زیاد کرد تا قش قش کوڵی! دوایی گوتی کێ بێزی دێت با بێ**

بیخوات، لە برسان کەس نەما کە نەیخوات بەراستی بە تامیش بوو. بۆ سیگاریش کولەپشتی کادرەکانمان هەڵتەکاند دەفتەرمان دوزێوە و بە گەڵا تاڵوو و چای وشک سیگارمان هەڵبەست.

**هەمزە ئاگوسی**: پلەکانی پێشمەرگایەتیت چۆن بڕی و دوایین بەرپرسایەتیت لە حیزب دا چی بوو؟

**خالید عەبدوڵلازادە**: ساڵی ٦٨ کە لە ناوچە گەڕاینەوە بۆ بنکەی سابیت و مقەرمان لە لێوژی بوو لە بناری قەندیل. لە لکی دووی هێزی قەندیل سازمان درام کە رەحیم سێڵوێی یەکێک لە سەرپەلەکان بوو. دووبارە یەکمان گرتەوە و هەر لەسەر داوای ئەو، کاری دەرمانیم هەڵبژارد و هەر ئەو ساڵە بۆ دەورەی دەرمانی رەوانە کرام. ساڵی ٦٩ دووبارە دەوری سەرووترم دیت و تا ساڵی ٧٢ وەک بەشی دەرمانی کارم کرد، بەڵام ساڵی٧١ نێردرام بۆ دەورەی سیاسی، دەورەی سیاسیم بە سەرکەوتوویی بڕی و پلەی کادری درەجە ٤ م پێدرا. لە سازماندەیی سالی ٧٣ وەک کادری سیاسی و هاوکاری کاک علی دیواری دەستنیشان کرام کە فەرماندەی لکی دوو بوو. سالی ٧٤ وەک کادری تەشکیلاتیی ناوچەی نەڵین و بەری مێرگان دیاری کرام و سالی ٧٥ کە ئاخرین سالی ناوچە بوو، وەک کادری تەشکیلاتیی ناوچەی لاجان و بەربنە دیاری کرام کە بە داخەوە لەو ساڵەدا بەرەبەرەی هاتنەوەمان بوو لە گوندی بەردەقەڵ خەریکی کاری تەشکیلاتی و ماڵی بووین ساعت دەی شەو کەوتینە کەمینی جاشە خۆفرۆشەکان و بە داخەوە دوو ڕوڵەی تێکۆشەر، دوو کادری بەوەج، دوو فەرماندەی قارەمان بە ناوەکانی شەهید سەعدوون خاڵدار و شەهید سولیمان حەیدەری چوونە نێو ریزی کاروانی نەمران. هەزاران سلاو لە روحی پاکیان.!

**هەمزە ئاگوسی**: پەیوندی خەڵک و پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی لە ناوخۆ لە چ ئاستێک دابوو؟

**خالید عەبدوڵلازادە**: پەیوەندی خەڵک و پێشمەرگە لە لوتکەدا بوو، چونکە پێشمەرکە هەڵقوڵاوی باوەشی ئەم خەڵکە بوو و لە وڵاتێکی دیکەوە نەهاتبوو. سەرکەوتنەکانمان بە هاوکاری خەڵک تەواو دەبوو، هەر خەڵک بوو زانیاری دەدا بە ئێمە و لە جموجۆڵی دوژمن ئاگاداری دەکردینەوە، تەداروکاتی بۆ دابین دەکردین، برینداری بۆ رادەگواستین، یارمەتی ماڵی دەکردین و دەیان شتی تر...! هەر خەڵک بوو کادرەکانی دەشاردەوە و سوور سوور دەیزانی ئەگەر ئاشکرا بێت تەواوی ماڵ و منداڵ و دارایی تیدا دەچێت، لەسەر ئەم حاڵەش بە دڵێکی فراوانەوە وەریان دەگرتین و خزمەتیان دەکردین. بە بڕوای من پەیوەندی ئێمە لە پەیوەندی دایک و باب بۆ کورپەکەی پتەوتر بوو. من هەردەم خۆم بە قەرزداری ئەم خەڵکە دەزانم و سەری رێز و نەوازێشیان بۆ دادەنوێنم. هیوام وایە کە ڕۆژێک بێت ئاواتی نەتەوەکەمان کە رزگارییە، وەدی بێت و بتوانین قەرەبووی ئەو هەموو زەحمەتانەی ئەو خەڵکە بکەینەوە. بکەینەوە.

**هەمزە ئاگوسی**: قورسترین شەر کە توشی هاتووی کام شەڕ بوو؟

**خالید عەبدوڵڵازادە**: لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا تووشی چەندین شەڕی قورسی دەستەو یەخە و کەمین و شکاندنی کەمین هاتوومە. یەکیک لەم شەڕانە ساڵی ٦٩ کە بە شەڕی سێ ڕۆژە بەناوبانگ بوو. لە گەشتێکی سیاسی - نیزامیدا بووین و لە ناوچەی نەغەدە لە گوندی "سێلەکە" مابووینەوە. بەرەبەری کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ بوو چاوەدێرەکان خەبەریان هێنا کە دوژمن بەرەو لای ئێمە دێت، ئێمەش خومان تەیار کردو چاوڕێی دوژمنماینەوە. کاتژمێر دوو شەڕێکی گەرم و دەستەو یەخە دەستی پێکرد و دوژمن بە کوژراو بریندارێکی زۆر پاشەکشەی کرد و وەک پیشەی هەمیشەیی شوێنی ئێمەی بە خەستی توپ و خومپارە باران کرد و هەروەها کوپتەرەکانیش پەیتا پەیتا ئاوربارانیان دەکردین .لەم شەڕەدا یەکێک لە کوپتەرەکانمان بەرداوە. بەداخەوە لەم شەرەدا کورێکی قارەمان کە جێگر پەل بوو بە ئاگری تۆپ خانە شەهید بوو و هەروەها دوو بریندارمان هەبوو. بۆ شەوەکەی کە بەرەو شوێنی دیاریکراو دەڕویشتین، دیسان لە کەمین کەوتین و کەمینەکەشمان بە سەرکەوتوویی شکاند. بەرەبەری بەیانی گەیشتینە شاخەکانی پشت "بەیرەم بوغە"، کە توزێک ڕووناک داهات، زانیمان هەموو شاخەکانمان لێ گیراوە، چی وا نەخایاند کە شەڕ دەستی پێکرد و لەو شەڕەدا دەوری ١٠ کەسمان بەدیل گرت و شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو و دوژمن کوژراو بریندارێکی زۆری دا، بەڵام ئێمە ئەو روژە بێ زیان بووین. کاتێک بەرەبەرە دنیای بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، ئیتر پاش قسە بۆکردن، دیلەکانمان ئازاد کردن و ماندوو و شەکەت بەرەو بەردەکانی خورینجی شۆڕ بووینەوە .ئەو رۆژە تورزێک پشوومان دا ئێوارە چووینە ناو گوندی "خورینج" و دوای نانخواردن و پشوویەک، ئەو گوندەمان بەجێ هێشت.

هێشتا چی وا لە گوندی خورینج دوور نەکەوتبووینەوە کە دیسان کەوتینەوە کەمین و لە یەکەم دەستڕێژدا دوو تێکۆشەری دیکە بە ناوەکانی عەزیمە عوسمانی و مام قادر حەسەن زادە بە بە کاروانی شەهیدانەوە زیاد بوون. پاش شەڕێکی گەرم توانیمان کەمینەکە بشکێنین و راویان بنێین. پاشان کە یەکمان گرتەوە، سازماندەیمان کردو شەهیدەکانمان لەبن باقە وێنجان شاردەوەو بووین بە دوو بەش. من بە هۆی ئەوە بەشی دەرمانی بووم، دەگەڵ دوو بریندارەکان کەوتنیە گەڵ کادرەکانی ناوچە و لە هێز هەڵبڕاین تا هێز بتوانیت زووتر دەرباز بن لە ناوچە. هێز تا گەیشتبوونەوە بناری قەندیل، جاریکی تر تووشی شەڕ ببوون و بەداخەوە شەهیدێکی دیکەشمان دابوو..

**هەمزە ئاگوسی**: پێشمەرگایەتی چی پێ پەخشی و چی لی ئەستاندی؟

**خالید عەبدوڵڵازادە**: پێشمەرگایەتی زور شتی پێ بەخشیوم! خۆڕاگری، فیداکاری، بە سەربەستی ژیان، هاوڕێی گیانی بە

گیانی، ناسینی خاک و گەلەکەم هەروەها ناسینی دوژمنان و فرتوفێڵەکانیان.

هەروەها شۆڕش زۆر هاوڕێی خۆشەویستی لێ ستاندم. جەرگی دەوێت کەسێک هاوڕێی گیانی بە گیانیت بێت چەند ساڵ پشت و پەنات بێت، بە دەستی خۆت برینەکانی بپێچی و لە کن تۆ وەسیت بکات و تەسلیم بە خاکی بکەی! پێشمەرگایەتی سەردەمی لاوەتی لێ ستاندم، بەڵام من هیچ گلەییەکم نییە، چونکە بە دڵخوازی خۆم ئەم ڕێگایەم هەڵبژارد و هەردەم شانازی بەم ڕۆژانەوە دەکەم و هیچ کاتێکیش خۆم بە پەشیمان نازانم.

**هەمزە ئاگوسی**: دواوتەت بۆ خوێنەران چییە؟

**خالید عەبدوڵڵازادە**: لە پێش هەموو شتێک هیوام وایە خوێنەرانم تووشی سەرئێشە نەکردبێت، داوام لە خوینەران و ڕووناکبیران و نووسەران ئەوەیە قەڵەمەکانیان بکەن بەیەک و هەوڵ بدەن بۆ یەکڕیزیی ماڵ کورد. چیتر با دوژمنانمان یاریمان پێ نەکەن و لە دوورەوە پێمان پێنەکەنن. هەوڵ بدەین بە هەموومان ریزەکانی حیزب یەک بخەینەوە بۆ ئەوەی دڵی بنەماڵەی شەهیدان و گەلەکەمان شاد بکەین.

هەر شەکاوە بێت ئاڵاکەمان . مردن و سەرشۆڕی بۆ داگیرکەران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی جانێوێری ٢٠١٤

-----------------------------------------------

## ڕەزا قەباکەندی و تەمەنێک فیداکاری



پێشمەرگایەتی هاوڕێی خۆشەویست و دڵسۆزی پێ بەخشیم. فیداکاری پێ بەخشیم پەیوەندی خەڵک و پێشمەرگە لە پەیوەندی ئاو و ماسی بەهێزترە!



**هەمزە ئاگوسی**: دەکرێ خۆت بە خوێنەران بناسێنی و لە قۆناغی مندالی و میرمنداڵیت بۆمان بدوێی؟

**ڕەزا قەباکەندی**: من ڕەزا ئەمینی، ناسراو بە ڕەزا قەباکەندی! قۆناغی منداڵیم بە شێوەیەکی سادە وەک باقی منداڵانی گوندەکەمان بردووەتە سەر و ئەوەش بڵێم کە لە چوارچێوەی بنەماڵەیەکی فەقیر و تەنگدەستدا چاوم بە دنیا هەڵێناوە و لە قوتابخانەی گوندەکەمان قۆناغی سەرەتایی خوێندنم تەواو کردووە.

**هەمزە ئاگوسی**: حیزبی دێموکراتت چۆن ناسی و چۆن ئاشناییت لەگەڵ ئەو حیزبەدا پەیدا کرد؟

**ڕەزا قەباکەندی**: حیزبی دێموکراتم هەر لە گوندەکەی خۆمان ناسی، ئەویش بە پێی وەیکە زۆرم لە پێشمەرگەکانی ناوچەکەی خۆمان دەناسی و عەلاقەیەکی زۆریشم بە پێشمەرگایەتی هەبوو.

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن بوو بڕیارت دا چەکی پێشمەرگایەتی بکەیە شان؟

**ڕەزا قەباکەندی**: ئەوەی ڕاستی بێت هەستێکی زۆرم هەبوو بۆ گەلەکەم و پێم خۆش بوو ببەم بە پ.م ، بەڵام لەبەر وەزعییەتی دایکم و برایەکی ٥ سالانەم، پێشمەرگایەتیم هێندێک وەدرانگی خست. ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بەدوای هۆی قەتلوعامی گوندەکانی سەرچنار و قەرەگۆل و سەوزی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان و کوشتاری خەڵکی بێتاوان لە لایان کۆماری ئیسلامییەوە و شەهیدبوونی سوغرای ئەمینی خوشکی تاقانەمان کە بووکی سوڵتانی مارف بوو، بڕیارم دا بۆ تۆڵەی خوشکم و باقی شەهیدان، چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە شان بکەم.

**هەمزە ئاگوسی**: یەکەم بنکەی حیزبی کە خۆت لێ ناساند کوێ بوو و لە کام هێز و کومیتە شارستان سازمان درای؟

**ڕەزا قەباکەندی**: یەکەم بنکە حیزبی کە خۆم پێ ناساند، لە گوندی بەیرمی ناوچەی سارم و میرقازی ماهاباد بوو. هەر ئەوکات لە پەلی ئەحەد ڕەحیم لە لکی ٢ی هێزی شەهید پێشەوا لە کومیتە شارەستانی مهاباد سازمان درام.

**هەمزە ئاگوسی**: پلەکانی بەرپرسایەتیت چۆن بڕی و دوایین بەرپرسیایەتیت لە ناوچە چی بوو؟

**ڕەزا قەباکەندی**: بەرپرسایەتیم لە سەرپەلی و جێگر پەلییەوە وەرگرت و لە ساڵەکانی ٧٠ و ٧١ی هەتاوی کادری ناوچەکانی چۆمی مەجید خان و شامات لە کومیتە ناوچەی چۆمی مەجیدخان بووم. ئاخرین بەرپرسایەتیم جێگر هێزی بوو لە هێزی شەهید پێشەوا.

**هەمزە ئاگوسی**: پەیوەندی خەڵک و پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی لە ناوخۆدا لە چ ئاستێکدا بوو؟

**ڕەزا قەباکەندی**: ئەوە پەیوەندی گەرمی خەڵک و پێشمەرگە بوو کە سات بە سات ورەی دەدا بە پێشمەرگە و هێزی پێ دەبەخشی. ئەوەندە دەڵێم پەیوەندی خەڵک و پێشمەرگە لە پەیوەندی ئاو و ماسی بەهێزتر بووە.

**هەمزە ئاگوسی**: قورسترین شەڕ کە تووشی هاتووی کام شەڕ بوو؟

**ڕەزا قەباکەندی**: شەڕی زستانی ساڵی ٦٣ لە ناوچەی شامات کە لەو شەڕەدا ٥ شەهید و ٢٣ بریندارمان هەبوو.

**هەمزە ئاگوسی**: بەرپرسایەتی و فەرماندەیی بە لای تۆوە چی دەگەیاند؟

**ڕەزا قەباکەندی**: بە لای منەوە بەرپرسایەتی یانی هەست بە مەسئولیێتکردن بە رانبەر بەو ئەرکەی کە پێت دەسپێردەریت. بە کورتی یانی قورستربوونی ئەرکەکانی سەر شان.

**هەمزە ئاگوسی**: لەسەر یەک چەند جار بریندار بووی؟

**ڕەزا قەباکەندی**: لە سەریەک ٣ جار بریندار بووم. لەنێرخاسان، پایەگای لاچین و پایەگای وشکەدەرێی سەرشیوی مەریوان.

**هەمزە ئاگوسی**: پێشمەرگایەتی چی پێ بەخشی و چی لێ ئەستاندی؟

**ڕەزا قەباکەندی**: پێشمەرگایەتی هاوڕێی خۆشەویست و دڵسۆزی پێ بەخشیم. فیداکاری پێ بەخشیم بۆ خاک و وڵاتەکەم، بەڵام جەوانی لێ ئەستاندم و بنەماڵەکەمی لێ دوور کردمەوە و لە ئازیزانی دابڕیم.

**هەمزە ئاگوسی**: لە گوندەکەی ئێوە جگە لە تۆ پێشمەرگەی دیکەش هەبوون؟

**ڕەزا قەباکەندی**: بەڵێ گوندی ئێمە هەم پێشمەرگەی هەبووە و هەم شەهیدیشی زۆرە و ئیستاش پێشمەرگەمان لە زیندانی رژیمدا هەیە.

**هەمزە ئاگوسی**: دوا وتەت بۆ خوێنەران چییە؟

هیوادارم بۆ رۆژێکیش بێت ئەو هەلەمان بۆ بڕخسێت بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەمان و بۆ گەل بژین و بۆ گەل بمرین. هەزاران سڵاو لە خەڵکی دڵسۆزی کوردستان. سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان و هاوڕێیانی شەهیدم دادەنوێنم. لە کۆتاییدا سوپاس بۆ تۆ کاک هەمزەی هاوڕێم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٤

## هەڤاڵ ئەحمەدی: "وەک پێشمەرگەیەک ماومەتەوە و کوێی کوردستان پێ



**هەمزە ئاگوسی**: دەکرێ خۆت بە خوینەران بناسێنی و لە قۆناغی مندالی و میرمندالێت بۆمان بدوێی؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: ناوی تەواوم "محەممەد ئەحمەدی"، بەڵام هاوڕێیەکی خۆشەویستم بە ناوی "برایم جەهاندیدە" کە بەداخەوە لە باوەشی خۆشمدا شەهید بوو، ناوی نام "هەڤاڵ". ئەو "هەڤاڵ"ە یادگاری بە نرخی شەهید "برایم"ە. ساڵی ١٣٤٩ لە ئاوایی پیرمحەممەدی بۆغدەداغی بۆکان لە بنەماڵەیەکی ورزێری لادێی هاتوومەتە دنیاوە. وەک دەڵێن چوار ساڵانە بووم کە ماڵمان چووەتە ئاوایی میراوای بۆکان، بەڵام هاوینانە بۆ کشتوکاڵ هەر دەچووینەوە ئاوایی بوغدەداغ. خوێندنی سەرتاییم لە قوتابخانەی میراوا تەواو کردووە. ساڵی یەکەمی ناوەندیم لە قوتابخانەی "ابن سینا"ی بۆکان بە نیوچەڵی بەجێ هێشت.

**هەمزە ئاگوسی**: حیزبی دیموکراتت چۆن ناسی و چۆن ئاشناییت لەگەڵ ئەو حیزبەدا پەیدا کرد؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: ئاشنایم لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی تەمەنم هەشت نۆ ساڵان بوو کە بنکەی حیزبی دێموکرات لە بۆکان لە بینای "مەکتەب قورئان" بوو کە لەگەڵ هاواڵەکانم بۆ خۆشم نازانم بۆ، بەڵام زۆر هاتوچۆی ئەوێمان دەکرد. هاوکات بابی هاوڕێیەکی قوتابخانەم کە هاتوچۆی ماڵی یەکترمان دەکرد لە میراوا، کادری حیزب بوو (خوالێخۆشبوو "میرزا عەبدوڵای جەهانگیری). ئەوکات وەک سیاست نەمدەزانی حیزب چییە و چی دەوێ! تەنیا هەستێکی خۆش بوو کە سەردانمان دەکردن و کاتێک قافڵەی ماشێنەکانیان بە لاماندا تێدەپەڕین، دروشمان دەدا."بژی حیزبی دێموکرات، نیشاندەری ڕێی خەبات."

**هەمزە ئاگوسی**: چۆن بوو بڕیارت دا چەکی پێشمەرگایەتی بکەیە شان؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: لە پێش مندا پێشمەرگە بوون، وەک شەهیدان: عەلی خارجی و مەنسوور فەقێ مینە. منیش زۆرم پێ خۆش بوو وەک ئەوان ئەگەر بۆم بکرێ خزمەتێکی خاک و وڵاتی خۆم بکەم و شانازی بە خۆمەوە بکەم کە پێشمەرگەم. پاشان لەگەڵ کوڕێکی هەر ئەو گەرەکەی خۆمان بە نێوی کاوە ئەحمەدزادە کە پێشتر پێشمەرگە بوو و جێگا و ڕێگای پێشمەرگەی پێ دەزانی.

**هەمزە ئاگوسی**: یەکەم بنکەی حیزبی کە خۆت لێ ناساند کوێ بوو و لە کام هێز و کومیتە شارستان سازمان درای؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: هاوینی ساڵی ١٣٦٥ کە تەمەنم نەگەیشتبووە ١٦ ساڵی، ڕوومان کردە یەکەم بنکەی حیزب کە بنکەی یەکێتی لاوان بوو لە ئاوایی"باساوێ" نیزیک بازاڕی "سەفەرە و گەلاڵە".پاییزی ساڵی ١٣٦٦ لە گەڵ هاوڕێکەم بە نێوی محەممەد شامحەممەدی (کە ساڵی ١٣٦٨ لە شەرێکی قارەمانەدا لە کوێستانەکانی بنەخویی سەقز لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە بە ناوەکانی قادر قادری ڕاد و برایمی فەزڵی شەهید بوون) چووینەوە هێزی بەیان کە لە "کانی مێو" ی نیزیک "گەڕەدێ" بوون.

**هەمزە ئاگوسی**: ئایا لە گوندەکەی ئێوە جگە لە تۆ پێسمەرگەی دیکەش هەبوون؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: میراوا زۆر گەورەیە، بۆیە تەنیا ناوی ئەوانە دێنم کە شەهید بوون و ئەوانەی ماون نەکو یەکەم لە بیر بچێ و ببێتە هۆی دڵڕەنجانیان، بۆیە لە ناوهێنانیان خۆ دەپارێزم. تا ئەو جێگایەی لە بیرم بێ، شەهیدان: مەحموود سوڵتانی، مستەفا قادری، مستەفا گلزری، خدر عەرەبی، مەنسور فەقێ منیە، عەلی خارجی، محەمەد خانەخا، عەبدوڵڵا چراغوارە، تاهیر حامیدی، هەموو ماڵیان لە میراوا بووە.

**هەمزە ئاگوسی**: پەیوەندی خەڵک و پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی لە ناوخۆدا لە چ ئاستێکدا بوو؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: ئەگەر بمانەوی باسی پێوندی خەڵک و پیشمەرگە بکەین، ئەوندە بەسە بڵێین کە پێشمەرگە کە کوڕ و کچی خەڵکە، ئێدی بەڕاست دەبێ پێوندی نێوان خەڵک و جگەرگۆشەی خۆی چۆن بێ؟ بێشک پاکترین و سادقترین پێوندی نێوان دوو مرۆڤە. بەندەی موخلیس ئەگەر هاوکاری خەڵک نەبوایە کە بۆ منی پێشمەرگە هەیانبوو، ئێستا ئێدی ئەو

پرسیارانە کەسیک نەبوو بە نێوی هەڤاڵ تا وەڵامیان بداتەوە.

**هەمزە ئاگوسی**: قورسترین شەڕ کە تووشی هاتووی کام شەڕ بوو؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: وەک شەڕ، شەر زۆرن کە هاوڕێکانم فێریان کردووم چۆن شەڕ بکەم و شانازی ئەوەم هەبووە سەیری دەست و مەچەکەی پێشمەرگانەیانم کەم و کیف بکەم. وەکوو سەر جاددی پیرانشار - سەردەشت (سێپەکان، قەبری حوسین، چەکۆ) لێدانی پایەگاکانی، "باغی شیخان"ی مەهاباد، "سماقلۆی"، "دەرە قوڵەی" و "مێرگەنەخشێنە"ی سەقز، "قوڵەسێر"ی بانە. هەر دووک شەڕە گەورکەی چیای "سەرتوون". هەر دووک شەڕە گەورەکەی چیای "وەنەوشە". شەڕی کوێستانەکانی "قوڵقلە" و "گردەکۆ". شەڕی نێوان ئاواییەکانی "ئەربەنووس" و "کولتەپە". شەڕی پشتی "گلۆلان". شەڕی نێوان بۆکان و مەهاباد لە "قەمتەرێ". شەڕی پشت ئاوایی "هاچیدەرێ" لە "ئاشی جەهانگیر". شەڕی پشت ئاوایی "بەردەزەرد" لە "بێژنیگ بەسەر"ی نێوان بۆکان و سەقز. شەڕی ئاوایی "گورجی" لە ناوچەی دیواندەرە. هەروەها چەندین کەمین شکاندن کە ئێدی وەک کورد دەڵێن ئەوانە وەک حەسانەوە وا بوون و حسانەوەمان "نیسک رنینەوە" بوو. وردە شەڕی دیکەش زۆرن کە ئێستا بەڕاستی لە بیرم نین.
نازانم کام شەڕیان زۆر گەورە بووە. بەڵام ئەوی هەستم کرد کە بەڕاستی دوژمن تەزی کە زیاتر لە ١٥٠ کەسی کوژراو و بریندار و ٩٠ کەسیشی لێ بە دیل گیرا، شەڕی "پیرچۆپان"بوو کە دوژمن هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی هێزەکانی بەیان و پێشەوا لە چیای "پیرچۆپان" لە گەورکی سەقز، کە زیاتر لە ١٢٠ ماشێنی هێنابووە گۆڕەپانی شەڕ. با بە پێچەوانەی زۆر هاورێ دیکە بشڵێم کە دوژمنیش بەڕاستی داخی نا بە دڵمانەوە و ٨ لە باشترین هاوڕێکانمانی شەهید کرد.

**هەمزە ئاگوسی**: هیچ جار بریندار بووی؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: وەک برینداری وا بریندار نەبووم کە لە جێگادا بکەوم، بەڵام وەک زۆر هاوڕێی دیکە لە پریشکەی ئاگری کۆماری ئێسلامی بێبەش نەبووم. ئێستاشی لەگەڵ بێ بەدەست ئازارەکانیانەوە هەر دەناڵم، بەڵام منەت ناکەم خۆم ئەو ڕێبازم هەڵبژارد و کەس کارتی دعوەتی بۆ نەناردبووم.

**هەمزە ئاگوسی**: ئەرک و بەرپرسایەتییەکانت لە حیزبدا چی بوون؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: من پێشمەرگە بووم! چام تێکردووە، ئاشپەزیم کردووە، نانم کردووە، ئێسترم تاقەت کردووە... بۆ

خۆشحاڵکردنی هاوڕێکانم شانۆم نووسیوە، ئەکتەر بووم، گۆرانیم گوتووە، کادری دەرمانی بووم. کادری کۆمیسیونی کۆمەڵاتی بووم و ئاخرین ئەرکیشم بەرپرسی بنکەی دووهەمی حیزب بووم لە بەغدا... من هیچم نەبووە تا پێشمەرگایەتی لێم زەوت بکا ئەوەی هەمە و نیمە بە چاک و بە خراپ میداڵی شۆڕش و حیزبن کە بە سەرێکی بەرزەوە لە ملی خۆم کردوون.

**هەمزە ئاگوسی**: پێشمەرگایەتی چی پێ بەخشی و چی لێ ئەستاندی؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: لە کتێبێکدا بە نێوی "کانی کەوتم" باسی زۆر قسەی خۆشی پێشمەرگەم کردووە هەروەها رۆمانێکیشم بە ناوی" جامانەیی خوێناوی پێشمەرگەیەک" نووسیووە کە ئەگەر پێشمەرگە نەبوومایە، قەت نەدەگەیشتمە ئەو جێگایەی تەنانەت دەست بۆ قەڵەمیش بەرم. کەوایە پێشمەرگایەتی زۆر شتی داوە بە من، نێعمەتێک بووە بە سەرمدا باریوە.

**هەمزە ئاگوسی**: دوا وتەت بۆ خوێنەرانی KDP MEDIA چییە؟

**هەڤاڵ ئەحمەدی**: ئێستا کە ئەوە چەند دێرەتان بۆ دەنووسم شەرمەزاری هەموو هاوڕێ شەهیدەکانم کە تاکوو ئێستا نەمتوانیوە هیوا و ئامانجەکانیان بێنمە دێ، بەڵام وەک مرۆڤ کە لە گۆشت و خوێنم، ویژدانم ئاسودەیە و هەر ئەوندەم لە دەست هاتووە. ئەگەر زیادەڕۆیم نەکردبێ، قسەی کوتاییم و قسەی دڵم ئەویە سەد بریا هەر لە شاخەکانی کوردستان لە تەنیشت هاوڕێ شەهیدەکانم، شەهید بوومایە کە ئەوکات نەسیب نەبوو و لە کاروان بەجێمام، چونکە بەڕاستی پێم خۆش نییە لە جێگاوباندا بمرم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٥

-----------------------------------------------



## (جاویدان) میوانی قەڵا و منارەیە



(دەروێش مستەفا جاویدان)، یەکێک لەو گۆرانیبێژانەیە کە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و ساڵانێکی زۆرە لە ناو دنیای میووزیک و هونەردایە و خاوەنی دەیان بەرهەمی هونەرییە و وەکوو یەکێک لە سیما هونەرییەکانی ئێران ناسراوە.

بەڕێزان! لە سەر داوای هێندێک لە هاوڕێیان ئەم دیمانەیە دیسان بڵاو دەکەمەوە کە پارساڵ لەگەڵ هونەرمەند (جاویدان) - دا ئەنجامم دابوو.

یەکەم مامۆستای (داریوش) کوردێک بووە بە ناوی (مستەفا جاویدان)

(دەروێش مستەفا جاویدان)، یەکێک لەو گۆرانیبێژانەیە کە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و ساڵانێکی زۆرە لە ناو دنیای میووزیک و هونەردایە و خاوەنی دەیان بەرهەمی هونەرییە و وەکوو یەکێک لە سیما هونەرییەکانی ئێران ناسراوە.

قاڵبووی ناو دنیای عیرفانە و ئاوپڕژێنی دڵی زۆرێک لە ئەویندارانی کردووە و لە خەڵوەتدا، دڵەکانی لێک گرێ داوەتەوە. بۆ زۆرێک لە هونەرمەندانی ناسراوی ئێرانی، شیعر و ئاوازی داناوە و هەستێکی بێ غەلوغەشی کوردانە، وای کردووە گەشتێکی باشووری کوردستان بکات و کۆنەیارانی لە باوەش بگرێتەوە و ماوەیەک لە ژێر سێبەری قەڵا و منارەدا، پشوو بدات.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "هەولێر"، بە جلوبەرگێکی کوردی و زمانێکی کوردانەوە، سازەکەی لەسەر کۆشی داناوە و لە خۆی و کارە هونەرییەکانی دەدوێ و باس لە کارەکانی داهاتووی دەکات:

(جاویدان) هەر لە منداڵییەوە ئاشق بووە، ئاشق بە هونەر، ئاشق بە عیرفان، ئاشق بە میووزیک، بۆیە دەڵێت: " هەر لە منداڵییەوە ئاشقی میووزیک بووم و ئەوە ئەشقە گەورە و گەورەتر بوو و لە تەمەنی ١٥ ساڵیمەوە کاری میووزیکم دەست پێ کرد، ئەوەیش وای کرد کە بە قووڵایی بەحری هونەردا بچمە خوارەوە و جیا لە میووزیک، چەند خولێکی شانۆ و سینەما و تەنانەت شێوەکاری و وێنەیشم دیت.

جیا لە بەرهەمهێنانی زیاتر لە ٢٨٠ بەرهەمی میووزیکی، چەند شانۆیەکەیشم بەرهەم هێناوە، وەک "ژیانی حافز" و "یەکیەتیی جیهانیی ئاژەڵان". ٥٠ ساڵە کاری میووزیک دەکەم، واتە نیو سەدەیە".

(جاویدان) ناتوانێ ناوی ئەو مامۆستا ئەرکوەخۆگرانە لەبیر بکات کە لە دارەدارەدا دەستیان گرتووە و لەژێر تیشکی وانە و ڕێنوێنییەکانی ئەواندا، دەستی بۆ ساز بردووە، دەڵێت: "لە کوردستان، چەند مامۆستایەکی کورد وەک مامۆستا (ئیسماعیلی مسقەتی)، زۆر هاوکارییان کردم و پاشان چوومە تاران و لە خزمەت مامۆستا (ئیسماعیل مێهرتاژ)دا، کاری ڕەدیفم دەست پێ کرد کە مامۆستای (شەجەریان و ئیرەج و وەفایی)یش بوو و مامۆستای ئێمەیش بوو. حەوت ساڵ و نیو لە خزمەتیدا بووم و ڕەدیفەکانی ئێرانی فێر بووم".

بۆ خۆی باس لەوە دەکات کە سەرەتا نەیویستووە ببێتە گۆرانیبێژ، بەڵکوو حەزی لێ بووە کە شیعر بنووسێت و ئاواز دابنێت، کەچی:

"من هەر لە منداڵییەوە سازم لێ دەدا و ئەو کات شیعرم دەنووسی و خۆم میلودی و ئاوازم دادەنا و دەمدا بە هێندێک گۆرانیبێژ، ئەوانیش یا نەیاندەگوت، یان نازیان دەکرد، بەڵام دواتر دۆستێک هەبوو کە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک بوو، ڕۆژێک گوتی فلان کەس بۆ بۆ خۆت گۆرانی ناڵێیت؟ منیش گوتم باشە، من خۆم گۆرانی بڵێم، تۆ بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە سپونسەری دەکەی؟ دیارە ئەو ڕازی بوو و منیش ئیتر ئەو جار ئاوازەکانی خۆم، بە زۆری بۆ خۆم دەمگوتن".

وەک بۆ خۆی ئاماژەی پێ دەدات، زیاتر لە ٢٨٠ بەرهەمی هەیە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، باس لە یەکەم بەرهەمەکانی دەکات: "یەکەم کارم، ئاهەنگێک بوو بە ناوی "من بە بازار میروم"، دووەم کارم ئاهەنگێک بوو بە ناوی "هو

یا علی مدد" و سێیەم کارم "بابا کوهی" و چوارمین کاریشم "چینی بندزن" بوو".

"چینی بندزن"، یەکێک لە گۆرانییە ناسراوەکانی (جاویدان)ە و ئێستایش لەسەر زاری خەڵکە، کەم کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران هەن کە هەناویان بەم گۆرانییە فێنک نەکردبێتەوە.سەبارەت بە بیرۆکەی بەرهەمهێنانی ئەم گۆرانییە، دەڵێت: "وەختی خۆی و لە زەمانی زوودا،چینی گران بوو، کاتێ چینییەک دەشکا، هێندێک کەس هەبوون کە کەلوپەلی خۆیان بۆ چاککرنەوە پێ بوو و بە کۆڵانەکاندا دەگەڕان و هاواریان دەکرد، "چینییە شکاوەکان چاک دەکەینەوە". من ئیاهامم لەوە وەرگرت، بۆیە هاتم حەوت شاری خۆشەویستیی (عەتار نیشابووری)م تێکهەڵکێشی ئەم گۆانییە کرد و ئەوەی لێ دروست بوو کە هەمیشە شانازی پێوە دەکەم".

(دەروێش مستەفا جاویدان)، لەگەڵ ئەوەیدا کە بۆ خۆی بە بەردەوامی کاری بۆ خۆی کردووە، بەوەیش نەوەستاوە و بۆ زۆرێک لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی ئێرانیش شیعر و ئاوازی داناوە: "یەکەم گۆرانی و یەکەم کاری (داریوش)، گۆرانییەک بوو بە ناوی "به من نگو دوستت دارم که باوەرم نمیشه"، (پێم مەڵێ خۆشم دەوێی، باوەڕت پێ ناکەم) کە شیعر و ئاوازی من بوو. ڕەنگە کەس نەزانێ کە یەکەم مامۆستای (داریوش)، کوردێک بووە بە ناوی (مستەفا جاویدان). دوای ئەوە، شیعر و ئاوازێکم دا بە (گوگوش) بە ناوی "نمیاد". ئەوجار "ارزو داشتم یار من تو باشی"یم دروست کرد و دام بە (موعین ئیسفەهانی). بەرهەمێکم داوە بە گۆرانیبێژی ناسراو (حومەیرا) بە ناوی (عطر و شکوفه داری، مثل گل بهاری". هەروەها "زیندانی"یم داوەتە (سووسەن)، "تو را از دست نمیدم"م داوەتە (شاهرۆخ). ئێستایش بەرهەمێکی فارسیم بە ناوی "کوروش" داوەتە گۆرانیبێژێکی مازندەرانی".

ئەم گۆرانیبێژە کوردزمانە فارسی وێژە، لە ماوەی ئەو چەندین ساڵەدا، تەنیا یەک بەرهەمی کوردی هەبووە بە ناوی "دەرویش سکوت" کە لە دەورانی لاوێتیدا گوتوویەتی "دەرویش خاموشیم کە خاموشیم فەریادە، دەرویش سکوت بیستوون کە یادگاری فەرهادە...."، لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا کە سەبارەت بەم بابەتە ڕووبەڕووی کرایەوە، گوتی: "ئەوانەی کە پشتگیریی منیان دەکرد و کارم بۆ دەکردن، فارس بوون، یانی من هیچ کات نەمتوانی سپۆنسەرێکی کوردم هەبێت بۆ کارەکانم، ئەوان داوای گۆرانیی فارسییان لێ دەکردم و منیش بە فارسی بەرهەمم بۆ ئامادە دەکردن".

بەڵام ئیتر باس لەوە دەکات کە دەیەوێ قەربووی ڕابردوو بکاتەوە و بە بەرهەمێکی گەورەی هونەری بۆ مەزنە پیاوێکی وەک (مەلا مستەفای بارزانی) و چەند کارێکی دیکەی هونەری، بێتەوە ناو کۆشکە ڕەنگاوڕەنگەکەی هونەری کوردییەوە: "بۆ ئەندازیاری گەورەی شۆڕشی کورد (مەلا مستەفا بارزانی) و بۆ ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی کە بۆ پلەی ڕووحانی و مەعنەوی

و عیرفانیی ئەو گەورەپیاوەم هەیە، بەرهەمێکم هەیە کە بە هاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیری و ٨١ کەس لە گرووپی کۆراڵ، خەریکی ئامادەکارین. جیا لەمە، دەمەوێ چەند شیعرێکی مامۆستا (هەژار) و شیعرێکی کاک (خوسرەو جاف)ـی هاوڕێی دێرینم کە وەرگێڕاوی شیعری (خەیام)ـە، بکەمە ئاواز. ئەگەر تەمەن ڕێگە بدات، ئەوەندەی ژیانم ماوە خزمەت بە میووزیک و ئاوازی و فەرهەنگی کوردی بکەم.بە قەولی (مەولانا)، هەر کەس دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە. من کوردم، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا نەمتوانیوە خزمەتی شیاو بە نەتەوەی خۆم بکەم. بێجگە لە کاری میووزیکیش، دەمەوێ شارۆچکەیەکی سینەمایی بە ناوی "هەولێریود" دروست بکەم کە پرۆژەکەم داوەتە لایەنی پێوەندیدار و یەکێک لە سەرمایەدارە کوردەکان کە ئەویش خەڵکی کرماشانە و لە ئەمەریکا دادەنیشێ، ئامادەیە لەم بوارەدا وەبەرهێنان بکات و بە نیازین ئەم شارۆچکەیە، هەموو بوارەکانی سینەما لەخۆ بگیرێت و گەورەترین دەرهێنەرەکانی بۆ بانگهێشت بکەین".

(مستەفا جاویدان)، وێنایەکی دیکە لە میووزیکی کوردی دروست دەکات و بە پێی بەدواداچوونێک کە بۆ میووزیکی ئێرانی کردووە، گەیشتووتە ئەو ئاکامە: "میووزیکی کوردی، دایکی میووزیکی جیهانە، چونکە میووزیکی ئیرانی، ئیلهامی لە میووزیکی کوردی وەرگرتووە و بنەمای میووزیکی رۆژئاوایش، میووزیکی ئێرانییە.(ئەبوو نەسری فارابی)، بۆ تەنبووری خوراسان، ١٤ نیوپەردەی دروست کرد، هەر ئەو ١٤ نیو پەردە، چونکە گیتار رووبع پەردەی نییە، چوو بۆ رۆژئاوا و ناوی لێ نراوە گیتار. (گی) بە زمانی زەردەشتی، بە مانای گەورە دیت و تاریش هەمان تارە، واتە تاری گەورە. زۆر کەس پێی وایە کە گیتار بیانییە، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بزانن کە گیتار ئامێرێکی تەواو ئێرانییە".

(جاویدان)، زۆر هۆگری دەنگی هونەرمەندان (حەسەن زیرەک و مەزهەر خالەقی)ـیە و پێی وایە (حەسەن زیرەک) وای کردووە کە ئەو، ئەوەندە میووزیکی خۆش بوێت.

لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی ئێرانی، پێوەندی و دۆستایەتییەکی باشی هەبووە و هەیە و نزیکترین هاوڕێی (موجتەبا میرزادە)ی هونەرمەند و میووزیکژەن بووە و (موجتەبا) بە یەکێک لە هاوکارە نزیکەکانی خۆی ناو دەبات: "لەگەڵ هونەرمەند (سیما بینا)، زۆر دۆستم و لەگەڵ مامۆستا (شەجەریان) کە هاتوچۆمان هەیە. من زیاتر لەگەڵ میووزیکژەنەکان دۆستایەتیی پتەوەم هەیە. (موجتەبا میرزادە)، دۆستی هەرە نزیکم بووە و زۆربەی کارەکانیشم ئەو لەگەڵمدا بووە." لە ناو قسەکانیدا، ڕەخنە لەو ستایلە عەرەبی و رۆژئاواییانە دەگرێت کە هاتوونەتە ناو میووزیکی کوردییەوە و لەگەڵ ئەوەیشدا، بە داهاتووی میووزیکی کوردی ئۆمێدەوارە و پێی وایە ئەو ڕەوتە، کاتییە:

"کارییەگەرییەکانی رۆژئاوا وای کردووە کە میووزیکی کوردی تووشی قەیرانێکی کاتی بێ. ئێمە کوردین و نابێ لە فەرهەنگ

و دابونەریت و جلوبەرگ و میوزیکی خۆمان دوور بکەوینەوە. تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆمان هەیە، تەنانەت لە خواردنیشدا. هەرچی ئێمە هەمانە، ئەزموونی لە پشتەوەیە. ئەو قەیرانە نامێنێ و زوو تێدەپەڕێ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کە کورد هەیەتی، ئەوەیە هەڵە دەکات، بەڵام زوو هەست بە هەڵەکەی خۆی دەکات، بۆیە من پێم وایە ئەو قەیرانە کاتییە. کورد کوردە، کورد ڕیشەیە، کورد یانی ئەمانەت".

لە کۆتاییدا، باس لەوە دەکات کە دیداری هاوخوێن و هاوزمانەکانی و خۆشەویستیی قەڵا و منارە و تامەزرۆیی دیداری کۆنە یار و هاوڕێی چەندین ساڵەی مامۆستا (خوسرەو جاف)، وای لێ کردووە کە سەردانی باشووری کوردستان بکات و کۆمەڵێک دیاری و یادگارییش لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، بە ئارشیفی هونەری کوردی بسپێرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٢

---



## حاسڵ داسە: کوردەکان لە ئێران دەیانهەوێ دان بە پێناسەی نەتەوەییان دا؟



ڕۆژهەڵات تایمز: حاسڵ داسە یەکێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە خولی شەشەمی پارلمانی ئێران دەڵێ: "ئەو هەڵبژاردنەی دوایی دیسان بۆ جاریکی دیکە ئەوەی سەلماند کە خەڵکی کوردستان خوازیاری بە فەرمی ناسینی مافەکانیانن و دەیانهەوێ دان بە پێناسەی نەتەوەییان دابنرێ و هەڵاواردن و سووکایەتپێکردن، لەژێر هەر ناو و بیانوویەکدا بێ، کۆتایی پێ بهێنرێت. ئەوان، یەکدەنگ لەگەڵ خەمخۆران و ڕووناکبیرانی گەلەکەمان، دەنگیان بو خواستەکانی خۆیان دا."

نوێنەری پێشووی شارەکانی پیرانشار و سەردەشت ئەو وتانەی لە تازەترین دیمانەیدا بە زمانی فارسی و لەگەڵ ڕۆژنامەوان هەمزە ئاگوشی بۆ ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز بەیان کرد و گوتی: "خواستەکانی خەڵکی کوردستان ئاشکران و دەبێ دەستەبەر بکرێن و بە شتی لاوەکی جێیان پڕ ناکرێتەوە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە خواستەکانمان لەگەڵ هەلومەرجەکە نەگونجێنین، چاوکراوەیی خەڵکی کوردستان لەوەدایە کە دەرفەتەکان بە باشی دەناسێتەوە".

**ڕۆژهەڵات تایمز:** هەر لە بابەت هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماری، حاسڵ داسە ئەم هەڵبژاردنەی لە چەند بواردا بەم جۆرە هەڵسەنگاند:

**حاسڵ داسە:** **یەکەم**، ئەم هەڵبژاردنە پێگەیشتوویی شعووری سیاسیی خەڵکی کوردستانی نیشان دا، دەریخست کە خەڵکی کوردستان حەز دەکەن و پێیان باشە ئەگەر هەلومەرجەکە بلوێ، بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ حکومەت دیالۆگ بکەن و داوای مافەکانیان بکەن.

**دووهەم**، ئەو "نا گەورەیە" بوو کە خەڵکی کوردستان لە ڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە بە سیاسەتە پۆپۆلیستی و خەڵک

هەڵخەڵەتێنەرەکانی ئەو هەشت ساڵەی رابردوویان گوت. "نا"یەک کە هەڵگری مانایەکی گەورە و شایانی تێڕامانە، "نا"یەک کە ئاوێنەی باڵانوێنی تێکشکانی سیاسەتی پاوانخوازانە و ملهوڕانەیە.

**سێیەم**؛ ئەوەیکە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە، نیشانەی وەزاڵەهاتنی خەڵک بوو لەو دۆخە نگبەتەی گوزەران و زەختی ئابووری، بە جۆرێک کە هیچ بنەماڵەیەک داهات و دەرکەوتی یەکتری نەدەخوێندەوە و، بێکارییەکی سامناک باڵی بە سەر تەواوی کوردستاندا کێشا بوو، ئەمە جۆرێک راکردن بوو لەو دۆخە داسەپاوە.

**چوارەم**؛ دەربرینی نارەزایەتییەکی بەرین بوو بە نەبوونی ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی و مەدەنی، بە جۆرێک کە چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەهۆی چالاکییەکی زۆر سەرەتاییەوە تووشی لێپێچینەوە دەبوون و، هەناسەدان لە وەها دۆخێکدا، ئاکامی زۆر زیانباری لێ دەکەوتەوە و، هەر جۆرە جالاکییەکی مەدەنی تەگەرەی دەخرایە بەر. ئاغای رووحانی ئەوە باش دەزانێت کە خواستی خەڵک، دەرچوونە لەو دۆخە داسەپاوە. خەڵکی کوردستان ئەمجارەش دەنگیان بە بەربژێرێک دا کە بانگەشەی پاراستنی مافەکانیانی دەکرد.

**بەرامبەر بە ئەگەری پشتگوێخستنی خواستەکانی دەنگدەرانی کورد کە بە چڕی دەنگیان بە حەسەنی رووحانی دا، حاسڵ داسە دەڵێ**: "شلکردن و نەرمی نواندنی ئاغای رووحانی لە بەرامبەر پاوانخوازان و نەیارانی پێشکەوتنی ناوچە کوردنشینەکان، ئاکامی ناڕوونی بۆ دەستەڵات بە دواوە دەبێ. ئێمە هیواداریین کە ئاغای رووحانی قورس و قایم لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا راوەستێ کە ئێزن بە خۆیان دەدەن دۆخی کوردستان نا ئەمن پێشان بدەن. بە دڵنیاییەوە، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین هەنگاوەکانی جێگای پەسەندی خەڵک و بە پیلەوەهاتنی داخوازییەکانیان، ئاغای رووحانی بەرەورووی پێشوازی و پشتیوانییەکی بەرینی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە. ئەو، بە قسە و بە نووسراوە، قەولی بە خەڵکی کوردستان داوە کە لە هەموو وزە و تواناکانیان کەڵک وەربگرێت، هەم لە بواری بەکارهێنانی کەسانی لێهاتوو و هەم لە بواری ئابووری و فەرهەنگی و، نەهێشتنی هەژاری و بەشمەینەتی و، هەم لە بواری بناتنانەوەی متمانەی گشتی خەڵک بە دەستەلات".

**رۆژهەڵات تایمز**: ئێوە وەک چالاکانی مەدەنی لە ناوخۆی وڵات داواکارییەکتان پێشکەش بە محەمەدرەزا عارف کرد، بەڵام دوایی لە ململانییەکانی هەڵبژاردن کشایەوە.، ئایا لەلایان ئێوەوە گلاڵەیەکی لەو شێوە دراوە بە ئاغای رووحانی؟

**حاسڵ داسە**: لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دا، پێش ئەوەی چالاکان و رێکخراوە کوردیەکان لە ناوخۆی وڵات ئێمە روو لە حەسەنی روحانی بکەن، محەممەد رەزا عارف جێگری سەرکۆماری پێشوو محەممەدی خاتەمی کۆمەڵێک وادە و بەڵێنی بە کوردەکان دا و بەو پێیەش ئەو بژارەی کوردەکان بوو بۆ سەرکۆماری داهاتوو. حاسڵ داسەش وەک جێگری ناوبراو بۆ

بەشی کەمە نەتەوەکـان دیـاری کـرا، بەڵام دواتـر عـارف بە قـازانجی روحـانی کشـایەوە. حاسـڵ داسـە لەم بـارەوە بـۆ ڕۆژنـامەنووس هەمزە ئاگووشی دوا و وتـی: "وەک چالاکـانی سیاسی و مەدەنـی، بەپێی ئەو تێگەیشتنەی کە لەمەڕ ئێـران و نـاوچەکە هەمـانە، بەو ئاکـامە گەیشـتین کە دەبـێ لە چەنـدین دانیشـتندا، لەگەڵ بەربژێـرە ریفۆرمخوازەکـان، بکەویـنە دیالۆگەوە و، بە خۆشییەوە، هەم دوکتور عارف و هەم ئاغای رووحانی بە رووی خۆش و وەڵامی ئەرێنـی یەوە پێشـوازیان لە داواکارییەکانی ئێمە کرد و، لە دوو راگەیەندراودا، لە لایەن دوو بەربژێری ریفۆرمخواز و ئوسولگەراوە، بە شێوەی جیاجیـا، روو بە کەمە نەتەوەکانی ئێران بڵاو کرانەوە کە بیرۆکە و ئامادەکردنیـان، لە لایەن ئێمەی کوردەوە بـوو. تەنـانەت دوکتـور عارف بیرۆکەی دامەزرانـدن و دروستکردنی چەنـد جێگرێـک بـۆ کەمە نەتەوەکـانی لە ئێمە قبـوڵ کـرد و، ئـاغـای رووحـانیش راگەیەندراوێکی ١٠ خاڵی لەو بوارەدا بڵاو کردەوە".

ئەو هەنگاوانەشی بەوە لێکـدایەوە کە "کوردەکـان لە ئێرانـدا توانیویـانە لە رێگەی دیپلۆماسیی نێوخـۆییەوە، راسـتەوخۆ خواسـتەکانی خەڵکی کوردستان بە گوێی سیاسـەتمەداران و کاربەدەسـتانی دەوڵەت بگەیەنـن و، کاریگەریشیان لەسـەریان هەبێـت." وتیشـی کە: "بە درێژایـی کـاتی هەڵبژاردنەکـان، چالاکـانی کـورد، بە لەبەرچـاوگرتنی راگەیەنـدراوەکان و ناوەرۆکیان، خەڵکیان بـۆ دەنگدان و پشتگرتنی دوکتـور عـارف و حەسـەنی رووحـانی هـان دەدا، بەڵام دواتـر دوکتـور عـارف لەسەر خواستی ئاغای خاتەمی، بە مەبەستی پرش و بڵاونەبوونی دەنگەکان و پاراستنی یەکپارچەیی ریفۆرمخوازەکان، خۆی کێشـایەوە و داوای کـرد کە هەمـووان دەنـگ بە ئـاغـای رووحـانی بـدەن و بـۆ ئەو تێبکۆشن. بە خۆشیەوە ئێمە دەبینـین کە هەلومەرجێک هاتووەتە گۆڕێ کە خەڵک بە هیوا و ئاواتەوە دەڕواننە داهاتوو".

هەر لەو دیمـانەیەدا، حاسڵ داسە بـاسی لە بـەرەی یـەکگرتووی کوردیش کـرد و پێـی وابـوو: "ئەگەر رێگـری لـێ نەکرێت و دەرەتـانی چـالاکیی ئاشکرای پـێ بـدرێت، لە کـۆکردنەوەی هێـزە پشتگوێخراوەکان و گۆڕینیـان بـۆ هێزێکـی ئەکتیـف، بە مەبەستی رێبەری و ریکخستنی سیاسی و مەدەنی، دەتـوانێ زۆر شوێنـدانەر بێت، بە تـایبەت کە لە ئایینـامەی بەرەدا، هیچ سنوورێکی ئیدیۆلۆژیک بۆ کوردەکان دانەنراوە و هەر کوردێک، بە هەر دیـن و ئـایینێکەوە، لە خوراسـانەوە بگرە تـا مـاکۆ و چاڵدۆران، بۆیان هەیە و دەتوانن خواستەکانی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. ئەم بەرەیە، بە ڕوانگەیەکـی ئاشتیخوازانە و گیـانی پێکەوە هەڵکردن و قبوڵکردنی راستی، پێی ناوەتە گۆڕەپانی سیاسییەوە."

وتیشـی: "ئەگەر ئەو ئیمتیـازانەی بە هێـزە سیاسـییەکانی دیـکە دراوە بە بەرەی یەکگرتـووی کـوردیش بـدرێت، بە خێرایـی کەسانی دڵسۆز و خاوەن بەهرە و توانا لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## خالید عەزیزی: ئەم ڕاپەرینە کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و ڕەفتارەکەی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوە




**کەناڵی ئاسمانیی «کلمە» لەپێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران و کوردستان، چییەتی خۆپیشاندانەکان و نێوەرۆک و خەسڵەتی نارەزایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب پێک هێناوە.**

**«کوردستان» پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی ئامادە کردوە:**

**کلمە: ئێران بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. ئێوە وەک سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی ئێستای کومیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە، بۆچوون و لێکدانەوەتان لەسەر ڕووداوەکانی ئەوڕۆژانەی ئێران چییە؟**

**خالید عەزیزی: کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٨ ساڵی رابردوودا پێمان دەڵێ ئەو سیستەمە لە بەرنامەڕێژییەکانی کردەیی خۆی لە پەیوەندەیی لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئێران و هەستی بەرپرسایەتیی ئەو نیزامە لە بەرامبەر خەڵکی وڵات و ئەمنییەتی جیهانی و ناوچەیی بە پێچەوانەی خواستی خەڵک و، بە پێچەوانەی ئەو ئیدە و ویستانە بوون کە خەڵک ٣٨ ساڵ لەوەپێش شۆڕشی بۆ کرد. خەڵک بەدوای سیستەمێکدا بوو کە وەڵامدەر بێ، ئەو ڕێژیمە خزمەتگوزاری خەڵک بێ، بەڵام کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٨ ساڵی رابردوودا ئەوە بووە کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ویست و داواکارییەکانی خەڵک کە مافی سرووشتی خۆیان بووە، بە ئێعدام و ئەشکەنجە و زیندان و پێشێلکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و لەنێوبردنی مافی خەڵک و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئاپارتایدی و هەڵاواردنی ڕەگەزی وەڵام دراوەتەوە. لە ماوەی ٣٨ ساڵی ڕابرووددا لەگەڵ ئەوەی خەڵک هەوڵی داوە لە هەڵبژاردەنەکاندا بە دیاریکراوی لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرن و پەیامی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی بدەن. یا ئەوانەی بە جۆرێک ڕەخنەیان لەڕێژیم هەبووە و خۆیان ڕێفۆرمخواز**

یان بزووتنەی سەوز یان لەو ئاخیرییانەدا خۆیان بە میانەڕۆ دادەنا و دەیانویست بە خەڵک نیشان بدەن و لە ڕێگەی ئەوانەوە دیسانەوە خەڵک هەوڵی داوە کۆماری ئیسلامی ئاگادار بکەنەوە کە وەڵامدەر بێ. بەڵام لە هەموو ئەو ماوەیە ئەوڕێژیمە داوا و خواستی لەبەرچاو نەگرتووە و هیچ ڕێزێکی ئینسانی و دێموکراتیکی بۆ ئەو خەڵکە نەبووە و لە ئاکامدا خەڵک بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەو ڕێژیمە لە ماوەی ٣٨ ساڵی ڕابردوودا دەگەڵ ئەوەی دەرفەت و شانسی زۆر پێ دراوە، بەڵام ئەو شانسانەی لەبەر چاو نەگرتوە و لە ئیستادا نیزامی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەریی وەلی فەقیە و بەیت ڕێبەری ئیدی ناتوانێ ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا پێک بێنێ، بۆیە ئەو ڕێژیمە دەبێ بڕوا. ئیستا ئیدی خەڵک بەدوای ئەو دروشمانەوەن کە ڕچەشکێن و پێکهاتەشکێنن و بەدوای ئەو ڕێگەچارە و چارەسەرەن کە کۆماری ئیسلامی وەڵامدەریان نین. کۆماری ئیسلامی لە چەند ساڵی رابردوودا بە سیاسەتە چەوت و کردەوەکانی ئەو خەبات و ڕاپەڕینەی بەسەر خەڵکدا سەپاندوە، دەنا خەڵک لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵیان ئەوە بووە کە بە شێوەیەکی هێمنانەوە و دوور لە توندوتیژی بە ویست و داخوازییەکانیان بگەن و ئێستاش بەدوای ئەوەن بە کەمترین زەرەر و زیان ئاوڕ لە داواکانیان بدرێتەوە، بەڵام دەزانن کە ڕێژیم ناتوانێ وەڵامدەر بێ بۆیە ناچارن کە لەو ڕێژیمە تێپەڕن.

**کلمه**: ئایا ڕیفۆرمخوازەکان توانای ئەوەیان هەیە کە جارێکی دیکە بە دروشمەکانیان خەڵک فریو بدەن؟

**خالید عەزیزی**: وەک دەبینین دروشمی خەڵک لە ئێستادا ڕووی لە تەواوییەتی کۆماری ئیسلامییە و شەخسی خامنەییە. ئەو ڕاپەڕینەی ئەم ماوەیە بە پێچەوانەی بزووتنەوەکەی دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دەورانی ئاغای موسەوی و کەڕووبی کە لەوێ خەڵک دەیانگوت دەنگی ئێمە چی بەسەرهات و دەنگی ئێمە چوو بۆ کوێ؛ ئێستا ئیدی خەڵک لە دەنگەکانی ناپرسێتەوە و لەوە تێپەڕیون. ئێستا قسە لەوە دەکرێ کە ئەو ڕێژیمە تا ئێستا وەڵامدەر نەبووە و پێویستە چی بکرێ؟ ڕیفورمخوازەکان یاخود بزووتنەوەی سەوز یاخود ئەوانەی کە میانەڕەوەکان کە ئەو دواییانەش ئاغای ڕوحانی ئەو دروشمەی هەڵگرتبوو و لە هەڵبژاردن و کێبڕکێکانی هەڵبژاردندا وەک ئۆپۆزیسیۆن قسەی دەکرد و هەڵوێستی دەگرت، ئەمن پێم وایە کە ئیدی شانسی خۆیان لە دەست داوە. کێشە ئەوەیە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لەگەڵ ئەوەی کە خەڵک دەرفەت و شانسی پێ داون، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ کارێک بکەن و وەڵامدەر نەبوون؛ ئەوەیە کە نیزام بە گشتی ئەو دەرفەتە نادا. دەسەڵاتی ڕەهای ئاغای خامنەیی وەک وەلی فەقیە، کە دەسەڵاتێکی بێ سنوورە و لە سەرووی هەموو دامەزراوەکانی بەڕێوەبەرییە، ئیدی ئەو دەرفەتە نادا ئێران لە نێوخۆی خۆیدا هەروا بە ئاسانی ئاڵوگۆڕەکان دروست بن. بەڵام کێشە ئەوەیە کە بە داخەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەگەڵ ئەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە ڕوو لە گەشە و پێشکەوتن بوون، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون کە ئادرەسێک دروست بکەن و گوتارێکی هاوبەشیان هەبێ و بە ئاستێک لە یەکیەتی و بەرنامەڕێژی و نەخشەی سیاسیی ستراتیژی ئێران گەیشتبن کە هەم بە خەڵکی نێوخۆ

لە ئێران و هەم لە ئاستی ناوچە و هەم لە ئاستی نیودەوڵەتی بڵێن کە کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا و ئێمە بەو پلان و ستراتیژییە و ڕێکارەی کە هەمانە دەبێ جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بین. ئەمن پێم وایە ئەو چالاکییانەی ڕەوتەکان یاخود جیناحەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی دەیکەن بۆ ئەوەی ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکی ئێران دەستیان داوەتێ بە لاڕێیدا بەرن، وا بە ئاسانی بۆیان کردەیی نابێ.

**کلمە**: ئێوە وەک سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات ئەو ئامادەگییەتان هەیە دەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی دانیشن و بۆ ڕێککەوتن لەسەر ئەلترناتیڤێک بکەونە گفتوگۆ بۆ جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە؟

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکرات هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە و ئێمە لە چوارچێوەی ئێراندا بەدوای چارەسەری کێشەی کوردستانین. بەڵێ لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە ئەگەر بمانەوێ ئێران بە شێوەیەکی دروست و هەست بە بەرپرسایەتی بەڕێوە بچێ، پێویستە لەسەر بنەمای بەشداریی هەمەلایەنە لەسەر داهاتووی ئێران قسە بکەین. لەوێیە کە هەموو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەبێ بێنە نێو ئەو چوارچێوەیە. لە ڕابردووشدا دوای ئەوەی وتووێژی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی نەگەیشتە ئاکام، یانی نەیانهێشت بە ئاکام بگا، هەوڵ ئەوە بووە کە دژ بە کۆماری ئیسلامی دەگەڵ هێزە سیاسییەکان یەکگرتوویی و هەماهەنگیمان هەبێ. سەردەمانێک حیزبی ئێمە لە چوارچێوەی شوڕای میللی مقاومەتدا بەدوای ئەو ئامانجەوە بوو، بەڵام دەرفەتێکی ئاوا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانمان نەبوو بۆیە لێ چووینە دەرێ. دواتر هەوڵمان دا بە شێوازی جۆراوجۆر دەگەڵ حیزبی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، دەگەڵ حیزبە چەپەکانی ئێرانی، دەگەڵ حیزبە دێموکراتەکانی ئێران و دەگەڵ تەواوی ئەو ڕەوتانەی کە باوەڕیان بە بەڕێوەبردنی هاوبەش لە ئێراندا هەیە هاوکاریمان هەبێ. لەو دواییانەشدا کۆبوونەوەیەکمان لە ئاڵمان هەبوو کە دەگەڵ چەند هێزێکی ئێرانی بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی لە ئێران بوو. ئەمن دەمەوێ ئەوە بە هەموو خەڵکی ئێران بڵێم کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەهۆی ئەو بەرپرسایەتییەی کە هەیەتی، لە چۆنیەتی بەشداری لە ڕەوەند و مەسائیلی ئێران هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە پێویستە پلاتفۆرمێکمان هەبێ و هەموومان پێکەوە نەخشەیەکی سیاسیی هاوبەشمان بۆ داهاتووی ئێران هەبێ.

**کلمە**: دەوری نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خۆپێشاندانانە و چاوەڕوانیی حیزبی دێموکرات لە خەڵک و ئەو پیلانگێڕییانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی ئەو خۆپێشاندانە دەیکا، چییە؟

**خالید عەزیزی**: لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناوچەکانی کوردنشین و پارێزگاکانی کوردستانی بە چاوی ئەمنییەتی سەیر کردوە، کوردستان هەمیشە ناوەندێک بووە بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی

و هاوکات شەڕیشی بەسەردا سەپاندووین، دەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە قەت پێمان وانەبووە پرسی کورد لە ئێران بە شەڕ و خوێنڕشتن چارەسەر دەبێ و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئێمە ویستوومانە پرسی کوردستان لە ناوچە و ئاستی نێونەتەوەییدا بوروژێنین و بیهێنینە بەر باس. ئێمە هەمیشە پێداگریمان لەسەر ئەوە کردوە خەڵکی ئێران کە لە نەتەوەی جۆراوجۆری وەک فارس و تورک و کورد و عەرەب و بلوچ و تورکمەن یاخود ئایینی جۆراوجۆر پێک هاتوە، یەک چارەنووسی هاوبەشمان هەیە و حیزبی ئێمەش زۆر بەرپرسانە کاری لەسەر ئەو سیاسەتە کردووە. لە ئێستادا ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەو دروشمانەی لە خۆپێشاندانەکانی شارەکانی ئێراندا دەدرێن، دروشمی گشتین و هی هەموو خەڵکی ئێرانن، چ لە سنە و مهاباد و ورمێ و کرماشان و ئیلامی کوردستان بێ؛ چ لە تاران و مەشهەد و ئیسفەهان و تەورێز و شیراز بێ، تەنانەت لە دێهات و ناوچە دوورەدەستی ئێران بێ. هەموو دەڵێن کە ئێمە دێموکراسیمان دەوێ. هەموو دەڵێن کە لە ئێراندا بێکاری هەیە. هەموو دەڵێن کۆماری ئیسلامی بۆچی فرمێسکی تیمساح بۆ خەڵکی عێراق و سووریە و لوبنان و یەمەن و ئێرە و ئەوێ دەڕێژێ و میلیارد میلیارد دۆلار سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران خەرجی بەرنامە و پرۆژە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دەکرێ. بۆیە خەڵکی دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی بێننە ژێر پرسیارەوە، ئیدی لەوێیە کە ئێمە لە فارس و تورک و کورد و عەرەب و بلوچ و تورکەمەن و ئایینی جۆراوجۆر قسە ناکەین. هەموومان بەشوێن ئامانجێکی هاوبەش و دیاریکراوین کە کۆماری ئیسلامی وەڵامدەر نەبووە. کەواتە بە پشبەستن بەو سیاسەت و باوەڕە قووڵەی حیزبی دێموکرات بەو مەسائیلە، ئێمە بەدوای ئەوەوە بووینە کە لەنێوان خەباتی خەڵکی کوردستان دەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران هەمیشە هەماهەنگی هەبێ. ئەگەر لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە خەباتی ئێمە لە کوردستان بە لاڕێدا بەرێ و خەڵکی ئێرانن پێ نەزانن، ئێستا کە لە دەرەوەی کوردستانی ئێرانیش خەڵک لە شەقامەکان دروشم دەدەن، هەر ئەو دروشمانەی خەڵکی کوردستان لە ڕابردوودا بووە. یانی سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە ئەوپەڕی هەماهەنگی هەبێ و ئەو دروشمەی کە لە سنە و مهاباد و ئیلام و کرماشان و ورمێ کوردستان دەدرێن، دەگەڵ دروشمی بەشەکانی دیکەی ئێران هەماهەنگییان هەبێ و کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆیدا خەڵکی ئێران بەرانبەر بە خۆی ببینێ. بەو سیاسەتە ئێمە دەتوانین ئاوا بە ئاسانی دەرفەت بە جیناحە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی نەدەین کە لە پەیوەندی دەگەڵ بەرنامەکانی خۆیاندا لەو جۆراوجۆرییە کەڵک وەربگرن.

**کلمە**: ئەدی لەسەر ئەوەی کە دەڵێن ئەوە دەستێکی لەنێوخۆ لە پشتە، یان ئەو ئیدعایانەی کۆماری ئیسلامی کە دەڵێن ئەوەی دەگوزەرێ دەستی دەرەکی لە پشتە چی؟

ئەو تیوریی پیلانە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە خەباتی خەڵک بە لاڕێدا بەرن، هەمیشە بەشێک لە سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بووە. یانی ئەو جۆرە ڕژیمانە هەرکات ڕووبەڕووی خەڵک دەبنەوە، هەوڵ دەدەن دوژمن بۆ

خۆیان داتاشن کە بڵێن ئێمە باشین، ئێمە بەیەکەوەین، بەڵام ئەوە ئەمریکا و فڵانی و فیسارەیە کە ناهێڵن. ئێمە لە ماوەی ٣٨ ساڵی رابردوو کە لە کوردستان دەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە خەبات و بەربەرەکانێدا بووین، بەردەوام ئەوەمان دیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە خەباتی خەڵکی ئێران و خواستەکانی خەڵکی ئێران و ئەو شۆڕش و راپەڕینەی کە لە نێوخۆی ئێران سەری هەڵداوە، ئیرادەی باڵەکانی نێو کۆماری ئیسلامی نەبووە. ئەگەر ئاغای روحانی، سەرۆککۆماری ئێران وەفای بۆ ئەو قەول و بەڵێنانە هەبا کە خەڵکیان دابوو و لانیکەمی ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ کردبا ڕەنگە خەڵک ئەوەی گوتبا کە باڵی بنئاژۆخواز و توندڕەو بۆ مەبەستەکانی خۆیان دەیکەن. بەڵام بەداخەوە ئاغای ڕوحانی لە ماوەی سەرۆککۆماری خۆیدا هیچ کام لەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەکرد. هەر بۆیە بۆ خەڵک بە تەواوی ڕوونە کە ئەوە کێشەی باڵەکان نیە کە ڕێگەی خەباتیان بۆ دیاری دەکا. ئیدی خەڵک نابنە بەشێک لە گەمەی نێو باڵەکانی ڕێژیم. ئەوەی کە بڵێن ئەوە بەشێک لە زلهێزە دەرەکییەکانن کە خەڵکی هان دەدەن ئەو قسەیەش کڕیاری نابێ! دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە لە باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا حکوومەتەکانیان دەڕووخا، هەمووی تاوانەکانیان دەخستە ملی ئەم و ئەو. بۆیە خەڵک باوەڕ بەو قسە و پڕوپاگەندانە ناکەن. دەمەوێ پێداگری لەسەر ئەوەش بکەم کە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ٨ - ٩ ساڵی پێشوو، ئەو بزووتنەوەی ئەم دواییانە، دەنگدانەوەی نێونەتەوەیی یەکجار بەربڵاوی هەبووە. لە ئورووپا، لە ئەمریکا، لە ناوچەکە. ئێستا وڵاتانی جیهان تێدەگەن کە کۆماری ئیسلامی بەڕاستی شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە. کۆماری ئیسلامی بەرەبەرە ناتوانی لە ئاستی ڕێککەوتن و بڕیاراتە نێودەوڵەتییەکاندا بێ، چونکە لە نێوخۆی ئێران و لە شار و دێهاتە جۆراوجۆرەکان، هەموو چین و توێژەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی راپەڕیون. ئەو پەیامانەی خەڵکی ئێران لە راپەڕینی ئەو دواییەدا بە گوێی جیهانییانیان دادا، دەکرێ بڵێین لە دوا شۆڕشی گەلانی ئێران، یەکەمین هەنگاوی بەربڵاو و کردەیی خەڵکی بووە کە بە دنیا بڵێن کۆماری ئیسلامی شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە.

کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لایەنێکی جێی متمانە بێ لە پەیوەندی و ڕێککەوتن و بڕیاراتە نێونەتەوەییەکان. ئەمن پێم وایە بەرە بەرە، خەڵک لە نێوخۆی ئێران و هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە قبووڵکردنی یەکتر و باشکردنی پەیوەندییەکانیان و بتوانن خاڵی هاوبەش دروست بکەن، ئەو خەباتە لە درێژەی خۆیدا دەتوانێ نەخشەیەکی سیاسی جیددیتر لە پەیوەندی دەگەڵ داهاتووی ئێراندا بێنێتە کایەوە. من لەو پەیوەندییەدا گەشبینم، چونکە لەو ڕاپەڕینەی ئەو دواییەدا هەموو دنیا پەیامەکەیان گوێ لێ بووە، ئەو باوەڕ بەخۆبوونە لەنێو خەڵکدا دروست بووە، لانیکەم لە کوردستانی ئێران دوای چەند ساڵ کە بەشێوەیەک لە شێوەکان کۆماری ئیسلامی ناوچەکەی ئەمنییەتی کردبوو و تا ڕادەیەک کە دەیگوت خەڵکی کوردستان لە خەباتدا بەتەنیان. ئێستا ئیدی ئێمە تێگەیشتوون کە نا، ئێمە خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران پێکەوە شۆڕشێکمان دەست پێ کردوە کە لە درێژەی خۆیدا دەتوانێ ڕێکارێکی باشی بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی داهاتووی ئێرانی تێدا بێ. دەمەوێ لێرەدا بڵێم کە خەباتی خەڵکی ئێران کۆمەڵە پەیامێکی زۆر ورد و جیددی بە کۆماری

ئیسلامی و خودی خەڵک و بە ناوچەکە و بە دنیا دا.

***

وەرگێڕان بۆ کوردی و پوختکردنەوەی: هەمزە ئاگووشی

(لە ژمارەی ٧١٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

# بابەتەکان

---------------------------------------------------

## زەنگی قوتابخانەکان و سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی

بەرەبەیانیی رۆژی شەممە ٣ی رەزبەر، زەنگی دەستپێکی ساڵێکی نوێ خوێندن لە قوتابخانەکانی ئێران و کوردستان لێ درا و زیاتر لە ١٢ ملیۆن منداڵ و مێرمنداڵ لەژێر چەتری کۆماری ئیسلامی و پەروەردە و فێرکردنی ئەو نیزامەدا روویان لە قوتابخانەکان کردەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە ملیۆنان منداڵ و مێرمنداڵیش بەهۆی ئەو دۆخە نالەبارەی ئابووری کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە و داوێنگیری خەڵک بووە، لە خوێندن بێبەشن و نەبوونی بژیویی ژیان و تەنگدەستی و نالەباریی باری ئابووریی بنەماڵەکانیان وای کردووە بەجێی قوتابخانە، بەدەستفرۆشی لەسەر شەقام و چوارڕێ و پیشەی جۆراوجۆری نەگونجاو دەگەڵ تەمەن، شان بدەنە بەر کار و لەو دەرفەت و مافانە بێبەش بن کە وەک منداڵێک هەیانە و دەبێ هەیانبێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ئەسڵی ٣٠ لە یاسای بنەڕەتیی ئێران کە دەستەڵاتداران کۆماری ئیسلامی خۆشیان دەنگیان پێ داوە و گونجاندوویانە، حکومەت ئەرکدارە کە هەتا قۆناغی دواناوەندی سەرجەم تێچووی خوێندنی منداڵان بە هەموو پێداویستییەکانەوە دابین بکات و هەلی خوێندنیان بۆ بڕەخسێنێ و چاوەدێرییان بکات و بیانپارێزێت، کەچی ئەوەی دەیبینین رێک پێچەوانەکەیەتی. جگە لەوەی کە هەر لە سەرەتاوە کە قوتابی لە قوتابخانە ناونووس دەکرێ دەبێ پارەیەک بابەتی ناونووسکردن لە لایان بنەماڵەی قوتابییەوە بدرێتە قوتابخانە، جاری واشە پێداویستییەکانی قوتابخانە و چاککردنەوە و تەنانەت کڕینی کاغەزی قوتابخانەش لە ئەستۆی بنەماڵەی قوتابیانە و ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە ساڵانە رێژەیەکی یەکجار زۆر لە منداڵان بە تایبەت لە پارێزگاکانی کوردستان، بە ناچاری واز لە خوێندن دێنن و بنەماڵەکانیان توانا دابینکردنی ئەو هەموو خەرجییانەیان نییە و لە خوێندەواری بێبەش دەبن. دەگەڵ ئەوەشدا، هەر دوابەدوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، ناوەندەکانی خوێندنیش بوون بە گۆڕەپانی ململانێی دوو جۆر پەروەردە . هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە بووە کە قوتابخانە و خوێندگاکان بخاتە ژێر ئیدئۆلۆژی و هێژمونی سیاسەتەکانی خۆیەوە و لە ناوەندێکی زانستییەوە بیانگۆڕێ بۆ ناوەندێکی ئایینی و پەروەردەیەکی مەزهەبی و رواڵەت و ناوەرۆکێکی دیکە بە ئاستی خوێندنگە و قوتابخانەکان ببەخشێت. بێگومان لەو راستایەشدا تا رادەیەکی بەرچاو لە

هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو بووە و ئەو خۆراکە دەرسییەی کە دەرخواردی ئەو جیلە لە کۆمەڵگە دەدرێت و منداڵانی پێ گۆش دەکرێن، زیاتر خۆراکێکی ئایینییە و لە خزمەت نیزامدایە و زۆربەی دەرگاکانی زانستی بەڕووی قوتابییاندا داخستووە و لە بازنەیەکی داخراوی ئایینیدا بەدوای ئامانج و مەبەستەکانی خۆیدا دەگەڕێ و بە کۆمەڵێک بابەتی ناپێویست و لاوەکی و گونجاندنیان لەناو کتێبە دەرسییەکاندا و کۆمەڵێک چەواشەکاریی بێ بنەما و مێژوویەکی دەستکرد بە قازانجی خۆ، لە هەوڵی پاوانکردن و دەستبەسەرداگرتنی مێشک و هزری ئەو منداڵانەدایە کە بە سەرمایە و ئومێدی دواڕۆژی کۆمەڵگا دێنە ئەژمار و چاوەڕوانییان لێ دەکرێ. کۆماری ئیسلامی و پەروەردە و فێرکردنەکەی بەجێی ئەوەی لە زاویەی پێگەیشتن و تەیارکردن بە چەکی زانست و خۆگونجاندن لەگەڵ دنیای سەردەم بڕواننە منداڵان و دواڕۆژیان و ڕێخۆشکەر و یارمەتیدەر بن بۆ چوونەپێش و کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتن و پێشخستنی کۆمەڵگا و چاوکراوەیی و داهێنان، بەجێی ئەوەی دەراوێکی روونیان بۆ بکەنەوە و دەستگیرۆییان بکەن و کارئاسانیان بۆ بکەن، هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە بێ ویستی خۆیان و بێ ئەوەی خۆیان بیانهەوێ و ئاگایان لێ بێ، بەرەو ئاقارێکیان پەلکێش دەکەن کە توانا و لێهاتوویی و بەهرەکانیان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بە قەتیسی دەهێڵنەوە و بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرن. لە روانگەی ئەوانەوە، باشترین قوتابی و لێهاتووترین قوتابی و بەهرەمەندترین قوتابی ئەو قوتابییەیە کە شارەزایی لەسەر کتێبە ئایینییەکان هەبێت و لەناو قوتابخانەدا ئەندامێکی چالاکی بەسیج بێ و بتوانێ مۆرەگیری بکات و هاوکات سیخوڕی بەسەر هاوگەڕەکی و هاوپۆلەکانی خۆیدا بکات. هەر بۆیە، لێرەدا ئەرکی دایک و باوکانی کورد لە ئاست پەروەردەی منداڵەکانیان قورستر دەبێت و پێویستە زیاتر هەوڵ بدەن و زیاتر چاوەدێری منداڵەکانیان بکەن و بە پەروەردەیەکی کوردانە و سەردەمییانە، بەگژ پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی سیپتەمبەری ٢٠١٦**

---------------------------------------------

## یەکی نوامبەر، رۆژی جیهانیی کۆبانی و میدالێک بە سینەی مێژووەوە

دوابەدوای شەڕو ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی سووریە، کۆبانی لە ساڵی ٢٠١٢وە یەکێک لەو سێ کانتۆنانەی رۆژئاوای کوردستان بوو کە لە لایەن "یەپەگە" واتە یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە خۆبەڕێوەبەری تێدا راگەیەندرابوو. هاوکات بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی، کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی ئەو شارە، بە یەکێک لە ئامانجەکانی داعش لە قەڵەم دەدرا. تەواوی ناوچەکانی دەوروبەری کۆبانی زۆر لە پێشترەوە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا بوون. ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی پاراستن و پارێزگاریکردنی ئەو شارە لە لایان شەرڤانە کوردەکانەوە کارێکی ئاسان نەبێت. لە ١٦ی سێپتامبری ساڵی ٢٠١٤ەوە، داعش هێرشەکانی خۆی بۆ سەر کۆبانی دەست پێ کرد. لە ماوەی ٢٠ رۆژدا لە سێ لاوە ئەو شارەی گەمارۆ دا و دوای یەک حەوتوو شەڕی خوێناوی، توانی دیواری بەرگریی کوردەکان تێک بشکێنێ و لە رۆژهەڵاتی شارەوە دزە بکات و دەست بەسەر زۆربەی هەرە زۆری گەڕەک و شەقام و دامودەزگا ئیدارییەکاندا بگرێت و ئاڵای خۆی تێدا هەڵبدات. شەڕی ماڵ بە ماڵ و سەنگەر بە سەنگەر و کۆڵان بە کۆڵان و ئیرادەی بەرگریی و خۆنەویستی و نیشتمانپەروەریی ژنان و پیاوانی کۆبانی، وای کرد کە سەرەنجی هەموو جیهانیانیان بۆ خۆیان رابکێشن و کۆبانی ببێ بە سەنگەر و ناوەندێکی پڕ تراژیدیای بەگژداچوونەوەی تیرۆر. هاوارێکی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری و هەڵمەتێکی گشتگیری کوردانە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و کۆمەڵگای نیونەتەوەیی بۆ پاراستنی کۆبانی و ئیرادەی کۆبانی دەستی پێ کرد. بە پشتگیریی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان و چوونی هێزێکی پێشمەرگەی تەیار بە چەکی قورس لە باشووری کوردستانەوە بۆ کۆبانی و پشتیوانیکردنیان لە شەرڤانان، پارسەنگی هێز زۆر بە خێرایی گۆڕاو لە ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٥ بەرانبەر بە ٦ی رێبەندانی ١٣٩٣، هێزی چەکداری داعش تێکشکا و شاری کۆبانی ئازاد کرا و بوو بە گەورەترین هێمای بەرخۆدان و کۆڵنەدان و هەر لەوێشەوە پاشەکشە و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی داعش لە عێراق و سوریەش دەستی پێ کرد. شەڕی کۆبانی دەگەڵ ئەوەیدا کارەساتی گەورەی لێکەوتەوە، کەچی پەیامی خۆی گەیاندۆتە هەموو جیهانیان. ئەم خەبات و خۆڕاگری و کۆڵنەدانە بێ‌هاوتا و کەم‌وێنەیە، ئەوەندە کاریگەری لەسەر دنیای مرۆڤایەتی هەبوو، کە بە سەدان ئازادیخوازی غەیرەکوردی راکێشایە سەنگەرەکانی بەرگری و شانبەشانی شەرڤان و پێشمەرگە دەجەنگان و خوێنیان دەدا. ژنانی چەک لەشانی کۆبانی، سیمایەکی دیکە و هێز و توانایەکی دیکەی ژنبوونی خۆیان بەرجەستە کرد و مانایەکی دیکەیان بە رەگەز بەخشی و بوون بە وێردی زمانی عالەمیان. شەڕی کۆبانی توانی گیانێکی نەتەوەیی و کۆدەنگییەکی نیشتمانی لە ناو کورداندا پێک بێنێ و روحی نەتەوەیی پڕهەستتر و بەرجەستەتر بکات و هەموو کورد بە بێ لەبەرچاوگرتنی سنووری دەستکرد، خۆی لە کۆبانیدا ببینێتەوە. کۆبانی بوو بە ئەڵقەیەکی پەیوەندیی نوێی نێوان هەموو هێزە و لایەنە رزگاریخوازەکانی کوردستان و بەبێ

لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی بۆچوون و بیروڕا، هەمووی لە سەنگەرێکدا لە دەوری یەک کۆ کردنەوە. شەڕی کۆبانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هەر کات هێزی جەماوەری ئازادیخواز ئیرادە بکات و لە ریزێکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕانەدا خۆی ڕێک بخات و یەک بگرێتەوە، دەتوانن نەک هەر دڕندەترین و پڕچەکترین هێز بەچۆکدا بێنن، بەڵکوو داهاتوویەکی پڕشنگداریش بۆ کۆمەڵگا دابین بکەن. ئێستا ئیدی کۆبانی ناوێکە بە تەوێڵی مێژووەوە. ئێستا ئیدی کۆبانی ناوێکی جیهانی و شارێکە لە بەرگری و ئەندامی ڕێکخراوی شارەوانییەکانی جیهانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------

## ئاڵا و پێشمەرگە، دووانەیەکی لێک دانەبڕاو

پێشمەرگە، ئەمڕۆ ناوێکی ئاشنا بۆ هەموو جیهانییان و هێزێکی متمانەپێکراو و تەژی و تەیار بە بیروباوەڕە کە وەک سیمبولی پاکی و سەداقەت و گەلویستی و خۆنەویستی و وڵات دۆستی، لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییماندا خۆ دەنوێنێ و جێگە و پێگەی شیاوی خۆی هەیە و نەتەوەی کورد پێی پشت ئەستوورە. ئەو میداڵە بەهادار و پڕ بایەخە، حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر لە ٧٠ ساڵ لەمەوپێش، داهێنەری ناوەکەی بووە. ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ هێزی چەکدار و بەرگریکاری کورد، ناوێکە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بە بەژن و باڵای ئەو ڕۆڵە ئازاو گیان لەسەر دەستانەی گەلی کورد بڕاوە کە خۆبەخشانە لە ژیان و گیان و سەرو ماڵیان بۆ پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی و وەدیهێنانی ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەیان مایەیان داناوە و هیچ کۆسپێک و لەمپەرێک نەیتوانیوە کاریگەری لەسەریان هەبێ و بە چۆکیاندا بێنێ و توانا و ئیرادەیان لێ بستێنێتەوە. دەستبەسەرداگرتنی شارەوانیی مەهاباد وەک دوا پێگەی ڕژیمی ڕەزا شاه لە ناوچەی موکریان لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ کە لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ و بە بەشداریی هەزاران کەس بەڕێوە چوو، دوو ڕووداوی مێژوویی لەبیر نەکراون کە تا هەتایە بە زیندوویی دەمێننەوە. ٣٢ ساڵ لەومەوبەر، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ڕێزگرتن لە ئازایەتی و فیداکاری و قارەمانەتی و خۆنەویستیی هێزی پێشمەرگە، بۆ ڕێزگرتن لە شەونخونی و قوربانیدان و نەسرەوتوویی ئەو کچ و کوڕ و ژن و پیاوە وڵاتپارێزانەی کە مردن لە پێناو نەتەوەکەیاندا پێ ژیانە، بڕیاری دا ناوی پێشمەرگە و بیرەوەریی بۆ یەکەم جاری هەڵکردنی ئاڵا لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان، پێکەوە گرێ بدات و ڕۆژی هەڵکردنی ئالای بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر بکات کە هەردووکیان لە بەرهەم و دەستکەوتەکان و شانازییەکانی کۆماری کوردستانن. وەڕێخستنی خەباتی چەکدارانەی سالانی ٤٦-٤٧ی هەتاویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شڵەقاندنی جەزیرە ئارامەکەی حەمەڕەزا شای پەهلەوی و زیاتر لە ٣٥ ساڵ خەبات و بەرەبەرەکانێ دەگەڵ نیزامی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی و خوڵقاندنی سەدان حەماسە، هەر لە ئیلام و کرماشانەوە بگرە هەتا سنە و مهاباد و ورمێ و قوتوور، هەروەها شەکاوە ڕاگرتنی ئالای خەبات و پاراستنی پێناس و هووییەتی نەتەوەیی، ئەو کارنامە زێڕینەی هێزی پێشمەرگەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تۆماری مێژوو کراون و حاشایان لێ ناکرێ. کۆماری ئیسلامی سالانێکی دوورودرێژە لە ڕێگای پڕوپاگەندە درۆینەکانی و تەرخانکردنی توانا ماددی و مەعنەوییەکانی، بە هەموو هێزی خۆیەوە لە هەوڵی ئەوەدایە ناوی پێشمەرگە خەوشدار بکات و لە پێگە و جێگە و خۆشەویستیی ئەو هێزە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کەم بکاتەوە، کەچی دەگەڵ ئەوەیدا ئەو هەوڵانەی قەت سەریان نەگرتووە و بچکووکترین کاریگەرییان نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هاوکاری و پێشوازی خەڵکی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ گەرموگوڕتر و زیاتر و زیاتر دەبێت و جەولە و بوونی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قوڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. سەرەڕای ئەمە، ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سەرەڕای پاراستن و بەرگری لە خەڵک و خاکی کوردستان، وەک هێزێکی نێودەوڵەتی و پۆشتە و پەرداخ، شانبەشانی زلهێزەکانی جیهان شەڕی دژەتیرۆر و کۆنەپەرستی دەکات و لەناو کایە سیاسییەکاندا، سەرێکە لەنێو سەران و پشتی پێ دەبەسترێ و بوون و توانا و لێهاتوویی و مرۆڤدۆستی خۆی سەلماندووە و لە پێناو بایەخە مرۆڤایەتییەکاندا خوێن دەبەخشێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------

## هاشم کەریمی مامۆستایەک بۆ هەموو وەرزەکان



بەدڵنیاییەوە نە ئەو توانایە لە خۆمدا شک دەبەم و نە لەو قەڵەمە کولەی خۆم رادەبینم کە بێم لەسەر کەسایەتییەکی رۆشنبیر و سیاسی وەک کاک هاشم کەریمی کە بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆی خستووەتە خزمەت نەتەوەکەی و بزووتنەوە رەواکە، بدوێم و بنووسم و مافی خۆی پێ بدەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە منیش یەکێک لەو کەسانە بوومە کە شانازی ئەوەم پێ براوە ماوەی چەند ساڵێک لە رادیۆ و ئینتشاراتی حیزبی دێموکرات لە خزمەتییاندا بم و لەو ئۆرگانانەی کە جەنابیان بەرپرسی بوونە، هاوکار بین و لە نزیکەوە ئەو مرۆڤە مەزنە لە گۆڕەپانی کردەوە و کاری گرووپییدا بناسم و لێی فێر بم، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جەنابیان دەخەمەڕوو.

ئەوەی کاک هاشم لە زۆرێک لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی دیکە جیا دەکاتەوە، هەڵسوکەوتی دۆستانە و هاوڕێیانەیە لەگەڵ خوار خۆی و ئەو ستاف و ئۆرگانەی کە ئەو لێی بەرپرسیارە. بە بێ لەبەرچاوگرتنی پلەی تەشکیلاتی و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەمەن و...، جۆرێک پەیوەندییەکانی خۆی دەگەڵ ئەندامان و تاکەکانی ناو ئەو ئۆرگانەکە رێک دەخات و وا خۆی دەنوێنێ، کە زیاتر وەک هاوڕێیەکی نزیک دەردەکەوێ هەتا بەرپرسێک و بەڕێوەبەرێک و بڕیاردەرێک. هەر ئەوەش خاڵێکی ئەرێنی بووە کە دەوروبەر خۆشیان بوێ و هاوکاری بن و لە بەرپرسایەتیدا هەمیشە وەک بەرپرسێکی سەرکەوتوو باسی لێوە بکرێ.

کاک هاشم لە هەر ئۆرگانێکدا کاری کردبێ، ئەو ئۆرگانەی خۆش ویستووە و هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە کەسایەتی بدات بە ستافە کارییەکەی و پشتیان بگرێ و هاوکارییان بکات و پێگەی تایبەتیان پێ ببەخشێ.

مامۆستایەکی دڵسۆز بۆ دەوروبەر و دوور لە چاوچنۆکی، هەموو هەوڵی ئەوەیە ئەوەی لە هەگبەیدایە بیگوازێتەوە بۆ دەوروبەر و فێر بکا و ئاکام وەرگرێتەوە.

**کاک هاشم کەریمی لە چەند خاڵدا:**

سیاسییەکی راستەقینە، پڕاوپڕ لە زانیاری. سادق، راستگۆ، دڵسۆز، سادە و خاکەرایی. خۆنەویست، ئەدیب، خاوەن بۆچوون، هەژاردۆست، کوردپەروەر، مەجلیس خۆش، رەفیقدۆست و خەڵکدۆست، رێبەرێک و شۆڕشگێڕێک کە هەمیشە قسە و کردەوەی یەک بووە و ئەوەی باوەڕی پێی هەبووە، بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە.

هاشم کەریمی، مامۆستایەک بۆ هەموو وەرزەکان و هەموو قۆناغەکانی خەبات

تەمەندرێژی و ساغی و سڵامەتی بۆ کاک هاشمی بەڕێز و مامۆستام خوازیارم.

هەمزە ئاگوشی

٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

سەرچاوە: نامیلکەی رێز گرتن لە هاشم کەریمی

---------------------------------------------------

## پاڵەوانە کەچەڵ

هەر بابایە بوو پەلەی ئەوەی بوو زوو خۆی بگەیەنێتێ و لەقیسی نەچێ... لەسەر دیوار و کوڵانانەوە دەروجیران هەرای یەکتریان دەکرد... منداڵ بە پێخواسی بە کۆڵانە تەنگەبەر و تەپوتۆزاوییەکاندا هەڵدەهاتن و خەبەری هاتنی دەستەی تەنافبازانیان دە«دێ»دا دەگێڕا... هەبوون منداڵێک بە کۆڵەوە و یەکیشیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشا... هەبوون جووت و جۆماڵیان بەجێ هێشتبوو... هەبوون لەبەر نانی هەستابوون.... هەبوون گاوگۆلیان بەرەڵڵا کردبوو.... پێش دەرکی ماڵە «کەوا ڕەش»ی هەر جمەی دەهات. خەڵکێکی زۆر لە دەوری دەستەوە ڕاوەستابوون و هێندێکیش لە کچە جحێڵە و ژنانی ئاوەدانییش لە گوێسوانەی ماڵەکانی دەوروبەرەوە دەلۆتییان ڕامابوون. نمایش دەستی پێ کردبوو و دەمێک بوو لۆتی دەزوڕنای توڕاندبوو.... «وسێن نەوە» بەدرەنگەوە هاتەوە، ئەو حەلەی ئەو گەیشتێ، تەنافبازەکان لێ بیوونەوە و «گۆڵە ورچ»ێک کەوتبووە سەر پاشوان و گاشەبەردێکی زەلامی لەسەر سەری دانابوو و بە هەوای دەهۆڵ و زۆڕنا ڕەقسی دەکێشا. حیلکەحیلک و قاقای خەڵکی ڕێیە ڕۆژێکی دەڕۆیشت.... «لۆتی باشی» کڵاوی بەنێو خەڵکەکەدا دەگێڕا و خوداپێداوەکان تاقڕانی و دووقڕانی و هەشبوون پێنج قڕانیان بۆ دەهاویشتە نێو کڵاوەکەوە. «لۆتی باشی» لە شاییان وەخت بوو خەنی بێ! لە منداڵەورتکان ناوی ساحێب قڕانانی دەپرسی و یەک بەو مەیدانە هاواری دەکرد و ناوی دێنان و دەیگوت: «گووی ساحێبی دووقڕانی بە گۆڕی بابی ساحێبی تاقڕانی و گووی گۆڵە ورچ و ساحێبی پێنج قڕانی بە گۆڕی بابی ساحێبی دوو قڕانی.» بەو جنێوانە و بەو هات و هاوارەی، ڕقەبەرییەکی سەیری خستبووە نێو خەڵکی ئاوایییەوە. خوداپێداو و گیرفان پڕەکان لە حەیفی یەکتر و بۆ سواربوونی داشیان بەسەر یەکتریدا، قڕان بە قڕان لەسەر یەکتریان زیاد دەکرد و دەکڵاوی عەجەمەیان داویشت. «وسێن نەوە» لە تەنیشت دایکییەوە لێوی خۆی دەکرۆشت و لەبەر خۆیە هەر ورتە ورت و پرتە پرتی بوو. پوور «ئایشێ» لێی حاڵی بوو و دەیزانی هیچ دوور نییە «وسێن» کەتنێکی بنێتەوە. دەیزانی لە لۆتییان پڕە... دەیزانی لەو خەڵکە تووڕەیە کە بە قڕانی خۆیان ئەو هەموو سووکایەتییەیان پێ دەکرێ و نەفقەیان لێ نایە... کوڕی خۆی بوو، چاکی دەناسی... نۆ مانگ و نۆ ڕۆژان دەزگ و پشتانی گێڕابوو... شەو و نیوەشەوان بۆی هەستابووە سەر لانکێ... دەبوو ئارامی کاتەوە... بە ئەسپایی دەستێکی بۆ دەستی برد و بە ئاماژە پێی گوت ددان بە جەرگی خۆیدا گرێ.

هەوای دەهۆڵ و زوڕنا گۆڕا... گۆڵە ورچ هیلاک بوو و لەو لاوە پاڵەوانە کەچەڵێکی چوارشانەی فیلەتەنەی زنجیر بەدەست کە هەتا چۆکان خۆی هەڵ کردبوو، بە «یاعەلی... یاعەلی» و بە «یاشاسن پەهلەوان»ی دەستە هاتە مەیدانێ... بە شان و بازوو و هێز و قەوەتی خۆی هەڵ دەکوت... هاواری دەکرد مەردم دەوێ ئەو زنجیرە بپسێنێ. زنجیرەی بە پێش دمی

خەڵکێکدا دەگێڕا و ئەو قسەیەی دووپات و چەند پات دەکردەوە. مەردێکی زنجیرپسێنی دەویست. دەیگوڕاند و بە لاتاوەوە دەیگوت: نەبوو...؟ نییە...؟ یانی ئەو دێ گەورە و گرانە پاڵەوانێکی تێدا هەڵ نەکەوتووە؟ ئەگەر نیتانە، قڕانەکانتان بخەنە کڵاوی «لۆتی باشی»یەوە و بە چاوی خۆتان ببینن چۆن ئەو زنجیرەتان بۆ پس پس دەکەم...! «وسێن نەوە» حەجمینی لێ هەڵگیرابوو، خۆی دەخواردەوە... دەخۆی ڕادەدی و دەستی دایکی کول بوو. ئەوەندەی جوانچاک بوو، ئەوەندەش بە تاقەت و شایی بەخۆ... هەستی دەکرد ئەو غەوارانە تەنیا بۆ شکاندنی غرووری خەڵکی ئەو دێیە هاتوون. پێی وابوو هەر جۆرێک بێ، دەبێ نەهێڵێ دێیەک ببێتە گاڵتەجاڕی چوار لۆتیان... لە دوورەوە «خەزاڵ»ی لێوە دیار بوو... چاوی خەزاڵێ ئەوەندەی دیکە تین و تاوی پێ دەبەخشی... ئەگەر نەجوڵێ، ئیدی نابێ قەت لە کن «خەزاڵ» و خەڵکی ئاوەدانی سەری هەڵێنێ. ددانی دەچیڕەوە دەبرد...، خۆی وێک دێنا... پوور «ئایشێ» لە «وسێن»ی نیگەران و «وسێن»یش لە ئابڕووی خۆی و ئاوەدانی.

چی دیکەی تاقەت نەهێنا... گەیشتە ئێسکانی... ڕقی کۆن و نوێی لێک گرێ دان... وەک شێرێک لە لانە دەرپەڕی و خۆی لە دەستی پوور «ئایشێ» ڕاپسکاند و بۆ پاڵەوانە کەچەڵی ڕۆیشتە مەیدانێ... مەیدانێک کە ئابڕووی ئاوەدانییەکی دەگرەودا بوو... مەیدانێک کە دەیتوانی «وسێن نەوە» بە بارێکی دیکەدا بخا... تەنیا بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئەو زنجیرە بپسێنێ و چۆن لمبۆزی پاڵەوانە کەچەڵ و لۆتییە پیران دەقوڕ وەردا... پێش هەموو کەس «خەزاڵ» وەک نزایەک بۆ سەرکەوتن، سەرێکی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی... ئیدی ئێستا «وسێن» و پاڵەوانە کەچەڵ دەبوو لێکی دەرکەن... ئەو مەردەی پاڵەوانە کەچەڵ داوای دەکرد، قورس و قایم لە مەیدان وەستاوە... هاتووە مەردایەتیی خۆی و گوندێک بسەلمێنێ... هاتووە بڵێ لەو دێیەشدا مەرد و زنجیرپسێن هەن و هەر دەشمێنن. زنجیری لە دەستی پاڵەوانە کەچەڵ پچڕی و بە دەوری شان و پیلیدا هێنا و بە چەند تەکانێک و قەوەتدانێک زنجیرەی پساند... بوو بە چەپڵەڕێزان و خۆشی... دەهۆڵکوت دەستەکانی بەردایەوە و پاڵەوانە کەچەڵە چۆکی دادا... «وسێن» چاوێکی لە «پوور ئایشێ» کرد و دووراودوور بزەیەکی بۆ خەزاڵێ لێ دا... زنجیرە پساوی هەڵدایە پێش دمی پاڵەوانە کەچەڵ و بێ ڕاوەستان و بەپەلە خەڵکەکەی بڕ دا و رووی دەتەویلەی ماڵە ئاغای کرد. بێ پرس و ڕا وەژوور تەویلە کەوت و زنجیرێکی کەڵانی بە سینگەوە هەڵکێشا و هاویشتییە سەر شانی و بەغاردان گەڕاوە مەیدانێ... پوور «ئایشێ» دیسان ئامبازی بوو، کەچی دادی نەدا... زنجیرەی هاویشتە پێش پاڵەوانە کەچەڵ و لەسەر کۆپەنکە پەینی ماڵە «ئەحمەدی مام ڕەسوو»یەوە هەرای کرد: «ئەوە گۆ و ئەوە مەیدان... پاڵەوان ئەو پاڵەوانەیە بتوانێ زنجیری ماڵە ئاغای بپسێنێ.

پاڵەوانە کەچەڵ بێدەنگ... ئاوایی بێدەنگتر.

لە ژمارەی ٧٣٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## "شێتایەتی" لە ڕوانگەی "فۆکۆ"وە لە چیرۆکی "کەرەشێتە"دا

شیکارییەک و خوێندنەوەیەکی زۆر ورد و زانستییانە و بەجێی خوشکە شەهلا دەبباغی لەسەر چیرۆکی "کەرەشێتە"ی هەمزە ئاگوشی٠ دنیایەک سوپاس. دەست و چاو و قەڵەمت خۆش دادە گیان!

"شێتایەتی" لە ڕوانگەی "فۆکۆ"وە لە چیرۆکی "کەرەشێتە"دا

کەرەشێتە لە نووسینی: هەمزە ئاگوشی

بەشێک لە چیرۆکەکە:

"[...] کەرەشێتە نازناوێک بوو وەختی خۆی دایکی بۆ دەمبەستی خەڵکی وەدووی خستبوو... بۆ شوێنەونکە چەند جار سەردانی ماڵە سەیدی "باوەلە"یان پێ کردبوو... دەیانگوت جندووکەی دەگەڵە... لەخۆوە قسان داوێ، وڕێنەی دەکا. سەید حەیزی "باوەلە"ی هێندەی بە داران لە بنە پێی دابوو، ئەو بنە لاقەی دەتگوت دەخمی گیراوە... شێت نەبوو، شێتەکان شێتیان کردبوو... دەبوو بڵێن شێتە... دەبوو بڵێن عەقڵی سووکە... دەبوو عەیبەو کەتنەکانی خۆیان لەژێر تارمایی کەرەشێتە کەرە شێتەدا بشارنەوە، دەنا خوێن دەهات و سەری دەبرد. دەیان نهێنی و کارەسات لە پشتی ئەو نازناوەوە خۆیان حەشار دابوو و سەربەمۆر مابوونەوە. زۆری دیتبوو.... زۆری گوێ لێ ببوو... زۆر جاران یەک بەخۆی هاواری دەکرد: "ئەو دێیە چۆڵ کەن بۆنی گووی لێ دێ." دیویست بڵێ کە تەژی لە تاوان و گوناحە... هەبوون قاقایان بۆ لێ دەدا... هەبوون جنێوبارانیان دەکرد... شوانی و گاوانی و کوێرەوەری دنیایان پێ دەکرد... کەچی هەر کەرە شێتەش بوو... ڕێی مەجلیسانیان پێ نەدەدا، لە سێ ژەمان ژەمێکیان لەپێش دانەدەنا... سەرچۆک دڕاو و کەوش پینەکراو بەنێو ئاواییدا دەخولایەوە... خودا خودایان بوو ڕوو لە ماڵێ نەکاتەوە... بێزی لەو خەڵکە دووڕوو و بێ بەروپشتە هەڵدەستا. بۆ خۆشی دەیزانی داری چییە دەیخوا... دەیزانی قوربانیی هەوا و هەوەس دایکی و تاوانی خەڵکانی دیکەیە... دوای ساڵانێک ژیانی

کۆڵەمەرگی، سەرما کوشتی... برسێتی لە پێی خست... خەفەت هەناوی ڕەش کرد... تانە و تێوتیتکە بەچۆکیاندا هێنا... تەنانەت مەلای ئاوەدانیش ڕێگای نەدا نوێژی مردووی لەسەر بکرێ و لە قەبرستانی موسوڵمانیش بنێژرێ. دەیگوت جایز نییە، نوێژنەکەری فەوون نەشۆر بووە. وەک گولی دوورئاوایی، کەرە شێتەیان لەسەر تەپۆڵکەیەکی دوور لە دێ شاردەوە. ئەوانەی بە تەنیشتیدا تێدەپەڕین و جاروبار فاتیحایەکی شەریفیان بۆ ڕوحاناتی پاکی دادەدا، تەنیا و تەنیا کەڵەگاکەی دایکی و عوسمانی ئاواڵ شوانی بوون."

ئەگەر بمانهەوێ "خوێندنەوەیەکی مەعرفی" بۆ کەرەشێتە بکەین لەگەڵ کۆدێکی گرینگ ڕووبەڕوو دەبین: شێتایەتی. لە ڕوانگەی میشێل فۆکۆوە، (چاوەدێری و سزا ١٩٧٥ و مێژووی شێتایەتی ١٩٦١) پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری چەمکی "شێتایەتی" تاریف دەکەن. فۆکۆ لێرەدا باس لە شێتایەتی وەک نەخۆشییەکی ڕەوانی ناکا بەڵکو زیاتر مەبەستێتی بڵێ شێتایەتی لە ناو دڵی کۆمەڵگادا و لە کەشێکی کولتوریدا مانای هەیە و دەیهەوێ بزانی کە چۆن پێکهاتەکانی ئابووری و سیاسی و ڕووناکبیری لە فۆڕم گرتنی شێتایەتی لەناو کۆمەڵگا و کەشەکەی دا ڕۆڵ دەبینن. هەروەها لە مێژووی سێکسوالیتەدا فۆکۆ باس لەوە دەکا کە چۆن دەسەڵات - دەسەڵاتەکان "اعمال قدرت" دەکەن و "دیسکورس" چۆن ژیانی ئینسانەکان کۆنترۆڵ دەکا.

فۆکۆ پێیوایە کە شێتایەتی بە هۆی "هەنجار" و "نۆرم"ەکانی کۆمەڵگا لە پەراوێز دەخسترێ و شێتەکان دەردەکرێن و یا لە زیندان دەهاویشترێن و لە زیندانەکاندا بورجی چاوەدێری دروست دەکرێت و هەموو ئەوانەی لەگەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵگا هاوشێوە و هاودەنگ نین دەخرێنە زیندان و لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتیدا لە پەراوێز دەکەون. لە کاتێکدا خودی نۆرمەکان ڕەنگە زیاترین کێشەیان هەبێ و دووڕوویی و ڕیا و "ناهەنجاری" حاکم بێ.

"کەرەشێتە" ژانویەی ٢٠١٨، کورتە چیرۆکێکی هەمزە ئاگوشی یە. کەرە شێتە ڕاستگۆیەکە کە بنچ و بناوانی کۆمەڵگای ناڕاست دەناسێ و لە درۆکانی دەگا. مێشکی "حەقیقەت جوی" ئەو ناتوانێ ڕاستییەکان حەشار بدا. لە ڕاستیدا "زبان سرخ سر سبز میدهد بر باد" لە پەیکەری کەرەشێتەدا بە ڕوونی دەبیندرێ. کەرەشێتە دەزانێ لە مزگەوت دزی دەکرێ و دایکی پێوەندی دەرەوەی عورفی هەیە. کەرەشێتە ئاگاداری ڕازە دزێوەکانە. کەرە شێتە - حەقیقەتخواز شێت نییە بەڵام کۆمەڵگا و تەنانەت دایک - نیشتمان هەوڵی ئەوەیانە کە بڵێن شێتە تا دزێویەکانی ئەوان بە ئاشکرا لە قاو نەدرێ و لە ژێر تاماری شێتایەتی ئەودا عەیبەکانی خۆیان بشارنەوە. کەرەشێتە ئاوێنەیەکە بۆ دیتنی ڕوخساری ناشیرینی کۆمەڵگا. کەرەشێتە دەزانێ بووگەنیو دنیای داگرتووە و جارناجارێک دەڵێ "ئەو دێیە چۆڵ کەن بۆنی گووی لێ دێ."

دایکی ئەو ناوەی لێ ناوە و خەڵکیش قسەکانی بە وڕێنە دەبینن چونکە خەڵک نایانهەوێ ڕاستییەکان ئاشکرا بن و شێوەی ژیانیان بگۆڕن. ئەوان دەبێ بڵێن کەرەشێتە ئەقڵ سووک و شێتە تا ناڕاستی و درزێوی خۆیان داپۆشن. لە کۆمەڵگایەکدا کە کەس لەبەر بەرژەوەندی خۆی مەیلی ئەوەی نییە بەدوای ڕاستی دا بگەڕێ و ڕاستی دەرکەوێ، ڕاستبێژەکان بە شێت دادەندرێن و دڵسۆزەکان بە تایبەت ئەوانەی گروپ و حیزب و سامانیان نەبێ لە پەراویز دەخرێن و لەناوبردنیان، فیزیکی یا هەستی و ڕوحی، هاسانترە. کەرە شێتە پەڕاوێز دەکرێ و برسی و جلوبەرگ دڕاو دەخولێتەوە تا سەرئەنجام تانە و تەشەر بە چۆکیدا دێنن و ڕۆژێک لە خەفەتان دەمرێ.

کەرەشێتە سەربردەی هەموو ئەو کەسانەیە کە دەیانهەوێ لەگەڵ دووڕوویی و نۆرمە نەشیاوەکان بجەنگن. سەرنوشتی ئەوانەیە وەدوای حەقیقەت دەکەون، ئەوانەی باس لە گرفتەکان دەکەن، ئەوانەی وا دەیانهەوێ بە ئاگری گیان ڕووناکی بخەنە تاریکستانی کۆمەڵگا.

کەرەشێتەکان کاتی مەرگیش بەخێر لەگۆڕ دەندرێن و هەوڵ دەدرێ زوو لەیاد بچنەوە و کەس ڕۆژێک لە ڕۆژان گوڵێک لە سەر گۆڕیان دانەنێ. بەڵام ئەوان فۆکۆ گوتەنی لە پرۆسەی مێژوودا بە نەگونجانی خۆیان لەگەڵ پێکهاتەی درۆزن و دیسکورسی زاڵمانە مانای چەمکەکان دەگۆڕن. لە نەخۆشیک بۆ گۆڕانی نۆرمەکان و گەڕان بە دوای حەقیقەت دا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## "مەرمەڕی پتە"

تازە ببووە بەرپرسی ئەو ناوچەیە... سەرڕووتێکی قوتە پیاو، خوێندەوارو مەشرەف خۆش. بە پێچەوانەی بەرپرسانی پێشوو، رەنگ و ڕوویەکی نوێی بە شێوەی کار و ژووری کارەکەی دابوو. مێز و کورسیی داندراو و وێنەیەکی سەرکردەکەی و ئاڕمێکی حیزبەکەی لە پشت سەری بە دیوارەوە هەڵواسیبوو. هێند وردیلە بوو، کە لە پشت مێزی کارەکەی دادەنیشت، چەنەگەی بە لێواری مێزەکەوە دەنووسا. هەموو هەوڵی ئەوە بوو بیسەلمێنێ کە دەگەڵ بەرپرسەکانی پێشووی ئەو ناوچەیە جیاوازی هەیە. خۆی گیف نەدەکردەوە و دەمانچەی لە کەلەکەی نەدەبەست. هەروا دەبەر پشتێنەکەی دەنا و نەیدەهێشت

وەدەر کەوێ. دەگەڵ ئەوەیدا زانکۆی تەواو کردبوو، کەچی پیاوێکی خۆماڵی و هاتەوە و بێ دەعیە... دڵی بە ئەرکەکەی خۆش بوو و بێ جیاوازی کاروباری خەڵکی رادەپەڕاند. ئەو رۆژە لە ژوورەوە سەرقاڵی چاوخشاندن بە لیستی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ئەو ناوچەیە بوو کە گوێی لێبوو لە دەرێ ژنێک وەک پەڵە هەوری دەبەهارێ دەگرمێنێ. جنێوان دەدا و خەریکە دنیا بەسەر خۆیدا وێران دەکا. ژنە دەیگوت: "بەخودای پشیلەیان دەدەرپێی داوێم. دێلە رەش ئەوە چاکەی جیرانەتیمانە دەیداتەوە؟ لێم گەڕێن بچمە ژووری وەڵڵا بەسەریانەوە ناچێ. وەڵڵا دەبێ بە مەحموودە لاویان بە گ...ا...ن بدەم." هەموو ئەو شیرە شیرە و جنێوانەی ژنەی گوێ لێبوو. دەیزانی ژنە زۆر تووڕەیە و ویدەچێ کێشەیەکی گەورەی هەبێ. بانگی پێشمەرگەیەکی کرد گوتی:

لێگەڕێن ئەو ژنە بێتە ژووری بزانم دەرد و مەرگی چییە!

ژنە وەژوور کەوت... ئیستێکی کرد و گوتی:

کوا مەحموودە لاو؟

وەڵامی داوە: فەرموو خوشکم، ئەمر کە با خزمەتت کەم.

- مەحموودە لاوم دەوێ و کارم بە خۆیەتی!

* مەحموودە لاو بۆ خۆمم خوشکی خۆم. فەرموو بزانم کێشەت چییە!

ژنە بەینێکی چاکی تێڕاماو زۆر بە لەسەرەخۆیی گوتی:

"یانی یەک مانگە دەڵێن مەحموودە لاو دێ، مەحموودە لاو دێ، ئەوە ئەتۆی مەحموودە لاو دەڵێی مەڕمەڕی پتەی؟!

وەڵڵاهی وەمزانی مەحموودە لاو دەبێ قەفی سمێڵی بەقەد باقە وێنجەیەک و جەمەدانییەکەی سەری دوو پووت بێ. قورعان بە هەقت بە ساحێبت دەروجیرانم کەرانیشم باوێنێ لە لای تۆ شکایەتیان لێ ناکەم...!"

تێبینی: مەحموودە لاو ناوێکی خوازراوە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستیی ٢٠١٨

---------------------------------------------

# "ژوانی خودا"

**نووسینی: پائولۆ کوئلیۆ**

**وەرگێڕان**

کوڕیژگەیەک دەیویست چاوی بە خودا بکەوێ. ئەو دەیزانی بۆ گەیشتن بە خودا و زیارەتکردنی، دەبێ ڕێگایەکی دوورودرێژ بپێوێ، هەر بۆیە جانتایەکی هێناو چەند بابۆڵەیەک و دەبە ئاوێکی تێهاویشت و بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکاتەوە، گەشتی دۆزینەوەی خودای دەست پێ کرد. چەند کۆڵانێک لەودیو ماڵە خۆیان، گەیشتە پارکێک. پیرەمێردێکی دیت کە خەریکە دانەوێڵە دەدا بە باڵندان. لێی نزیک بووە و لە تەنیشتی دانیشت. پیرەمێرد پێوەی دیار بوو برسییە و کوڕیژگەش لەوی برسیتر، هەر بۆیە جانتاکەی کردەوە و بابۆڵەکان و دەبە ئاوەکەی دەرهێنا و لەپێش پیرەمێردەی دانا. بەیەکەوە دەستیان بە نانخواردن کرد. بێ ئەوەی ورتەیان لێوە بێ و دوو قسان دەگەڵ یەک بکەن، هەتا نوێژی شێوان پێکەوە بوون و سەیری یەکیان دەکرد و خواردنیان داویشتە پێش باڵندەکان. درەنگانێک کوڕیژگە وەبیری هاتەوە کە دەبێ بگەڕێتەوە ماڵەوە. هەستا خۆی پێچاوەو چەند هەنگاوێک دوور کەوتەوە و هەمیسان بۆ پیرەمێردە گەڕاوە و لە باوەشی گرت و پیرەمێردەش هەردووک لا ڕوومەتی ماچ کرد و بزەیەکی تەژی لە خۆشەویستی بۆ لێدا. کاتێ کوڕیژگە گەڕاوە ماڵەوە، دایکی بە نیگەرانییەوە لێی پرسی: ئەوە کوڕم لە کەڕەی بەیانییەوە هەتا ئێستا لە کوێ بووی؟ کوڕیژەکە لە کاتێکا زۆر خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو، گوتی: لە لای خودا بووم.

پیرە مێردیش گەڕاوە ماڵی خۆیان. هاوسەرەکەی بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی: ئەوە چ باسە، بۆ هێندە خۆشحاڵی پیاوەکە؟
پیرەمێرد وەڵامی دایەوە: ئەورۆ یەکێک لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو. من ئەورۆ لەو پارکەی پشت ماڵە خۆمان دەگەڵ خودا نانم خوارد

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## "تۆڵە"

بابم مراوی نیشانە کردبوون، دوو دڵۆپە رەنگی سوور کەوتبووە سەر جلەکانی. دایکم بە نوێژی نیوەڕۆیە و لە ترسان هاویشتییە سەر کڵی تەندووریێ. دەیگوت ئەو عەجەمە بێ دینانە ئەوەشمان لێ دەکەنە بیانوو... راستی دەکرد، پژمینێک دەیتوانی بیانوویەک بێ بۆ کوردقڕان. بە دەستی دایکمەوە لاقەکانم فیزانەوە کاتێک پیرە عەجەمەی نەغەدە، لوولەی تفەنگەکەی بە سینگی براژنە "ئامین"ی کاک "سەعید"ەوە ناو بە زمانی کوردی گوتی: "ئەگەر پیاو بین ناهێڵین ئەوڕۆ جوقەوارتان لەو دێیەدا بمێنێ." بەڵێ! لە دنیای منداڵیی خۆم، هەر ئەوانەم لەبیر ماوە کە لە پێش چاوی ماڵ و منداڵیان دواناوزینگیان دەدا... هەر ئەوندەم لەبیر ماوە کە نان و باڕووتمان دەخوارد و کایەمان بە قاپۆڕە فیشەکانەوە دەکرد. لە دنیای منداڵیی خۆم سینگ کوتان و پرچ رنینەوە و قۆڕپێوانەکانم وەک ئێستا لەبیرن. لەبیرمە مانگێکیش پێ چووبوو خوێنی بە ناهەق رژاوی ئەو پۆلە شەهیدە هەروا بە دیواری پردەکەی تەنیشت مالانەوە رەق هەڵاتبوو. منداڵیتان خۆش منداڵە بێ نازەکانی کورد. منداڵیتان خۆش کە میوزیکتان دەنگی تەقە و باللۆرەی دایکانی جەرگ سووتاو و باوکانی پشت شکاو و ناڵە بۆ ئازیزە لە دەستچووەکانتان بوو.

من خۆم دیتم و ئێوەش دیتتان روحمیان بە شاڵ و کەشیدە و مەندیل و پیر و جوان نەکرد. من خۆم بە چاوی خۆم بینیم، "سوفی سوڵتان" لەبەر چاوی "پوور ئایشێ"ی خێزانی دابێژ دابێژ کرا. من خۆم دیتم "سۆفی حەیز و یونسە رەش و عەباسە سوور و عومەرە شەل و سەلاح"ی هاوپولم چۆن گوللەباران کران و هەڵیاندانە ناو رووباری ئاوەدانی. دیتم... دیتم....مزگەوتی بێ قورئانم دیت. کیژی بێ دەزگیرانم دیت. گاڕانی بێ گاوانم دیت. خەرمانی بێ خودانم دیت. مێگەلی بە بێ شوانم دیت... زڕە کوردی خائینم دیت، قەمەی بۆ عەجەم تیژ دەکرد...

من رزگاربووی ئەو ئەنفالە و فرچکگرتووی ئەو هەوارەو لە رەنگی خوێن و فرمێسک و نەوە و نەوای جیلی تۆڵەم.
لە یادی کارەسات و کۆمەڵکوژیی گوندەکانی قاڕنێ و خەلیفەلیان دا... روحیان شاد

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## "ئەسپێ و باغەڵی پێشمەرگە"

**ئەسپێم دەکوشتن... بە تفێم دەشوشتن...**

ئەسپێ زیندەوەرێکی مشەخۆرو عەنتیکە و نالەبارە کە لەسەر پێست و ناو قژ و موو و کەلێن و کولێناندا دەژیت و بژێوی ژیانی لە ڕێگای مژینی خوێنەوە دابین دەکات. ئەو زیندەوەرە خوێنمژ و خوێنخۆرە، سەنگەر و حەشارگە و پەناگەی تایبەت بە خۆی هەیە. لەسەر شوێنە جۆراوجۆرەکانی پێست چالاکی ئەنجام دەدات و بۆ پشوودان و خۆشاردنەوە و پاشەکشە، خۆی دەخزێنێتە ناو خەتی دوورمانی جلوبەرگ، پزووی پانتۆڵ و دەرپێ وچەند شوێنێکی ئاستەمی دیکە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەسپێ ئەوەیە کە بەپێی هەڵکەوتی جۆغرافیایی و گۆڕەپانی چالاکی، ڕەنگ و قەبارەی جیاواز بەخۆ دەگرێ. کەڵەگەتترین و بەخۆوەترین و بە شان و شەوکەتترین ئەسپێ، قەدی لە سێ میلی میتر تێناپەڕێ و هێڵکەکەشی نزیکەی یەک میلی میترە و ڕەنگێکی سپی هەیە و پێی دەگوترێ ڕشک. هەفتەیەک لەدوای دانانی هێلکەکان، گەرای ئەسپێ واتە ڕشک دێنە دەرەوە و لە ماوەی یەک هەفتەدا دەگۆڕێن بۆ ئەسپێیەکی پێگەیشتوو و شایی بەخۆ و گورج و گۆڵ و خوێنخۆر.

بە درێژایی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان، هەمیشە ئەسپێ لە بەرەی دوژمناندا بووە و وەک هێزێکی فشار، خوێنی پێشمەرگەی مژیوە. نە قەت باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانە هەبووە و نە قەت پێشنیاری دانوستان و ئاگربەستی کردووە. پێشمەرگە سەرەڕای بەربەرەکانێی ڕاستەوخۆ دەگەڵ نەیاران و داگیرکەراندا، شەڕگەیەکی تایبەت بە بەربەرەکانی دەگەڵ ئەسپێشی کردووتەوە و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بە گژیدا چووەتەوە. بۆ قەلاچۆیکردن و لەناوبردنیان و ژێنۆسایدکردنیان لە چەکی ژاراوی و قەدەغەکراو کەڵکی وەرنەگرتووە، بەڵکوو لە تاکتیکی خۆماڵییانەی خۆی وەک کوڵاندنی جلوبەرگ و تێوەشاندن و داوەشاندنی لەسەر ئاگر و دانانی لەسەر شارە مێروولە، گورزی جەرگبڕ و کاریگەری لە هێزی پۆشتە و پەرداخی ئەسپێ و ڕشکان داوە و لمبۆزی دەقوڕ چەقاندن و زۆر جاریش بە سەدانی هێرشبەری لێ بەدیل گرتوون. سەرەڕای هەموو مەترسییەکان، ئەو زیندەوەرە مەترسیدارە زۆر جار بووەتە گاڵتەجاڕ و گەمەی پێشمەرگە و گرەوی لەسەر کراوە و کاتە بەتاڵەکانی پێ پڕ کراوەتەوە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، دەتوانین ئاماژە بە مەقەڕ و بارەگاکان و شوێنی پشوودانی پێشمەرگە بکەین کە شەوانی زستانە زۆر جاران کێبڕکێی ئەسپێ بەڕێوە دەچوو و بە هێنانەدەر لە بنهەنگڵ و جێ دوورمانی جلوبەرگان و... و دانان و تەقاندنەوەیان لەسەر سۆبەی عەلادین و ژماردنیان لە لایان چاوەدێران و ناوبژیوانە

بێلایەنەکانەوە، پڕئەسپێترین پاڵەوان دەستنیشان دەکرا و چەپڵەیەکی بەهێزی بۆ لێدەدرا و دەستخۆشی لێ دەکرا. لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەدا، چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوە دەگەڵ ئەسپێ جێگە و پێگەی خۆی هەیە.

ئەوەتا "کامران سۆهرابی"ی کۆنە پێشمەرگە دەڵێ: "قە ت لە یادم ناچێت، چەندەم عەزاب بە ئەسپێ و کێچانەوەوە دیتووە. بۆ لەناوبردنی ئەسپێ، "بایکون" فکری چاک بوو، بەڵام بە هەموو کەس نەدەکڕدرا.

"سمایل ئەنجیری" کادری کۆنی کومیتەی شارستانی مهاباد، لە کۆمێنتێکدا لە ژێر پۆستێکی "کامران سۆهرابی" نووسیویەتی: "لەگەڵ خالید ستاوەند لە چادراخی ماڵی "مام نەسیم" لە پشت باخی "شێخ وسوو"ی "قالوێی موعەینی"، موسابقەی ئەسپێ کوشتنمان دا و بەداخەوە ئەو بە کوشتنی ۹۱ ئەسپێ لە منی بردەوە.

هاوکات ئەسپێ کوژێک کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات، نووسیویەتی: "جا ئەگەر جلوبەرگەکەت دە تەنەکە یان مەنجەڵان داویشت و دەتکوڵاندن، ئەسپێ وەسەر ئاو دەکەوتن دەتگوت بەلەمیان لێ وەرگەڕاوە"

سەدان و هەزاران بیرەوەریی تاڵی دیکەی پێشمەرگە دەگەڵ ئەو زیندەوەرە خوێنمژانە کە تاهەتایە لەبیر ناچنەوە. بژی پێشمەرگە

قوربانی باڵای رەق و ویشکت بم
قوربانی سەری، پڕ لە رشکت بم
هەزاران زانای پۆشتەو بێ دەرپێ
نەیاندۆزییەوە دەرمانی ئەسپێ

کاڵەم دڕا و چیم پێ نەبڕا

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ۷ی سێپتەمبەری ۲۰۱۸

---------------------------------------------

## بە بۆنەی کۆچی دوایی نووسەرو چیرۆکنووسی خاتوو "مریەم قازی"

ئەم وەرزە چ شوومە، هەر گوڵن هەڵدەوەرن
پەلکی مریەم دەکەون، سینگ و یەخان دادەدڕن
ئەم وەرزە چ وەرزێکە کە هەر رۆژێ لە باخێ
بولبول لە گوڵ و گوڵ لە وەتەن دادەبڕن

بەیەکەوە چیرۆکێکمان دەنووسییەوە... پاڵەوانی چیرۆکەکەمان، گەڕەکێک بوو... گوندێک بوو... شارێک بوو... وڵاتێک بوو. رۆژێک ئەو سەری بە ماڵە قوڕینەکاندا دەکرد و رۆژێک من لە دەرگایانم دەدا. رۆژێک ئەو دەچووە سەر کەوڵی بەتاڵ و رۆژێک من رۆژووم بە فرمێسکەکانیان دەشکاند. ئەو بە قەڵەم دەینووسی و من بە چەک. ئەو لەسەر لاپەڕەکان دەینەخشاند و من لەسەر تاشەبەردەکان. ئەو دەگەڵیان پێدەکەنی و من دەگەڵیان دەگریام. ئەو دەگەڵیان دەگریا و من دەگەڵیان پێدەکەنیم. بە دەستبار رۆهاتبووینە ئەو خەمە قورسانە. هەر رۆژەو دێرێک و هەر ساڵەی خەرمانێک لە خەمەکان، ئازارەکان، نەهامەتییەکان بە چیرۆکەکانی من و مریەمەوە زیاد دەبوو. مریەم ئۆغری کرد... مریەم بۆ خۆی بوو بە چیرۆکی گوێی ئاگردان... بوو بە پاڵەوانێک... بوو بە یادگارێکی تاهەتایی بۆ سەر تاقەی ماڵەکان و قوژبنی دڵەکان و شاوشەی نووسراوەکانمان. بوو بەو مریەمەی کە هەبوو و کە هەیە. کۆچت پیرۆز دادە گیان.

--------

بە بۆنەی کۆچی دوایی نووسەرو چیرۆکنووسی بەتوانا خاتوو "مریەم قازی"یەوە، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی قازی بە گشتی و سەرجەم ئۆگرانی ئەدەب و وێژەی کوردی دەکەم و لەو خەسارە گەورەدا خۆم بە بەشداری خەمیان دەزانم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

----------------------------------------------

## "بانێک و دوو هەوا"

* ئەرێ خوشکۆڵێ ئەوە هەر دەمویست لێت بپرسم، توخوڵا نازداری کچت چۆنە، دامەزراوە شکوور؟

- حەک لە خوڵای بەزیاد بێ. وەڵڵاهی جێ نێ گۆشتی تێکا. ئەلحەملای مێردێکی هەیە دەڵێی مەلائیکەتە. گەیشتووەتە تەخت و بەختی خۆی.

* دەگەڵی باشە؟

- جا چۆن باش نابێ؟ کچم دەڵێی دەستەگوڵە. وەڵڵاهی لە رووت نەبێ دەستی راگرتووە نازدار بەسەریدا بڕوا. ماڵی خۆی هەیەو کیتەڵەی بەتەنێ. هێشتا نەیهێشتووە دوو هێلکان باوێتە رۆنی. شکوور تێر و پڕ. لە تەڕی دەخوا و لە ویشکی دەنوێ. نوێژی نیوەڕۆیە لە خەوێ هەڵدەستێ. پێیەکی لە شار و بازاڕانە و پێیەکی لە ماڵە باب و وارس و کەسان. بکا، بخوا، برژێ، ببڕێ، بدوورێ، ئەو مێردە دەستی وەبەر نانێ. دەڵێی عاسمان کون بووە و نازداری پێدا هاتووەتە خوارێ.

* هەزار و هەزار بار شکوور.

* ئەدی بووکەکەت هەر دەگەڵ دەماڵێدایە؟

- ئەدی لە کوێیە؟ ڕەببی بۆ خاتری نازی ڕەسولەڵڵایە کرمەڕێز بێ و سەرو بابانانی دەقورێ نێ! هەر لێم گەڕێ و زارم پێ مەکەوە. مەڵێ بووک، بڵێ نانخۆر. بڵێ غەزەب. هەموو هەناوم کێم و زووخاوە. ئەو لینگ تەشێ وەرهەمی پێ هەڵێناوم. ئەتۆش یەکێکی وەکی خوشکان، ئەگەر لە ترسی من بوێرێ، هەتا بانگی شێوان قوون لەبن لێفەی ناهێنێتە دەرێ. عاقڵێ شوشتنی دوو ئیستیکانە چایانی نییە. کچێ ئەوە بۆ ژنە بەزیادم نەکرد؟ ئەدی ئەگەر دەڵێی ئەو چارداوڕوویە هەتیوەکەی منی بۆ کەر بووە، دەنا هی هەر کەسێکی دیکە با، تا ئێستا حەوت جار تەڵاق درابوو. توخوڵا ئەو ژنۆکانە هی ماڵانن؟

وەرە ژن ئەتۆ نەزانی نانێکی بە تەندوورییەوە دەی. چوار تیتۆڵان دەئاوێ هەڵکێشی. کەوچکە شۆرباوێکی وەسەر ئاوری

نێی. دوو میوانان بە پوختی بەڕێ بکەی. وەڵڵا بۆخۆم نەبم، ئەو ماڵە سەی لەسەر دەڕێ...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## " مەحموودی تایبەت"

دەیگوت: دکتور قاسملووی ڕەحمەتی چەند کادرو پێشمەرگەیەکی هەڵبـژاردەی کومیتەی شارستانی پیرانشاری ریز کردبوو و یەک بەیەک بە کلاشینکۆف و دەمانچەی چاردەخۆر خەلاتی دەکردن. کە گەیشتە من، نیسکێکم تێڕاما و دەستێکی بۆ قەڵەمەکەی سەر پیلی برد و دەگیرفانی کەواکەی منی رواکرد و بزەیەکی هاتێ و لێم تێپەڕی... باوەڕی دڵتان بێ چی وای نەمابوو لە حەیفان سەکتە لێم دا. پێم وابوو هەموو ئەو عالەمە بە من پێدەکەنن و ئەتک کراوم... لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئاخر ئەو کادر و پێشمەرگانە چییان کردووە کە ئەمن نەمکردبێ؟

ئاخر ئەگەر ئەو خەلات و بەراتە لەبەر ئەو شەڕەی جاددەی پیرانشار - سەردەشت بێ، خۆ بە تەنێ بە قەد هێزێکم هەر فیشەک تەقاندووە؟!

یەک دوو جار ویستم لەنێو ئەو خەڵکەدا هەڵدەمێ و ئەوەی دەدڵمدایە هەڵیڕێژم. هەموو جارێ دەمگوت شەیتان بە لەعنەت... کوڕە با هەر بێدەنگەی لێ بکەم باشترە. هەزار ڕەحمەتی لە گۆڕی بێ، کاک نەبی قادری لە دوورەوە هەستی پێ کردبوو کە زۆر لە خۆمدام و تەواو بەو کارەی دکتوور قاسملوو تێک چوومە. لێم نیزیک بووەوە و گوتی مەحموود دەڵێی شتێکت دەدڵدایە و نایلێی؟ ڕەنگت بۆ وا تێک چووە؟؟؟

گوتم ئەرێوەڵڵاهی پێم خۆش بوو لەنێو ئەو خەڵکەدا دکتوور قاسملوو بیدابامە بەر دەمانچان، بەڵام ئاوا ئەتکی نەکردبام. جا توخوڵا ئەمن شایانی کەچە تاپڕێکیش نەبووم؟!!

کاک نەبێ دەستێکی لەسەر شانم دانا و گوتی دیارە هێشتا زۆرت ماوە... پێت ناخۆش نەبێ ئەگەر بڵێم هێشتا نەبوویەتە

سیاسییەکی تەواو. ئاخر شێتە ئەتۆ دەزانی ئەوەی کە زیاد لە هەمووان دکتوور قاسملوو قەڵەمەکەی خۆی خەلاتی تۆی کرد، مانای چی بوو؟؟

گوتم مانای ئەوە بوو کە فلانی ئەتۆ هیچت نەکردووە و شایانی تفەنگ و دەمانچە نی و تەواو...

گوتی نا نا گێلە...!! مانای ئەوە بوو کە ئەتۆ تەنیا کەسێکی دواڕۆژ بتوانی جێگای دکتوور پڕ بکەیەوەو بەو قەڵەمە حیزبێک هەڵسووڕێنی. بۆ ئەوەی ئەتۆ بە خۆت بزانی، دکتوور قاسملوو هەر ئێستا لە پێش چاوی ئەو خەڵکە جێگرەوەی خۆی دەستنیشان کرد کە ئەویش ئەتۆ بووی!

هەر دەگەڵکوو کاک نەبی ئەو قسەیەی کرد، لە جێی خۆم سارد بوومەوە. بەهەردووک دەستان بەسەری خۆم دادا و گوتم هەتی مەحموود ئەتۆ کەنگێ هێندە ساویلکە بووی؟ ئەی ئەی... هەتی مەحموود ئەوە چۆن بوو عەقڵەت بەو سیاسەتەی دکتوور قاسملوو نەشکا؟

حەک بەزیادی خێرم نەکردی مەحموود... کوڕە قابیلە ئەتۆ تا ئێستاش سەوادی خۆت و توانای خۆت نەناسیبێ؟! کوڕە چا نەبوو کەتنێکم نەکرد؟!!

ئادی برالە... کە ئەمن دەڵێم ئەو حیزبە زوڵمی لێ کردووم و نەیانبردمە جێگای دکتوور قاسملوو، لە خۆڕا نییە. بەخودای ڕۆژی حەشریش گەردنیان ئازا ناکەم...

جا توخودا ناهەقم؟!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

----------------------------------------------

## "ئەحمەد ئاڵمان"

سەر بە چ حیزبان نەبوو. بە قەولی خۆی "میللی کورد" بوو. بە بڕنەوێکی سواری درێژ و کۆڵێک قەتارە فیشەکەوە بەنێو خەڵکیدا دەخولاوەو پۆزی لێ دەدا... دەیانگوت ئەحمەد ئاڵمان لە گەرمێنێ بووەو ئەنگێوەی چاکەو دەرزی لەسەر بەفری هەڵدەگرێ... تانکێکی "جفتێن" لە بەیانییەوە لەسەر جاددەی مهاباد - ورمێ لە هاتوچۆدا بوو و جاربەجار لوولەی تۆپەکەی وەردەسووڕاندە ئەو دێهاتانەی دەشتی سندووسی... خەڵک لە دڵەڕاوکێدا بوون و بە تەواوی ترسیان ڕێنیشتبوو... هەموو بە ئەحمەد ئاڵمان پشت ئەستوور بوون و ئەو تەنیا کەسێک بوو کە لە خانوویەکی دووقاتی بڵێندەوە بە بڕنەوە درێژەکەیەوە بەرانبەر بە تانکە بۆر مەتەرێزی گرتبوو... خەڵک پێیان هەڵدەگوت و خۆیان بە قوربانی مەچەک و دەست و تفەنگی دەکرد... نێوە نێوە شیرێژو ڕۆن و بابۆڵە پەنیر و کەشەفە چای بۆ دەچووە سەربانی و تەیروتووری ناوچەکەی خستبووە ژێر چاوەدێری خۆیەوە... تا درانگانێک لە مەتەرێزدا مایەوە و چاوەڕێی کرد... بەرە بەرە چاوەکانی ماندوو ببوون و خەونووچکە دەیبردەوە... لە سەربانی خانووە دوو قاتەکەوە هاواری کرد: "ئەگەر سەری خۆم دانابێ، ناهێڵم عەجەم پێی بکەوێتە ئەو دێیەوە... خۆتان سەخڵەت مەکەن براتان لێرەیە. ئەمن ئەوە سەرخەوێکی دەشکێنم، ئەگەر ئەو تانکە کەران باب گاوە هات، هەڵمستێنن...". ئەحمەد خەوت... خەوت... خەوێکی قووڵ... تانکەکە بە تەپوتۆز و چڕە دووکەڵ و بە گرمە گرم و فڕکە فڕک هات... فڕێکی بەنێو دێیەکەدا لێ دا و بە بەردەم خانووە دووقاتەکەدا تێپەڕی و بەرەو ئاواییەکانی سەرووتر هەڵکشا... نە ئەحمەد وای نواند کە گوێی لەو گرمە گرم و فڕکە فڕکەیە و نە کەسیش قیتی کردەوە... ئەگەر تۆسقاڵێک زەینێ خۆ بدەینە ئەوێ بەرزەبانێ... دەبینین ئەحمەد هەروا لە شیرین خەودایە... ئێرە مەتەرێزی ئەحمەد ئاڵمانە...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر

**"پوور ریحان"**

دەیگوت: هێشتا پشتێندم نەبەستبوو... موشکڵۆزمەت بم نەمدەزانی هەر ماڵ و مێرد چشە! لەبن قەڵاغی ماڵە "کەریم جانگیری" دەگەڵ کچۆڵە و منداڵە ورتکان ماڵماڵۆکێنەمان دەکرد، هاتن پیلیان گرتم و بردیانم لەو پیاوەیان مارە کردم....ئەتۆش یەکێکی وەکی کوڕەکان، ساڵێک بوو لە کن مێردی بووم هێشتا خۆم نەناسیبوو. ئەدی چۆن کوڕی خۆم...
بۆچما ئەوحەلی ژنی مل بە کوێن دەستەڵاتی چی هەبوو!؟
بۆچما هەتا رۆژی گوێستنەوە زاوات دەدی!؟
بۆچما دەتتوانی بڵێی نایکەم و نامەوێ و دڵم نایحوبێنێ؟
بۆچما زمانت کردباوە زمانیان نەدەبڕی و "خێ"یان دەلغاوان نەدەکردی!؟
تەح... وەڵڵا ئەتکیان دەکردی و سەریان دەتاشی و کیتەڵەیەکیان ماست تێهەڵدەسوو....
بۆچما وەک ئەو لینگ تەشی و سەر تاشراوانەی ئێستا بووین لە حزوور باب و برا و خەسوو و خەزوورانـدا زمانمان میترێک درێژ بێ و قوڵت قوڵت قرۆشکە چایان فڕ کەین؟!

وەڵڵاهی هەزار رەحمەتی لێ بێ دەگەڵ مردووی دەنگۆ، بە شەڕی دایکم جووتێک پاپووچ و پشتە کەوایەک و کراسێکی پڕڵۆن و هێندێک خرتەو پرتەی بووکێنیان بۆ کڕیم، دەنا بە تەما نەبوون ئەوندەشم بۆ بکەن.

"زارا"یە باربەهام ئێستاش زۆر چەلان بە چاوم دادەداتەوە دەڵێ لە ماڵە بابی من فێری مەشکە ژاندن و مانگادۆشین و نانکردن و شیو و کوڵ بووی، خۆ بەخوڵای قسەشێتی، چم نەدەزانی...

مەلابانگدانێ بە شیرە شیرِی خەسووم قیت دەبووینەوە. سێ هێوەرژن بووین دەماڵێدا و هەرسێکیشمان منداڵەبەر... هەتا تەندوورداخستن و نانکردن و ریخڕشتن و مەشکەژاندن و دەوەکردن و نێوماڵ خاوێنکردنەوە بوو، دەبوو بیکەین و لە کۆڵی کەینەوە، دەنا دەبوو بە منداڵی ساواوە لەبەر ئەو قرچە قرچی گەرمای دەهاوینێ لە بەیانێوە هەتا ئێوارێ بچینە دەبەر بژاری چەوەندەرانەوە. بە ناشکووری نەبێ لە کن ئەو خوڵایەی، حەسانەوەمان نیسک رنینەوە بوو... سوێندی کەسم لەسەر

نییە هەتا خەزوورم مابوو ئەمن لە رووم هەڵنەهات لە کن وی دەگەڵ ئەو پیاوەی خۆمان دوو قسان بکەم. کوڕی خۆم چت لێ وەشێرم... باوەڕی دڵت بێ زۆر جاریش بە خۆم دەڵێم وەڵڵاهی خۆزگەم بەو دەمی نەکا... ئەوە کوێی ژیان بوو سەی تێڕی...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

---------------------------------------------

## "گیاندانت خۆش بێ"

لە داراتی دەدنیایە، ئەوەی هەیبوو و نەیبوو، لە کەس نەکێڵ و بەردەڕەقان و بە نێوقەدی چیای پشت ماڵانەوە، پەڵە زەوییەکی دێمەکاری ویشکەرۆ بوو کە لە باب و باپیرییەوە بۆی مابووەوە و هەموو ساڵێ یەک دوو حەوتوو دوای خەڵکی ئاوایی دایدەچاند و دوو حەوتووش دوای هەموو ئوممەتی محەممەدی، گێرەی دەگەڕا و باڵەکەوی دەکرد و بە نەقەنەق خەلەوخەرمانی هەڵدەگرتەوە، جاری واش بوو بارانی پاییزی بەسەردا دەباری. بۆ جێی دوو تەنەکە بنەتۆو، پاڵە و قەرەقۆڵ و مەڵەغانچی دەگرت و بۆ خۆی کەترییە رەشەی وەسەر دەنا و لەسەر لاکەلەکەیەک و لە ژێر سێبەرێک بۆی دەکەوت و دەستی بۆ رەش و سپی نەدەبرد. پێچ و کڵاوەکەی لەسەر نێوچاوانی دادەنا و دوواودوور دەمەڵەغانچی و پاڵە و قەرەقۆڵانی دەقولاند و خۆش خۆش قرۆشکە چای فڕ دەکرد و تووتن و پەڕی بۆ تێدەکرد و شای بە سەپان نەدەگرت. ئەوەی بە ئەرکی خۆی دەزانی و لێی دوا نەدەکەوت، گوتنەوەی "گیان" بۆ گۆرانییەکەی "رەحیم رەبەن"ی مەڵەغانچی بوو کە لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ دەگەڵ هەر کەرخێکی مەڵەغان و سەرهۆبانێک، بە یەک هەوا تێی هەڵدەکرد: "هەی داد هەی بێ داااد.... "مام وەسمانیش لەژێر کەپرۆکە و لەسەر لاکەلەکییەکەوە بۆی دەستاندەوە: "کوڕە گیانننننننن"

رەحیم هەمیسان هەر بەو هەوایە جوابی دەداوە: گیاندانت خۆش بێ ێ ێ ێ...

زۆر جارانیش کە دەکەوتە بەر لۆمە و لەقەم و تانە و تەشەری ئەم و ئەو، بە بزەیەکەوە دەیگوت: لێم گەڕێن، هەر هیچ نەبێ هەتا مەڵەغانچی قوونیان بە کەندییەوە دەنێن، ئاغا و کوێخای مڵکی خۆم بم و لە دوو پالان قوولێنم. تەلاقم کەوتبێ ئاغایەتی بەسەر چڵە تیسۆیەکیشەوە هەر خۆشە!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## "کەرە شێتە"

لە دوورەوە دەتگوت باقە وێنجەیە. لوێچێک نووشتەو دوعایان بە شانییەوە هەڵواسیبوو... کەرە شێتە نازناوێک بوو وەختی خۆی دایکی بۆ دەمبەستی خەڵکی وەدووی خستبوو... بێ ویستی خۆی، دەچاک و پیرانیان دەگێڕا. شاڵیان دە باسکان دەهاڵاندو متفەڕکیان دەرخوارد دەدا. بۆ شوێنەونکە چەند جار سەردانی ماڵە سەیدی "باوەڵە"یان پێ کردبوو... دەیانگوت دەستیان لێ وەشاندووە... جندووکەی دەگەڵە... لێی گۆڕاوە... قسەی لێ ناگیرێ... لەخۆوە قسان داوێ، وڕێنەی دەکا. سەید حەیزی "باوەڵە"ی هێندەی بە داران لە بنە پێی دابوو، ئەو بنە لاقەی دەتگوت دەخمی گیراوە، هەمووی وەک پەڵاسی شین و ڕەش هەڵگەڕابوو... دوو شەو و ڕۆژان لە تەویلەدا بەستبوویەوەو دارکاری کردبوو...

سەرت گۆشاوگۆش بڕیبا درۆیەکی بەزاریدا نەدەهات... ڕاستییەکانی دەگوت... وەک تونگەی کون هەر لێی دەڕژا.... هیچی نەدەپێچاوە... ئەوەی دیتبای لە قاوی دەدا... زاری کەندووی کەس نەبوو. شێت نەبوو، شێتەکان شێتیان کردبوو... دەبوو بڵێن شێتە... دەبوو بڵێن عەقڵی سووکە... دەبوو عەیبەو کەتنەکانی خۆیان لەژێر تارمایی کەرەشێتە کەرە شێتەدا بشارنەوە، دەنا خوێن دەهات و سەری دەبرد. دەیان نهێنی و کارەسات لە پشتی ئەو نازناوەوە خۆیان حەشار دابوو و سەربەمۆر مابوونەوە. زۆری دیتبوو... زۆری گوێ لێ ببوو... بە منداڵی "ئەحمەدە زلە"ی دەپاڵ دایکیدا گرتبوو... بە چاوی خۆی دیتبووی کە بابی شەنەی دە ورگی "محەممەد شکاک"ی ڕواکرد و حەیاتی ڕەشی لێ بڕیبوو... دەیزانی کێ فەرشەکانی مزگەوتێی دزیوە... ئەو ژاندارم و ئەمنییانەی دەدیت کە هاتوچۆی ماڵە "کەریمە شەل"یان دەکرد... بە هەموو کەینوبەینی خەڵکی دێی دەزانی... کلکی هەموویانی لەبەر دەستیدا بوو... هەمووشی دەدرکاند، لە هیچ نەدەپرینگایەوە... زۆر جاران یەک بەخۆی هاواری دەکرد: "ئەو دێیە چۆڵ کەن بۆنی گووی لێ دێ." دیویست بڵێ کە تەژی لە تاوان و گوناحە... هەبوون قاقایان بۆ لێ دەدا... هەبوون جنێوبارانیان دەکرد... نێونیتکەی دنیایان لێ هەڵدەدا...

زۆر منداڵ بوو کە دەیاننارده بەر بەرغەلان... شوانی و گاوانی و کوێرەوەری دنیایان پێ دەکرد... کەچی هەر کەرە شێتەش

بوو... ڕێی مەجلیسانیان پێ نەدەدا، لە سێ ژەمان ژەمێکیان لەپێش دانەدەنا... سەرچۆک دڕاو و کەوش پینەکراو بەنێو ئاواییدا دەخولایەوە... خودا خودایان بوو روو لە ماڵێ نەکاتەوە... هەردووک لا لە سێبەری یەکتریان دەدا... بە چاوی غەزەب لە دایکی دەڕوانی و بابی وەک بکوژێک دەدیت... بێزی لەو خەڵکە دووڕوو و بێ بەروپشتە هەڵدەستا. بۆ خۆشی دەیزانی داری چییە دەیخوا... دەیزانی قوربانیی هەوا و هەوەسی دایکی و تاوانی خەڵکانی دیکەیە... دەیزانی لەو گوندەدا کەس لە کەس نافکرێ و کەس بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە... چەند ساڵ بوو هاواری دەکرد، کەس گوێی بۆ نەگرت... چەند ساڵ بوو لێفەی لەسەر هەتیوان هەڵدەداوە، کەس نەیگوت راست دەکا... چەند ساڵ بوو هی بن بەڕەی دەخستە سەر بەڕەی، کەس باوەڕی پێ نەکرد.

دوای ساڵانێک ژیانی کۆڵەمەرگی، سەرما کوشتی... برسێتی لە پێی خست... خەفەت هەناوی رەش کرد... تانەو نێونیتکە بەچۆکیاندا هێنا... تەنانەت مەلای ئاوەدانیش ڕێگای نەدا نوێژی مردووی لەسەر بکرێ و لە قەبرستانی موسوڵمانیش بنێژرێ. دەیگوت جایز نییە، نوێژنەکەری قوون نەشۆر بووە....

وەک گولی دوورئاوایی، کەرە شێتەیان لەسەر تەپۆڵکەیەکی دوور لە دێ شاردەوە. ئەوانەی بە تەنیشتیدا تێدەپەڕین و جاروبار فاتیحایەکی شەریفیان بۆ روحانەتی پاکی دادەدا، تەنیا و تەنیا کەڵەگاکەی دایکی و عوسمانی ئاواڵ شوانی بوون.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------

### "میوانی خودا"

**نووسینی: پائولو کوئیلو**

**وەرگێڕان لە فارسییەوە**

کوڕیژگەیەک دەیویست چاوی بە خودا بکەوێ. ئەو دەیزانی دۆزینەوە و گەیشتن بە خودا کارێکی ئاسان نییە و پێویستە ڕێگایەکی دوورودرێژی بۆ بپێوێ، هەر بۆیە تۆشەی سەفەری پێچایەوە و کەوتە ڕێ. چەند کۆڵانێک لەودیو ماڵی خۆیانەوە، گەیشتە پارکێک. پیرەمێردێکی دیت کە زۆر بە لەسەرخۆیی دانەوێڵە دەداتە باڵندەکان. کوڕیژگە لێی نزیک بووەوە و لەسەر کورسییەک دانیشت. پیرەمێرد برسی دەهاتە بەرچاو و کوڕیژگە زوو هەستی پێ کرد، بۆیە کۆڵەپشتییەکەی کردەوە و بابۆڵەیەک و دەبە ئاوێکی بۆ پیرەمێردەکە برد و فەرمووی کرد. پیرەمێردەکە خواردن و ئاوەکەی وەرگرت و بزەیەکی بۆ لێ دا. بەیەکەوە دەستیان بە نانخواردن کرد. ئەوان هەموو ڕۆژەکەیان بەیەکەوە و دەگەڵ باڵندەکاندا ڕابوارد و خۆشحاڵ بوون. کاتێ وڵات تاریک بوو، کوڕیژەگە وەبیری هاتەوە کە دەبێ بگەڕێتەوە ماڵەوە. چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبووەوە کە گەڕایەوە و خۆی لە باوەشی پیرەمێردەکە هاویشت. پیرەمێردەکەش ماچی کرد و بزەیەکی پێشکەش کرد. کاتێ کوڕیژگە گەیشتەوە ماڵەوە، دایکی بە نیگەرانییەوە پرسی: ڕۆڵە ئەوە تا ئێستا لە کوێ بووی؟

کوڕیژگە زۆر بە خۆشحاڵییەوە گوتی: "لە لای خودا بووم." پیرەمێردەکەش بەهەمانشێوە گەڕایەوە ماڵەوە. ژنەکەی بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی: "ئەوە ئەوڕۆ بۆ وا بە کەیفی پیاوەکە؟"

پیرەمێردەکە وەڵامی داوە: ئەوڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو. من ئەوڕۆ لەو پارکەی پشت ماڵان، میوانی خودا بووم..

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## "مەلا"

ساڵێک بوو گوندەکەیان بێ مەلا بوو. خەڵکی دێ هەموو خزم و کەس و دۆست و ئاسیاوانی خۆیان راسپاردبوو کە مەلایەکی چاکیان بۆ پەیدا بکەن و مزگەوتی پێ ئاوەدان بکەنەوە. پاش ماوەیەکی زۆر مەلایەکیان لە دوورەوە بە سواری تەراکتۆرێکی رۆمانی بۆ هێنان و یەکسەر بردیانە مزگەوتێ. کەیخودا و ریش سپی و پیاوماقوڵی دێی تێوەرووکان و دوای چاک و چۆنی و بەخێرهێنان، "مام مراد" هەڵیدایە: مامۆستا گیان یاخودا بەخێربێی سەر ئەوان چاوان، دەڵیم پیاو قسەی خۆی لە ئێستاوە بکا باشە. با بزانین چۆنمان لە کن دەمێنییەوە براله؟ با ئەممەش دەخۆن بگەین!

مەلا گوتی: جا ئەوە پرسیاری بۆ چییە؟ وەک مەلای "هەنگەوێ"، ئەو چەندە سەرفترە و زەکات و بەراتی دەدرێتێ، ئەوەندەش بدەن بە من. موشکلۆزمەو بم لەوە زیاتر چاوم لە هیچی دیکە نییە!

مام مراد: ئاخر مامۆستا گیان کوا خودا قبووڵ دەکا؟ دێی مە چل ماڵە و "هەنگەوێ" دووسەد ماڵ، چۆن دەبێ ئەو دوو دێیە پێک بگری و چاوت لەوە بێ بەقەد مەلای "هەنگەوێ" بکەوی!؟

مەلا: کارم بە چل ماڵ و دووسەد ماڵی نییە، زۆر لە مەلای "هەنگەوێ" مەلاترم و یەک دوو عیلمیشم لەوی زیاتر خوێندووە.

قسەیەک لە مەلا و قسەیەک لە خەڵک... مەلا هەر بۆی نەسەلماندن و دەگەڵیان نەهاتە رەدایە. تا ئەوەی حاجی مستەفا کە پیاوێکی دنیا دیتەی قسە خۆش بوو، گوتی: ئەمن رازیم بە قەد مەلای "هەنگەوێ"ت بدرێتێ، بەڵام بە شەرتێکی!

مەلا: شەرتی چی مام حاجی؟

حاجی: مامۆستا گیان! ئەوە بۆ یەک ساڵ دەچێ دەگەڵ ئەوەیدا کە بێ مەلایان، بێ گاوانیشین. براله، ئەتۆ زستانان مەلایەتیمان بۆ بکە و هاوینانیش بۆمان بچووە بەر گاڕانێ، بە گەردن ئازایی بەقەد مەلای "هەنگەوێ"ت دەپێش دەکەین. ئەو دوو عیلمە زیادە ئەمن تێناوەشت هەڵدەدەینە کادێنێ، ئەوەی بۆ لای بچێ و دەستی بکاتێ، پێچکی تۆی تێدەبڕین!

تێبینی: ناوی گوند و کەسایەتییەکان خوازراون.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## "مام سێمان"

ئەو ژنەی بە منداڵەوە بووبا و گەرمەژانی لێ سارد بووبانەوە، خۆیان بۆ لە ماڵە "مام سێمان"ی داویشت هەتا دۆخینی بۆ دەئاوێ هەڵکێشێ و رزگاری بێ. دەیانگوت مام سێمان لە ئاوی شەوێ پاکترە و نوێژی لەسەر دەستان دەکرێ و بە حەیاتی خۆی دۆخینی حەرامی نەکردووەتەوە. ئەو منداڵەی "لەمەیی" و "بۆقژە"ی گرتبا و زاری دافەتابا، دەیانگوت بیگەیەننە لای مام سێمانی... ئەو ودمی پێیە، دەزاری تفێ، حەلەمێ خودای لێ نامێنێ. ئەوەی پێچی بە زگیدا هاتبا و ژانی کردبا و حەجمینی لێ هەڵگیرابا، دەیانگوت عیلاجی لای مام سێمانە، بۆخۆی دووانەیە و دەستێکی بە زگیدا بێنێ و بایەکی لێ ببڕێ، وەک ماستی مەیوی لێ دێتەوە. ئەوەی مانگای لە گاڕانێ نەهاتباوە و گوێلک و کەڵیچەی بەرەڵڵا بووبا، دەیانگوت خۆ بگەیەننە مام سێمانی، قورعانخوێنە و دەتوانێ زاری گورگی لێ ببەستێ. ئەوەی بالۆکەو مێخەکەی لە پشتە دەست و بنە پێیان هاتبا، دەیانگوت میزی مام سێمانی بەدەست و لاقاندا بکەن، یەکا و یەکە! مام سێمان حەکیم و باوەڕپێکراوی ئاوەدانی بوو. خەڵک ژیانێکی خودایان بە "مام سێمان"ەوە بوو و سەری خۆیان پێ سپاردبوو و پێیان وابوو دەرمانی هەموو دەردانی لە لایە. سەرقەڵەمانەی خۆت دابا و قیت هەڵپەڕیبای. دوای عەیامێکی دوورودرێژ، پوور "نەزاکەت"ی خێزانی ئەمری خودای کرد و مام سێمان بێکەس و وەجاخ کوێر، بە تاقی تەنێ کەوتە کونجی ژوورە قوڕین و قورماوییەکەیەوە. هێشتا کفنی پوور "نەزاکەت" زەرد نەببوو و بۆ سەرەخۆشی و دڵنەوایی میوان پێیان لە ماڵە مام سێمان نەبڕیبوو، دەمەوئێوارەیەکی درەنگ دوو کەڵەوان لە کەندی پشت ماڵان پاتۆڵ لەنێو لینگاندا مام "سێمان"یان بە پاشووی کەری ماڵە "رەسوو هارە"وە دیبوو. ئەو خەبەرە زار بە زار و ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و شەنوکەو دەکرا. دێ لە سەرسوڕمان و دوودڵی و دڵەڕاوکێدا دەژیا. ئەوەی زۆرتر خەڵکەکەی خەمبار و نیگەران کردبوو، کەتن و قەباعەتی مام سێمان و دەستدرێژی بۆ سەر کەری ماڵە "رەسوو هارە" و هەڵڵا و بەزم و لێکەوتەکانی نەبوو، بەڵکوو ئەو ترسە بوو تۆ بڵێی ئەو منداڵانەی بە ئاوەچۆڕەی دۆخینە چڵکنەکەی مام سێمان چاویان بە دنیا هەڵێناوە و دە زارایان تفیوە و دەستی پێدا هێناون و لاق و

لەتەریانی شەلاڵی میز کردووە، ئەوانیش بە پیری سەری کەرگێییەکی وەک "مام سێمان"یان لێ دەرنەچێ؟!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠١٩

----------------------------------------------

## "ئایشەگوڵ"

قەت تیتۆڵێکی بەخۆیەوە نەهێشتبوو. رووت و عۆریان خۆی بەنێو "دێ"دا کرد. کۆڵەوەژێکی پێ بوو لە کەرێت دابا دەیخست. شەلم، کوێرم کەس نابوێرم، کەوتبووە وێزەی خەڵکی و کەسی نەدەبوارد. ئەوەی تووشی هاتبا، لە دەستی قوتاری نەدەبوو.

لە سیلەی دیواری ئاشی دەگەڵ "عمبەری مام حەمەد"ی تێک هەڵەنگوتن، کۆڵەوەژێکی لێ راکێشا، لایەکی سەری هێنا خوارێ. بە کەس زەوت نەدەبوو. هەڵبرڕابرڕێکی وەخەڵکی خستبوو، باب ئاگای لە کوڕی خۆی نەمابوو... چەند جارێک ئامبازی بوون قۆڵبەستی بکەن، کەچی بواری نەدەدا و وەک ورچی بریندار شالاوی بۆ دەبردن. بە تەواوی لە کەللەی دابوو و چاوی عەرزی نەدەدیت.

"رەسووی ئامەکوڵێ" پرسی: ئەو شیرنە کوڕە چما وای بەسەر هاتووە، بۆ وا لێی گۆڕاوە؟
خات زارا: "خودا سەبەبکاری بگرێ، بۆ پێت وایە ناهەقە؟"
میرزا مارف: "برایم تەورە" بزانێ....
کچۆڵەیەک: "ئەوەی دەبێتە باعیسی دوو دڵان؛ رەببی خێر و خۆشی لە خۆی نەبینێ و کرمەڕێز بێ!"

هەر چۆنێک بوو، بە راپسکان راپسکان و قوونە شەڕ خۆی گەیاندە ماڵە "برایم تەورە"ی خەزووری. وەک گوڵمیخ لە حەوشە چەقیبوو و هاواری دەکرد: "پوور مامز لە کوێی؟؟ هاتووم بۆت بچمە بەر نانی. هاوتووم گاوگۆلت بۆ ئاو دەم" ماڵی خەزووری بوو و ژوور بە ژوور و هەموو کەلێن و کولێنی شارەزا... خەڵک لە سەربانەکانی دەوروبەرەوە تێی رامابوون... خەسوو و خەزوور نێوماڵیان چۆل کردبوو و خۆیان حەشار دابوو. لە کولانەی سەربانەوە کوڕە جحێڵە چاویان لێ بوو کە

فەردە ئاردێکی وەتەندووری گێڕا. بە سەتڵان لە ترومپای حەوشەوە ئاوی دێنا و دەپاڵ ئاردەکەی دەکرد و بە لاقانیش وەنێو کەوتبوو. دیاربوو دەیویست هەویرێکی تیر بۆ پوور مامز بشێلێتەوە و نانی گەلا گەلا بخاتە پێش خەسوو و خەزوورانی...

"ئایشەگوڵ" لە دەلاقەی ماڵە "سەعیدی سۆفی سوڵتانی"یەوە لە "حەیزێ"ی رامابوو و رووی خۆی دەرنییەوە و فرمێسکی هەڵدەوەراندن: "حەیزێ"ی من شێت نییە... حەک بۆت نەمێنم شۆڕە سوار... بریا مردبام و ئەو رۆژەم بە چاوان نەدیبا... ئێستاش هەروا لە پشت پەنجەرەوە چاوی بڕیوەتە یەکەم ژوانگەیان و "حەیزێ"ی جوانچاک و سوارچاکیش، خێرخواز و ئەویندارانی سەرو ریشی بۆ دەتاشن...

تێبینی: - ناوەکان خوازراون

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

---------------------------------------------

## "عەولا خەوخەو"

کەس نەیدەزانی لە کوێوە هاتووەو کام قەدەر بەرەو ئەو دەڤەرە هەڵیداشتووە. بە "عەولا خەوخەو" بانگیان دەکرد. گەیشتبا هەر تیتۆڵ و بزگوڕێکی، رۆی دەبۆیەو دەتوورەکەکەی پشتی داویشت. دوو شەدەی بەیەکەوە لەسەری دەبەست... بە دێهاتاندا دەگەڕاو هەمیشە توورەکەیەک بە پشتەوەو کۆڵەوەژێکی درێژ بە دەستەوەو شمشاڵێکی ئاسنی دەبەر پشتێنیدا بوو... زەڕی بۆ کەس نەبوو...ئارام و لەسەرخۆ... پیرەمێردێکی تێکچرماوی، ریش چەرمووکی، چڵکنەی، کورتیلە... چایەکت دابایە، نیوەرۆژێکی بۆت دەخەوت. بیست و چوار سەعاتی خودای خەونووچکە دەیبردەوە. دەگەڵ ئەوەشدا، شمشاڵێکی دەژەنی ئاگری دەجەرگ و هەناوان بەردەدا... مردووی زیندوو دەکردەوە. زۆر جاران دەگەڵ هەر هەوایەکی "پێش مێگەلی، سەر چیایی و هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ"دا، فرمێسک بەسەر روومەتە چرچ و لۆچاوییەکانیدا دەهاتنە خوارێ و کوڵ دەیگرت... بە شەو لە هیچ کوێ نەدەماوە. ئەشکەوتێکی بە ناوی خۆی کردبوو و تێیدا دەخەوت... لەهەر ماڵێک وەژوور کەوتبا، رێزی خۆی هەبوو و جامە چایەکیان لەپێش دادەنا. عادەتی خۆی بوو، قەندانە قەندەکەی وە چایەکەی دەگێڕا و بە شمشاڵەکەی

بەر پشتێنی، تێکی وەردەدا و شیرینی دەکرد. کپ و مات... دەتگوت زمانی دەزاریدا نییە. هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە شارەزای ببوون و چایان بۆ دەجام و شەربان دەکرد. کەس دەرگای لەسەر گاڵە نەدەداو رووی لێ وەرنەدەگێڕا... زۆر ماڵ هەبوون جلوبەرگیان بۆ دەگۆڕی، نان و پێخۆریان بۆ دەپێچاوە... دەیانبردە سەر شۆرکەو دەیانشوشت، کەچی رۆژی دواتر سوێندت خواردبا دوو ساڵە ئاوی وە لاق و لەتەران نەکەوتووە، سوێندت لێ نەدەکەوت. هەموو جارێ بە رەحمەت بێ "نەنکە فات" دەیگوت: "عەولاّ"ی هەڵدەیە بەحرێ، قەت ماسییەکی ناهێڵێ...

جاروبار بەدەم بووژانەوەوە، وڕێنەی دەکرد... پچڕ پچڕ کۆمەڵێک وشە و ناوی دەردەبڕی، کەچی کەس نەیتوانی رستەیەکی تەواوی لێ گوێ لێ بێ و بۆی بخرێتەوە سەر یەک و لە مەبەستەکەی تێ بگا، بەلاّم هەستت دەکرد لە دەردێک دەدوێ... ئازارێک جینگڵی پێ دەدا... دەیهەوێ بە زمانی بێ زمانی شتێک بڵێ و کوڵی دڵی خۆی دامرکێنێ... هەستت دەکرد ئاشقە، ئاشق بووە... ئاشقیان کردووە... دابڕاوە، دایانبڕیوە...رووخێندراوە... تێک ڕماوە... متمانە پێکراوێکی نەناسیاو و خۆش ئاواز بوو. یەک دەیگوت "هەجیجی"یە، یەک دەیگوت لە "گەڕووسی"ڕا هاتووە... هەشبوون دەیانگوت لە خزمانی "حەمەڕەشید خان"ی بانەیە، کەچی لە نەوا و هەوای شمشاڵەکەیەوە پێدەچوو هەر خەڵکی ئەو ناوە بێت و لەو دێهاتانەی ئەودیو "هومام"ەوە کەوتبێتە ئەو بنارە. ساڵانێکی زۆر دڵە زامارەکانی لاواندەوە... ماڵ بە ماڵی ئاوەدانییەکان گەڕا و پشتی رێگاوبانەکانی شێلا... لەژێر سێبەری گەلێ دیوارە رووخاو سەرخەوی شکاند و بە لێشاو فرمێسکی هەڵوەراند... دوای عەیامێکی دووردرێژ، شمشاڵە ئاسنینەکەیان لەنێو کۆمەڵێک ئێسک و پرووسکی لێکهالاوی ئەشکەوتەکەی بەرانبەر بە "زینوێی باراملوان"دا دیتەوە کە هێشتا لە ناڵە نەکەوتبوو و هەروا هەڵمی تین و تاوی "دێنەوە تەیرەکەی گەرمێنێ"ی لێ هەڵدەستا...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩

---------------------------------------------

## "کەرگێ"

ئەو ژنەی بە منداڵەوە بووبا و گەرمەژانی لێ سارد بووباوە، خۆیان بۆ لە ماڵە "مام سێمان"ی داویشت هەتا دۆخینی بۆ لە ئاوێ هەڵکێشێ و لە مندالی ببێتەوە و رزگاری بێ. دەیانگوت مام سێمان لە ئاوی شەوێ پاکترە و نوێژی لەسەر دەستان دەکرێ و بە حەیاتی خۆی دۆخینی حەرامی نەکردووەتەوە. ئەو منداڵەی "لەمەیی" و "بۆقژە"ی گرتبا و زاری دافەتابا، دەیانگوت بیگەیەننە لای مام سێمانی... ئەو ودمی پێیە، دەزاری تفێ، حەلەمێ خودای لێ نامێنێ. ئەوەی پێچی بە زگیدا هاتبا و ژانی کردبا و حەجمینی لێ هەڵگیرابا، دەیانگوت عیلاجی لای مام سێمانە، بۆخۆی دووانەیە و دەستێکی بە زگیدا بێنێ و بایەکی لێ ببڕێ، وەک ماستی مەیوی لێ دێ. ئەوەی مانگای لە گاڕانێ نەهاتباوە و گوێلک و کەڵیجەی بەرەڵڵا بووبا، دەیانگوت چارەی لای مام سێمانە، ئەو قورعانخوێنە و دەتوانێ زاری گورگی لێ ببەستێ. ئەوەی بالۆکەو مێخەکەی لە پشتە دەست و بنە پێیان هاتبا، دەیانگوت میزی مام سێمانی بەدەست و لاقاندا بکەن، یەکاو یەکە! مام سێمان حەکیم و باوەڕپێکراوی ئاوەدانی بوو. خەڵک ژیانێکی خودایان بە "مام سێمان"ەوە بوو و سەری خۆیان پێ سپاردبوو و پێیان وابوو دەرمانی هەموو دەردانی لە لایە. سەرقەڵەمانەی خۆت دابا و قیت و قنج پاڵت لێ داباوە. دوای عەیامێکی دوورودرێژ، پوور "نەزاکەت"ی خێزانی ئەمری خودای کرد و مام سێمان بێکەس و وەجاخ کوێر، بە تاقی تەنێ و بە بیوەمێردی کەوتە کونجی ژوورە قوڕین و قورماوییەکەیەوە. هێشتا کفنی پوور "نەزاکەت" زەرد نەببوو و بۆ سەرەخۆشی و دڵنەوایی میوان پێیان لە ماڵە مام سێمان نەبڕیبوو، دەمەوئێوارەیەکی درەنگ دوو کەڵەوان لە کەندی پشت ماڵان پاتۆڵ لەنێو لینگاندا مام سێمانیان بە پاشووی کەری ماڵە "رەسوو هارە"وە دیتبوو. ئەو خەبەرە زار بە زار و ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و شەنوکەو دەکرا.

دێ لە سەرسوڕمان و دوودڵی و دڵەڕاوکێدا دەژیا. ئەوەی زۆرتر خەڵکەکەی خەمبار و نیگەران کردبوو، کەتن و قەباعەتی مام سێمان و دەستدرێژی بۆ سەر کەری ماڵە "رەسوو هارە" و هەڵڵا و بەزم و لێکەوتەکانی نەبوو، بەڵکوو ئەو ترسە بوو کە تۆ بڵێی ئەو منداڵانەی بە ئاوەچۆڕەی دۆخینە چڵکنەکەی مام سێمان چاویان بە دنیا هەڵێناوە و مام سێمان لە زارایان تفیوە و دەستی بە ورگیدا هێناون و لاق و لەتەری لە میز وەرداون، ئەوانیش بە پیرێ سەری کەرگێییەکی وەک "مام سێمانیان لێ دەرنەچێ؟!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٩

# «خێڵی چەپڵە»

سێ شەو و ڕۆژ بوو جەماوجەم نەبێ وەعەرزی نەدەکەوتن. پێ پێدادان و داوەت و هەڵپەڕینێک بوو نە سەری دیار بوو نە بن. کچ و کاڵ و شۆڕەژن بە جلی ئاڵ و والاو کوڕە جحێڵە و سەرەپیاو پۆشتە و پەرداخ گەڕی دیلانیان دەگێڕا. گاوانی لە سەرچۆپی بەگوڕتر و دۆ لە دۆی بێدەعیەتر. دەمێ چەپی و دەمێ سێ پێیی و غایەتێکی شێخانی... شایی و لۆغانە، گۆڤەندە، زەماوەندە و ڕۆژێکە و ئەوڕۆ. هەموو ڕۆژێ گا نامرێ کفتە بە شاییەکی بێ.

دوو بەندبێژی ڕیوەڵەی نابووتەیان لەبەری «شامات»ـەوە بە تەپڵ و توورزەلەوە هێنابوو، بە جووتە لە بەریەکیان دەگێڕاوە و بۆ یەکتریان دەستاندەوە. هیلاک نەدەبوون. پشوویان نەدەدا. لێیان نەدەبڕا. وایان گەرم کردبوو پیرێژنیان وەچەقڵەسەما خستبوو. هەستت دەکرد ئەوەی دەیڵێن نایڵێنەوە. هەستت دەکرد دار و دیوار دەگەڵ ئەو دەنگ و سەدا و ڕمب و کوتە دەلەرزێ. دەتگوت ڕۆژی حەشرە. باب ئاگای لە کوڕی خۆی نەبوو. ئەو چەند ڕۆژە کەس گوێی خۆی نەدابووە ئەو بەندبێژانە ئاخۆ بزانن دەڵێن چی؟! بە کێ هەڵدەڵێن و کێ دەتەقێننەوە؟! هەتا ئەو ڕۆژەی بووک دانەبەزی و بابی زاوا لەبەر پێی گاوگەردوونی نەکرد و زەوی «ئاغداش»ی دەقەباڵە نەکرد، کەس زەینی خۆی نەدابوویە بەند و گۆرانیی ئەو بەندبێژانە. لەوێ بوو کە تێفکرین و، دوای سێ ڕۆژان تازە گوێیان بۆ هەڵخستن و لێیان ورد بوونەوە، دیتیان ئەوە یەکیان هەر دەڵێ: کەلیمەی کونجی کونجانێ... کونجانێ کوڕە کونجانێ برام کونجانێ... و دووپات و چەند پاتی دەکاتەوە و ئەوەی دیکەش هەر ئەوەندەی لەبەر دەگێڕێتەوە: بەخودای بابم چاکت گوت، بەخودای بابم خۆشت گوت، کوڕە خۆشت گوت ... خۆشت گوت برام باشت گوت!

لە نێو خێڵی چەپڵەدا، بە دەنکە کونجییەکیش دەکرێ گوندێک هەڵپەڕێنی...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

---------------------------------------------

## وەڵامی داواکاری رەحمان نەقشی سەبارەت بە چالاکییەکان

**کۆکردنەوەی ئەم هەموو بەڵگەنامە و بابەتی سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی خەرمانێکە بۆ جیل و نەوەی داهاتوو دەخەنە سەر یەک و مێژوو بە خۆیان قەرزدار دەکەنەوە.**

یەکێک لەو کەسانەم کە لە رێگای زەحمەت و ماندووبوون و نووسراوە و بە ئەرشیفکردنی بابەتەکانەوە کاک "رەحمان نەقشی"م ناسیوە و شانازی ئەوەم نەبووە لە نزیکەوە بە خزمەتی بگەم و زیارەتی بکەم. ئەوەی کاک رەحمان وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی خستوویەتە سەر شانی خۆی ئەویش بێ هیچ بەرانبەر و چاوەڕوانییەک، کەم کەس دەوێری و دەتوانێ خۆی لە قەرەی بدات. کۆکردنەوەی ئەو هەموو دەستنووس و بەڵگەنامە و بابەتی سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی نووسەر و ئەدیبە بەرێزەکان و گونجاندن و خستنەوە سەریەکیان لە چوارچێوەی نامیلکە و پەرتووکدا، کارێکی ئاسان و هاکەزایی نییە ئەگەر نییەتێکی گەورە و مەزن و پیرۆزی نیشتمانی و خزمەتی لە پشت نەبێ. رابردووی پێشمەرگانە و پڕ لە شانازی کاک رەحمان و دەستبردن بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو بەرهەمەی نووسەران و ئەدیبان و رەنگاندن و نەخشاندنیان، کاک "رەحمان"یان ئەوەندەی تر لەلای هاوڕێ و هەڤاڵانی خۆشەویست و خۆشەویستر کردووە و جێ پەنجەی لەو بوارەدا تاهەتایە بە زیندوویی دەمێنێتەوە. کاک رەحمان نەقشی ناوێکی هەمیشەیی بە رووبەرگی نووسین و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردییەوە و جوامێرێک لە جوملەی ئەو مرۆڤانەی کە زۆر ئاگاهانە هەنگاو هەڵدەگرن و لە خۆیان مایە دادەنێن و پێشمەرگانە خزمەت دەکەن و خەرمانێک بۆ جیل و نەوەی داهاتوو دەخەنە سەر یەک و مێژوو بە خۆیان قەرزدار دەکەنەوە. نموونەت هەر لە زۆربوون و هەڵکشاندا بێ کاکە گیان. جێگای شانازی هەموو لایەکمانی و بە بوونتەوە سەربەرزین و سەرکەوتن و تەمەندرێژی و بەردەوامییت بۆ خوازیارم.

**هەمزە ئاگوشی**

**سەرچاوە: نامیلکەی ١٠ ساڵ چالاکی بەردەوام - رێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩**

---------------------------------------------

## "بگەڕێوە کزەی جەرگم"

هەموو شەوێ بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە سەرم خستووەتە سەر سەرینەکەم و پێم وابووە دوور لە چاوانی من، بە دالانی پشت مالاندا تێدەپەڕێ.

پێم وابووە خەو، خولیاکانم لێ دەستێنێ و چاوی رەشم پێ کاڵ دەکاتەوە.
زۆر جار خەونم پێوە دیوەو لە شیرین خەودا بۆی راپەڕیوم...

زۆر جار بۆی لە سیلەی دیواری دانیشتووم و چاوەڕێم کردووە... لەبەر پەنجەرەوە لەو تووڵەڕێیەم روانیوە کە دواجار پێیدا تێپەڕیوە.

لە دەروجیران... لە سەرەژن و ریش سپی و پیاوماقوڵان... لە جوتێر و وەرزێرو رەشایی... سۆراغیم پرسیوەو تەنیا وەڵامی "نەمدیوە"و "نەهاتووە"و "نایناسم"م وەرگرتووەتەوە.

کەچی دەشڵێن پێش رۆیشتنی، لە دەرکی ماڵە "کەریم هەمەدان"یان دیوەو سرتەیەکی دەگەڵ "مام کەریم" کردووەو بزەیەکی هاتووەتێ.

دەڵێن "ئەحمەدی برایمە چکۆڵەی" بۆ خۆی ئەسپەکەی بۆ زین کردووەو "زڵەخای سۆفی کاکەسووری" خورجێنەکەی وەدەستی داوە.

دەڵێن تا پشتی ئاوایی لغاوی ئەسپەکەی بە دەستی "وسێن نەوە"وە بووەو لە پیاوانی ئاغا هەتڵەی کردووە.

ئێستا هەمووی لێم دەچنە حاشیە... قسەم بۆ ناکەن... ورتەیان لێ نایە...

تووڕەم لە خۆم، لەو خەڵکە، لە دەوروبەرم، لە پیاوماقوڵانی ئاوایی و...

بۆخۆم قەتم نەدیوە، لەگەڵی دانەنیشتووم، ئاوم بە دەستیدا نەکردووە، چام بۆ تێ نەکردووە، مەجوعمەم لە پێش دانەناوە... کەوشم بۆ جووت نەکردووە... بەرماڵم بۆ رانەخستووە... دەگەڵ ئەوەشدا تاسەی دیدار ئۆقرەی لێ هەڵگرتووم و جینگڵم پێ دەدا...

دەڵێن ئەو دەیزانی کەنگێ زریان هەڵیدەکاتێ و کەنگێ شەماڵ دەیخا.

دایکم دەیگوت تەنگانان بەریان کورتە، ئەو وەرزەکان ناناسێ... شەختەو سەهۆڵبەندان لەپێی ناخەن... شەوانی ئەنگوستە چاو رێی لێ ون ناکەن... باو باران، گەرماو سەرما هەنگاوی پێ شل ناکەن، هەر دێتەوە...

هەناسەکەی ئاوەدانی، چاوەڕێتم بگەڕێوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی جانێوێری ٢٠١٩

-------------------------------------------------

## "ئەفغانییەکانی گوندی مە"

هەموو ئێواران خەڵکی گوندی بە تایبەت منداڵەکان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی گەڕانەوەیان بووین. هەرچەند لە دوورەوە هاتبوون، کەچی دەگەڵ خەڵکی خۆمان لێکت نەدەکردنەوە. قەڵش و پۆرگی دەستان و چڵکی یەخە و ئارەقەی ویشکهەڵاتوو بە جلوبەرگەکانیانەوە و پێکەنین و خەمەکانیان، ئاواز و گۆرانییەکانیان، شەکەتی رووخساریان، سەرچۆکی دڕاو و کەوشی پینەکراویان، دەگەڵ خاڵ و مام و باب و براکانمان هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، دەتگوت جلی یەکتر دەپۆشن و وەک کارئەکتەرێکی باش دەوری یەکتر دەگێڕن. پێیان دەگوتن تریاکبڕ...ناوێکی نوێ و نائاشنا بەو دەڤەرە.... لەو پەڵە زەوییانەی قەراغ گوندی کاریان دەکرد، کە دەوڵەت تریاک و خاش خاشی لێ بەرهەم دەهێنا و دەیانگوت بۆ دەواودەرمانی پزیشکی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لە ئەفغانستانەوە هاتبوون. وەستا و شاگردی شیرەکێشی گوڵە خاش خاش بوون. شوێنی پشوودانیان کەلاوە خانوویەکی قوڕینی ماڵە کوێخا مارف بوو. هەموو ئێوارەیەک و دوای گەڕانەوەیان لە شوێنی کار، ژن و منداڵ و پیر و جوان دەهاتنە سەربانەکانی دەوروبەری خانووە قوڕینەکە و تریاکبڕە ئەفغانییەکان نمایشیان بۆ خەڵکی دێ

دەدا.....زمانێکی هاوبەش بوو کە زۆر زیرەکانە بۆ لێکتێگەیشتن لە دەرد و ئازارەکانی یەکتر دۆزیبوویانەوە.... هەر رۆژە گۆشەیەک لە ئازار و نەهامەتییەکانی و ژیانی خەڵکی ئەفغانستان و گوندەکەی خۆمانیان نمایش دەکرد. تا ئەو کات تەنیا شتێکی کە ئێمە و پێش ئێمە دیتبوویان، تەنافباز و لۆتی و یاری بووکەڵە بوو کە پێیان دەگوت "بیج بیجە خانم" کە ئەویش ساڵی یەک دوو جار رێیان دەڵای ئێمە دەکەوت. شانۆ و نمایشی تریاکبڕە ئەفغانییەکان زۆر جیاواز بوو. چێژی تایبەتی بە خەڵکی گوندی دەبەخشی و هەموو لایەک خۆیان تێدا دەدیتەوە. حەوشەی ماڵی "کوێخا مارف"یان هەموو کێڵابوو و دێبەر و مووچە و مەزرایەکی ژێکەڵانەی بچکۆلەیان بۆ شانۆکانیان دروست کردبوو. زۆر سرووشتی دەچوونە ناو دەورەکانی خۆیانەوە و ژیانی وەرزێری و ئاژەڵداری و کاریی خۆیان و خەڵکیان بە شێوازێکی کۆمێدیا و پێکەنینی دەخستە ڕوو....ئای چەند خۆش بوو کاتێ یەکیان دەبوو بە ئاودێر و ئەوەی دیکە دادەهاتەوە و دەمی بە زارکی ئافتاوەیەکەوە دەنا و دەبوو بە ماتۆری ئاوێ و یەکیان لە پشتەوەڕا هەندیلی لێ دەدا و ئەویش چەند جار تەپە تەپە و تڕە تڕی دەکرد و پاشان هەڵدەبوو و فووی دەزارکی مەسینەکە دەکرد و لە لوولەی مەسینەکەوە ئاو فڕێی دەدا دەرێ و دەڕژایە جۆگەی دێبەرەکە و هەموو پێی وەسەر پشتی دەگەڕاین. هەر رۆژێ ئۆینێک و سووژە و بەرهەمێکی نوێیان پێ بوو.... بە زمانی هونەر دەگەڵمان دەدوان و سنوورە دەستکردەکانی نێوان مرۆڤایەتییان بە هونەر وەڵام دەدایەوە.... ئەو بەزم و رەزمە نزیک بە مانگێک درێژەی هەبوو.... میوانە تریاکبڕە ئەفغانییەکانی ئاوایی بەرەو دیاری خۆ گەڕانەوە، بەڵام خۆشترین بیرەوەری و گەورەترین خەڵات و دیارییان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت و بناغەی یەکەم گرووپی شانۆی کوردییان لە دەشتی سندووس دامەزراند و شانۆیان پێ ناساندین.

تێبینی: ئەم رووداوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نیزامی پاشایەتی و پێش شۆڕشی گەلانی ئێران!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی - مای ٢٠٢٠ی زایینی

# "سوێند"

سوێندم بە ئاردەتوو و گاتوو    بە دار مازوو، گەزۆ و سنجوو
بە گەڵوان و گێوژ و بەڕوو    بە نێوکی خرچە و قەرەڵوو
بە قاوت و گیپە و گندۆرە    بە خۆشاو و ترێ و قۆرە
بە قەیسی و خۆخ و هەڵووچە    بە سێو و شووتی و مالۆچە
بە گیابرژیوە و ترشۆکە    بە دوو لاگوپی گردتۆکە
بە کوڵمی سووری تەماتە    بە ئاوەچۆڕەی زەڵاتە
بە تەڕەتیزە و کوڕادە    بە بەربەسێڵێکی سادە
بە بیزا و کەوەر و پونگە    بە کوپە و دەرخۆنە و تونگە
بە لووشە و کەلانە و پیواز    بە سەرتۆی شیری مانگا باز
بە گێلاخە و هارۆ و ڕێواس    بە مەڵەغان و شەنە و داس
بە ئەسپینگ و بە پێ قەلە    بە سەوەتە و دیزە و سەلە
بە گێلاس و ئاڵووباڵوو    بە چەقالە و هەرمێ و هڵوو
بە پرپرە و بیزا و مەندۆک    بە کوارگ و خەرتەلە و کیفۆک
بە ماست و کەنگر و دۆکلێو    بە مازەپشت و بەز و پیو
بە تەڕەتیزە و هەندرێشە    بە مووچە و دێبەر و مێشە
بە گۆشت کەروێشک و سەنگەسیر    بە لۆرک و شیرێژ و پەنیر
بە گەوە و رەوەز و هەڵدێر    بە بەربێر و تاوڵ و هاوێر
بە هۆبەو هەوارو کوێستان    لەبیرت ناکەم کوردستان!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی:

---

## هەمزە ئاگوشی لە چەند دێڕێکدا:



* هەمزە ئاگوشی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە ئاوایی "خەلیفەلیان"ی ناوچەی سندووسی نەغەدە، لە بنەماڵەیەکی جووتبەندەدا چاوی بە دنیا هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە خوێندووە و پاشان ماڵیان چووەتە شاری مهاباد و قۆناغی ناوەندیی خوێندنی لەو شارە درێژە پێ داوە..لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا لە کۆرسی منداڵانی یەکێتی لاوانی حیزبی دێموکراتدا سروودی شۆرشگێڕی گوتووەتەوە.

* ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی تێکەڵ بە کاری سیاسی و پێشمەرگانە بووە.

* ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی گواستراوەتەوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب و کاری ڕۆژنامەوانی لە ڕادیۆ و چاپەمەنی حیزب دێموکراتەوە دەست پێ کردووە . پاشان دەبێتە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی کۆمەڵەی کاریکاتێریستانی کوردستان. بێجگە لە ڕاپەڕاندنی کار و بەرپرسایەتییە حیزبییەکان، لە ماوەی ٢٤ ساڵ کاری ڕۆژنامەوانیدا وەکوو کادری "ڕادیو دەنگی کوردستان" و لە ڕۆژنامەکانی "کوردستان"، "کوردستان ڕاپۆرت"، "هەولێر" و هەروەها گۆڤارەکانی "سەرماوەز"، "بەڕوو"، "وەرزش"، "ئەدەب و هونەر" و " ئەوین" و ماڵپەڕەکانی "کدپمیدیا" و "ڕۆژهەڵات تایمز" وەک نووسەر و سەرنووسەر و هەواڵنێر و زمانکار و هەڵەچن کاری کردووە.

* خاوەنی ٢ کتێبی وەرگێڕانە بە ناوەکانی "منم بووکی بن لادن" و "مەلاو سێدارە". هەروەها خاوەنی چەند سروودێکی شۆڕشگێڕانەیە کە لە سەردەمی شاخدا گوتوویەتی٠کاری نووسین و دەرهێنانی بۆ چەند شانۆیەک کردووە کە دەکرێ ئاماژە بە "شەمۆو ڕەشماڵی کوردەواری"، "یادگارەکان"، "فرمێسکی ژن" و "دەرگا داخراوەکان" بکرێ کە کاتی خۆی دەنگدانەوەیەکی

زۆریان هەبووە. - کاری پێداچوونەوەی بۆ چەندین کتێبی نووسەران کردووە و لەگەڵ ئەوانەشدا شیعر و ئاوازی بۆ زۆر گۆرانی و سروود داوەتە چەند هونەرمەندێکی ناسراوی نەتەوەکەمان - لە چەند فیلم و درامای نۆروێژیدا دەوری سەرەکی گێڕاوەو خاوەنی دەیان نووسین و وەرگێڕان و بابەت و شیعرو چیرۆکە و رۆمانێکیشی ئامادەی چاپە. نیشتەجێی شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆڕویژەو ئێستاش سەرەڕای بەردەوامی لە کاری سیاسی و ئەدەبی و هونەری، درێژە بە ئەرکی رۆژنامەوانی خۆی دەدا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٩

-------------------------------------------




**سڵاو و ڕێز لە بنەماڵەی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر هەمزە ئاگوشی**




**پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین هاوڕێ هەمزە ئاگوشی**